داینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالّیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٢٣
٣٠ی ڕەزبەری ١٣٨٤
٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

## سووریە لە تیرۆری ڕەفیق حەریریدا دەستی هەبووە

ڕاپۆرتی "مەلیس" مافناسی ئەلّمانی کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بۆ لێکۆلّینەوە لەبارەی تیرۆری ڕەفیق حەریری ڕاسپێردرابوو، سووریەو هاوپەیمانەکانی لە لوبنان بە دەستهەبوون لە تیرۆری ئەو کەسایەتییە سیاسییە خۆش ناوەی لوبنان تاوانبار کرد. ئەم ڕاپۆرتە کە ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبر پێشکێشی کوفی عەننان کرا دەلّێ: عەبدولڕەحیم موراد وەزیری پێشووی دیفاعی لوبنان، ناسر قەندیل نوێنەری پێشووی مەجلیس، ڕاید فەخرەدین لە ڕاوێژکارانو کەسانی نزیکی عومەر کەڕامی سەرۆک وەزیر کە لە دوای تیرۆرەکە دەستی لە کار کێشایەوە، ڕۆلّێکی گرنگیان لەم تیرۆرەدا هەبووە. لە ڕاپۆرتەکەدا ناوی دوو کەس لە کاربەدەستانی سووریە هاتوە کە دەستیان لەم تیرۆرەدا هەبووە، یەکیان ڕۆستەم عەزالە سەرۆکی دەزگای جاسووسیو ئەمنییەتیی سووریە لە لوبنان لەنێوان سالّانی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٥ دایە.

بەدوای بلاّو بوونەوەی ئەم هەوالّەدا، گۆڤاری "نیوزویک" لە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر سووریە دوا.

## بەشداریی شاندێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی تەرمی ژمارەیەك لە بارزانییە ئەنفال کراوەکان دا



ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣٨٤/٧/٢٥(٢٠٠٥/١٠/١٧) شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان محەممەد نەزیف قادری

ئەندامی دەفتەری سیاسیو کەمالّ کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی تەرمی پۆلّێك لەو ٨٠٠٠ بارزانییەی کە بە دەستی غەدرو تاوانی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس لە سالّی ١٩٨٣ی زایینیدا ئەنفال کرابوون، بەشدارییان کردو هاودەردیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە بنەمالّەی ئەو شەهیدە سەربەرزانەو مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستانو پارلمانو حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

شایانی باسە شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە جەریانی ئەو ڕێوڕەسمەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر پێکی هێنابوو چاویان کەوت بە دەیان کەس لە کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان.

## گرژی لە پێوەندیی نێوان بریتانیاو ئێران دا



"جەك ستراو" وەزیری دەرەوەی بریتانیا ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبر ئاشکرای کرد کە ولاّتەکەی کۆمەلّێك بەلّگەنامەی داوە بە دەولّەتی عێراق کە دەسەلّمێنن حکوومەتی ئێرانو حیزبوللاّی لوبنان دەست لە کاروباری عێراق وەردەدەن.

ئاسوشیتێدپرێس لە زمانی جەك ستراوەوە گوتی بەلّگەنامەکان دەری دەخەن کە ئێران و حیزبوللاّی لوبنان دەستیان لە دابین کردنی ئەو چەكو تەقەمەنییانەدا هەیە کە لە عێراق دا بە دژی هێزەکانی بریتانیا بەکار دەهێنرێن.

کاربەدەستە پایەبەرزەکانی بریتانیا لە چەند مانگی ڕابردوودا چەند جار حکوومەتی ئێرانیان بەدەستهەبوون لە ئاژاوەو خراپکاری وکردەوەی تیرۆریستی بە دژی هێزەکانی بریتانیا لە عێراق تاوانبارکردوە.لە بەرامبەردا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش بەدوای دوو تەقینەوەی ئەم دوایییانە کەڕۆژی شەممە ١٥ی ئۆکتۆبر لە ئەهواز ڕوویان داو بوونە هۆی کوژران وبریندا بوونی دەیان کەس، دەولّەتی بریتانیای تاوانبار کردو ڕای گەیاند کە ئەنجامدەرانی ئەو تەقینەوانە لە خاکی عێراق دا ڕاهێنراون.

لەم پێوەندییەدا ئەلێکس وەتەنخا ڕاڤەکاری سەربە دامەزراوی لێکولّینەوەیی جێنزی لەندەن لە وتووێژێکی ڕادیویی لەگەلّ ڕادیو فەردا دا گوتی: ئەم دوو ولاّتە لە دوو بواری دیاریکراودا تێك گیراون. یەکیان بەرنامەی ناوکیی ئێرانەو ئەوی دیکە ئەو مافەیە کە ئێران لە بارەی ڕۆلّی لە گۆڕەپانی سیاسەتی عێراق دا بۆ خۆی دەیهەوێ.

## ژمارەی قوربانییەکانی بوومەلەرزەی هیندو پاکستان لە سنووری ٥٠ هەزار کەس تێ پەڕی



بوومەلەرزەی ٧/٦ ڕیشتێری هیندو پاکستان کارەساتێکی گەورەی مرۆیی لێکەوتەوە. بە گوێرەی دواهەوالّەکان، ژمارەی کوژراوەکان لە ٥٤ هەزار کەس تێپەڕیوە. ئەم بوومەلەرزەیە لە ١٠ی ئوکتۆبردا ڕووی داو ناوچەیەکی بەرین لە نێوان هیندو پاکستانی گرتەوە. بەشێکی گەورە لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان لە ناوچە شاخاوییەکان هەلّکەوتوونو هەلومەرجی نالەباری کەشوهەواو بارینی بەردەوامی بارانو هێندێك جار بەفر، هەلّسووڕانی گرووپە فریارەسەکانی لەگەلّ گرفت بەرەڕوو کردوە. گرووپە فریارەسەکان لە گوندە دوورەدەستە بوومەلەرزەلێدراوەکان بەسەر زۆریی تەرمەکان دا دەکەون. هەر دوو بەشی کەشمیر ( کە یەکێکیان لە ژێر کونترۆلّی هیندوستانو ئەوی دیکە لە ژێر کونترۆلّی پاکستان دایە) زۆرترین زیانیان لەم بوومەلەرزەیە پێگەیشتوە. پێنج یەکی گوندە دوورەدەستەکان تەنانەت ٨ ڕۆژ دوای بوومەلەرزەکەش، هیچ گرووپێکی فریارەسیان پێنەگەیشتبوو.

نیگەرانیی ئەوە هەیە کە ژمارەی قوربانییەکان سەر لە ١٠٠ هەزار کەس بدا. ژمارەی قوربانییەکان لە نێو ٢ میلیۆن ئاوارەو بێمالّوحالّی ئەم بوومەلەرزەیەدا، هەر لە زیادبوون دایە کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ باری خراپی کەشوهەوا، نەبوونی پێداویستییە سەرەکییە بەپەلەکانو گیروگرفتو کەندوکۆسپ لەسەر ڕێی یارمەتیگەیاندن. **BBC**

## زیاتر لە سەدی ٦١ی خەلّکی عێراق لە ڕیفراندۆم بۆ ڕەشنووسی دەستووری ولاّتەکەی خۆیان دا بەشدار بوون

وتەبێژی کۆمیسارییای بەرزی هەلّبژاردنی عێراق سەربە ڕێکخراوە نەتەوەیەکگرتووەکان، گوتی ڕیفراندۆمی ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٥ی عێراق، لە کەشوهەوایەکی ئارامو جێگای ڕەزامەندیدا بەڕێوە چوو. خەلّکی کوردستانو زۆربەی پارێزگەو ناوچەکانی دیکەی عێراق، سەرەڕای هەڕەشەکانی پێشووی تیرۆریستەکانو تاقمەکانی دژی جێگیربوونی دێموکراسیو سیستەمێکی فیدرالّی لە عێراقو ئەگەری تەقینەوە لە ناوەندەکانی دەنگدان، لەو ڕیفراندۆمەدا بەشدار بوونو زۆرایەتی دەنگدەران، دەنگی "بەلّێ"یان بە ڕەشنووسی دەستوور داوە. خەلّکی پارێزگای ئەنبار کە سوننی مەزهەبن، ئەم دەستوورەیان ڕەد کردۆتەوە. لە پارێزگاکانی سەلاحەدینو نەینەواش ژمارەی ئەو کەسانەی دەنگی "نا"یان بەم دەستوورە داوە لە سەرێیە. ئەگەر ژمارەی ئەو ئوستانانەی دەستووریان ڕەت کردۆتەوە نەگەیشت بە ٣ پارێزگاو زۆرترین پارێزگاکانو زۆرایەتیی دەنگدەران دەستووریان تەئیید کردبوو، ئەم ڕەشنووسە وەك دەستووری نوێی عێراق کە لە لایەن خەلّکی ئەو ولاّتەوە قەبوولّ کراوە، سەیری دەکرێو دەبێتە بناغەی قانوونەکانی لەمەودوای عێراق.

کوفیعەننان سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، جۆرج بووش سەرکۆمارو کاندۆلیزارایس وەزیری دەرەوەی ئامریکا پێشوازییان لە بەشداریی خەلّکی عێراق لەو ڕیفراندۆمەدا کردو بە هەنگاوێکی گرینگ لە ڕەوتی جێگیرکردنی دێموکراسی لەو ولاّتەدا ناویان برد. پێویستە بگوترێ کە زیاتر لە سەدی ٦١ی خەلّکی عێراق لەو ڕیفراندۆمەدا بەشدار بوون. ئاکامی یەکجاریی ئەو ڕێفراندۆمە هێشتا ڕانەگەیەندراوە.

## سزای کەبوودوەند، سالّێك زیندان، پێنج سالّ بێبەشی لە کاری ڕۆژنامەنووسیو داخرانی حەوتوونامەکەی



محەممەد سەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووسی کورد بە سالّێك زیندانو پێنج سالّ بێبەشی لە کاری ڕۆژنامەنووسی مەحکووم کراو حەوتوونامەکەی "پیام مردم"یش داخرا.

کەبوودوەند، خاوەن ئیمتیاز، بەرپرسو بەڕێوەبەرو سەرنووسەری حەوتوونامەی سەربەخۆو ناحکوومەتیی "پیام مردم"، ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژی ئەمسالّ لە لقی یەکی دادگای سنە موحاکەمە کرا. ئەو تاوانانەی درابوونە پالّ ناوبراو بریتی بوون لە ١ـ بلاّوکردنەوەی درۆ بە مەبەستی شێواندنی زەینی گشتی ٢ـ پێکهێنانی ناکۆکی لە نێوان توێژەکانی کۆمەلّ بە هۆی هێنانەگۆڕی کێشە ڕەگەزیو قەومییەکانو هەلّبژاردنی سەردێڕی دنەدەرانە.

بەرپرسو بەڕێوەبەری حەوتوونامەی "پیام مردم" لە کاتێکدا موحاکەمە کرا کە پارێزەرەکەی، بەڕێز عەبدولفەتاح سولّتانی لە زیندان دا بوو. پێویستە بگوترێ تاوانبارکردنی دەولّەتی کۆماری ئیسلامی بە دەستهەبوون لە تیرۆری ڕێبەرانی کورد (ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)و قەتلّە زنجیرەییەکان، هەروەها تاوانبارکردنی دەولّەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕاگرتنی خەلّکی کوردستان لە بێبەشیی ئابووریداو جیاوازیدانانی قەومیو ڕەگەزیو پەرەپێدانی ناکۆکیو دوژمنی لە نێو کەمایەتییەکان لە لایەن کاربەدەستانی دەولّەتەوە، بەشێك لەو تاوانانە بوون کە درابوونە پالّ بەڕێز کەبوودوەند.

بەڕێز کەبوودوەند، جۆزەردانی ئەمسالّ بە دوای سکالاّی ئیدارەی ئیتلاعاتی کوردستان، گیراو دوابەدوای زیندانیکرانی ناوبراو، حەوتوونامەی "پیام مردم" پاش دەرچوونی ١٢ ژمارە، داخرا. ژمارە ١٣ی ئەم حەوتوونامەیەش کە لە ژێر چاپ دا بوو، لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی تارانەوە کۆکرایەوەو دەستی بەسەردا گیرا.

## سوپای پاسداران بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانی گرتە دەست

ڕۆژنامەی ساندی تێلێگراف، چاپی لەندەن، ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی ڕەزبەر، نووسی: حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەرنامە ناوکییەکانی خۆی بە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی کە توندڕەوترین لقی نیزامیی ولاّتە، سپاردوەو، مەحموودی ئەحمەدینەژاد میانەڕەوەکانی لە کابینەو ئوستانداریەکان وەلا ناوەو مۆرە توندڕەوەکانی لەسەر پۆستە بەڕێوەبەرییەکان داناوە.

ساندی تێلێگراف لە زمانی مەئمورێکی ئیتلاعاتیی ئەمریکاوە نووسی: مەسەلەی بەرنامەی نهێنیی ئەتۆمیی ئێران بە پێچەوانەی چەکە ناوکییەکانی عێراق کە پێش شەڕ دەگوترا ئەو ولاّتە هەیەتی، شتێکی ڕاستە. ئێران خاوەنی بەرنامەی چەکی ئەتۆمییەو لەوەدا هیچ گومانێك نیە.

زۆربەی پۆستەکان سپێردراون بە ئەندامانی سوپای قودس کە ئەحمەدی نەژاد بۆخۆشی کاری تێدا کردوەو، پلەی سەرلەشکریی لەوێدا هەبووە. سوپای قودس بەرپرسی هەموو هەنگاوە تیرۆریستییەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی دایەو بە یەکێك لە پشتیوانە گەورەکانی حیزبوللاّی لوبنان دەژمێردرێ.

## جێگەی ئێران لە جیهانی ئەمڕۆدا!

**لەماوەی کەمتر لە حەوتوویەك دا چەند ڕاپۆرت لەلایەن ڕێکخراوو دامەزراوە نێونەتەوەیییەکان بلاّو بوونەوە کە ئێرانی ژێر دەسەلاّتی کۆماری ئیسلامی لە هەمووی ئەو ڕاپۆرتانەدا، لە پلەبەندی جیهانیدا جێگەیەکی تایبەتیی هەیە. ئێران، بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئەم دامەزراو و ڕێکخراوە نێونەتەوەییانە لە ڕیزی یەکەم ولاّتانی جیهان دایە، بەلاّم نەك لەباری پێشکەوتنو پەرەپێدانو ڕێزنان لە ئازادیو مافە ئینسانییەکان. بەلّکوو بەهۆی هەبوونی خراپترین کارنامە لە هەریەك لەم بوارانەدا. پێکەوە چاو بە جێگەی ئێران لە هەلّبژاردەیەك لەم چەند ڕاپۆرتە نێونەتەوەییەدا دەخشێنین:**

### ڕاپۆرتی ٢٠٠٥ی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی تیشك خستنە سەر گەندەلّیی بەرپرسانی دەولّەتی

ئێران بە وەدەستهێنانی پلەی ٩٣ لە پێوەر (شاخص)ی گەندەلّیی بەرپرسانی دەولّەتیدا، ٥ پلە هاتە خوار. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ٢٠٠٥ی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی تیشك خستنە سەر گەندەلّی لە ١٥٩ ولاّتی جیهان دا، ئێران پلەی ٩٣ی وەدەست هێنا کە بە بەراورد لەگەلّ پلەی ٨٨ لە سالّی ڕابردوودا، ٥ پلە دابەزیوە. ئەم ڕاپۆرتە بەپێی ١٦ لێکۆلّینەوە لەلایەن ١٠ دامەزراوی نێونەتەوەیی ئامادە کراوە.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی تیشك خستنە سەر گەندەلّیی بەرپرسانی دەpولّەتی، نومرەی بەربەرەکانی لەگەلّ گەندەلّی لە ولاّتان دا بە ١ هەتا ١٠ دیاری دەکا. نومرەی ١٠ نیشاندەری کەمترین گەندەلّیو نومرەی ١ نیشاندەری زۆرترین گەندەلّییە. ئێران لە ڕاپۆرتی سالّی ٢٠٠٥دا، لە ١٠ نومرەی ٢/٩ی وەرگرتوە کە لەچاو سالّی ڕابردوو گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە.

### ڕاپۆرتی سالاّنەی کۆنفێدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەکیەتییە کرێکارییە ئازادەکان

کۆنفێدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەکیەتییە کرێکارییە ئازادەکان لە ڕاپۆرتی سالاّنەی خۆیدا، ئێرانی وەك یەکێك لە پڕمەترسیترین ولاّتانی جیهان بۆ یەکیەتییە کرێکارییە ئازادەکان ناو بردوە. ڕاپۆرت لەپێوەندی لەگەلّ ئێران دا باسی کوژرانی ٤ کەس بە دەستی پۆلیسو گیرانی دەیان کەسی دیکەو چەندین نموونەی هێرش بۆ سەر مالاّنو ئەشکەنجەو ئازاری مرۆڤەکان لەپێوەندی لەگەلّ خۆپێشاندانی کرێکاریو داوای سینفیدا دەکا. لەم ڕاپۆرتەدا مەحموودی سالّحی وەك یەکێك لە بەڕێوەبەرانی یەکیەتییە کرێکارییەکانی ئێران ناوی هاتوە کە لەلایەن بەرپرسانەوە هەڕەشەی لێ کراوەو لەگەلّ ٦ کەسی دیکە لە تێکۆشەرانی خەباتی کرێکاری بە تاوانی هاوکاری لەگەلّ ڕێکخراوە چەپەکان دا کە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە ناقانوونین گیراوەو، نیگەرانیی ئەوە هەیە کە ئەگەر مەحکووم ببێ، ئێعدام بکرێ.

لە حالّێك دا کۆنفێدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەکیەتییە کرێکارییە ئازادەکان ئێرانی لەر یزی ولاّتانی مەترسیدار بۆ تێکۆشانی خەباتی کرێکاری ناو بردوە، ڕەخنەیەکی دیکەشی لێ دەگیرێ کە زۆر لە چاوەدێرانو شارەزایانی سیاسەتەکانی دەولّەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕاستی دەزانن. ئەویش ئەوەیە کە ڕێکخراوە سینفییەکانی ئێران زۆربەیان بە جۆرێك بەستراوە بە حکوومەتنو سەندیکاکانو یەکیەتییە کرێکارییەکان، تەنانەت ئەگەر لەلایەن قانوونیشەوە بە ڕەسمی ناسرا بن، بە کردەوە دەرەتانی تێکۆشانی سەربەخۆیان نیە.

### پێرستی سالّی ٢٠٠٥ی ڕیزبەندیی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی لەلایەن هەوالّنێرانی بێسنوورەوە

ڕێکخراوی هەوالّنێریی بێسنوور چوارەمین ڕیزبەندیی ئازادیی چاپەمەنیی بلاّو کردەوە. لە خوارترین ڕیزەکان دا، کۆریای شیمالی (١٦٧)، ئێریترە (١٦٦) و تورکەمەنستان (١٦٥) هەلکەوتوون کە بە خالّی ڕەشی جیهانی ڕاگەیاندن دادەنرێن. لەنێو ١٦٧ ولاّتی جیهان، کۆماری ئیسلامی مەقامی ١٦٤ی هەیە. ئێران لە مەقامی ١٦٤ی ئەو پێرستەدا، هێشتا لە بواری ئازادیی چاپەمەنیدا، بەهۆی هەبوونی ٧ ڕۆژنامەنووسی زیندانیو ٤ ڕۆژنامەنووسی دیکە کە هەر هاکا گیرانەوە، بە چرای سووری سەرجەمی ناوچەکە دادەنرێ. سەرچاوە: اخبار روز، ایران امروز

داخوازیی مامۆستایان هەروا بێ وەلاّم ماوەتەوە ٢
تورکیە لەبەردەم قەیرانی ئەندامەتیی یەکیەتیی ئورووپاو کێشەی کورد ٢
یەك ولاّتو یەك نەتەوە، واتە شۆڤینیزمی هومایوونی ٤
پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی لە ڕوانگەی یاسای نێودەولّەتییەوە ٨
نەتەوەو ناسیونالیزم لە دیمانەیەك لەگەلّ حەسەن ئەیوب زادە ( گۆران )دا ١٠
خەلاّتی ئاشتیی نۆبێلی ئەمسالّ بەرەسمی ناسینی مەترسییەکی گەورە لەسەر مرۆڤایەتی ١١

# داخوازیی مامۆستایان هەروا بێ وەڵام ماوەتەوە

مامۆستایانی هەر وڵاتێك نەخش و کاریگەریی بەرچاو و حاشا هەڵنەگریان لە پەروەردە کردن و ئامادە کردنی خەڵکی ئەو وڵاتە دا بۆ ژیانێکی باشتر و روو لە گەشە هەیە. لە دونیای ئەمرۆ دا بۆ هەڵسەنگاندن و لێك دانەوەی رادەی پێشکەوتن یا دواکەوتنی وڵاتێك ئاست و پلەی پەروەردە و فێر کردنی ئەو وڵاتە وەك یەکێك لە پێوانەکان لەبەرچاو دەگرن. گومانیش لەوەدا نیە کە گەورەترین هۆی پێشکەوتنی پەروەردەیی وڵاتان، مامۆستانن. لەو نیوەدا ئێرانیش یەکێك لەو وڵاتانەیە.

بەپێی رێژەی زیاد بوونی حەشیمەتی ئێران ساڵانە پتر لە یەك میلیون منداڵ پێویستە پێ لە قوتابخانە بنن کە ئەرکی بارهێنانیان دەکەوێتە ئەستۆی مامۆستایان. ئەگەر ئەو چاوەروانیە لە مامۆستایان کە دەبێ ئەرکی خۆیان بە جوانی و بە رێکوپێکی بەرێوەبەرن دروست بێ (کە دروستە)، بەرز کردنەوەی ئاستی ژیانی مادی و مەعنەویی ماموستایانیش لانی کەم تا ئاستێکی نورماڵ لەلایەن حاکمییەتەوە دەبێ دروست بێ. بەداخەوە لە وڵاتانی دونیای سێهەم و یەك لەوان ئێران دا کەمترین رادەی بایەخ بە مامۆستایان دەدرێ. زۆرجار یەکێك لەو بیانوانەی کە لەلایەن کاربەدەستانەوە بۆ پاساودانی ژیانی شپرزەی ماموستایان دێننەوە، ئەوەیە کە گوایە رادەی ماموستایان بە نیسبەتی موچەبگیرانی دامودەزاگاکانی دیکەی وڵات زۆرترە و بردنەسەری پلەی ژیانیان بوودجەیەکی زۆری دەوێ و رێژیم لە توانای دا نیە دابینی بکا. بەڵام ئەو پاساو هێنانەوەیە هیچ کات لەگەڵ راستی دا نەهاتۆتەوە و نایەتەوە. ئەگەر چاو لە ژمارەی هێزە نیزامی و ئینتیزامی و دەزگا ئەمنییەتیەکان لە ئێران دا بکەین. زۆر بە ئاسانی دەردەکەوی کە ژمارەی مامۆستایان زۆر لەوانە کەمترە. کەچی ئەو هێزانە لەچاو مامۆستایان گیروگرفتێکیان لەباری ژیانی مادی یەوە نیە.



رێژیمە دیکتاتۆرەکان لەبەر مانەوە، خۆیان بەستراوە بە هێزە ئینتزامییەکانو دەزگا داپلۆسێنەرەکان دەبینین، بوودجەیەکی زۆر لە داهاتی وڵات بۆ خزمەت بەو توێژانە و رازی کردنیان تەرخان دەکەن و زیاتر لەوەش بۆ کەرەستەی شەڕ و پێداویستییەکانی سەرکوت دابین دەکەن. لە حاڵێك دا لە وڵاتانی دێموکراتیك و گەلی و پێشکەوتوودا لەگەڵ ئەوەی بایەخ بە هێزە نیزامی و ئینتزامییەکان بە مەبەستی پاراستنی وڵات و دابین کردنی ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵکەکەیان دەدەن. هاوکات ژیانی مامۆستایانیش دابین دەکەن و ئەو توێژە ناکەنە قوربانیی هێزە نیزامییەکان.

مامۆستایانی ئێران چەندین ساڵە بۆ دابین کرانی داخوازە سینفی و پێشەیی و فەرهەنگییەکانیان بەشێوەی جۆراوجۆری ئاشتیخوازانە وەك رێپێوان، مانگرتنو ... خەبات دەکەن کە بە داخەوە داخوازەکانیان هەروا بێ وڵام ماونەتەوە. لە ئاخرین کۆبوونەوەی رێکخراوە پیشەیەکانی مامۆستایانی سەرانسەری وڵات کە لە رۆژەکانی ٢٣ و ٢٤ی مانگی خەرمانان دا لەشاری ئەردەبیل بەرێوە چوو جارێکی دیکە مامۆستایان کۆمەڵە داخوازێکیان گەڵاڵە کرد و پێشکەشی بیرورای گشتی و دەزگا پەیوەندی دارەکانی رێژیمیان کرد. ئەگەر چاوێك بەو داوایانەدا بخشێنین رەوابوونیان زۆر بە ئاسانی دەردەکەوێ و ئەو داخوازانە لانی کەمی داخوازی توێژێکی زەحمەتکێشی ئەو وڵاتەن.

بۆ زیاتر روون بوونەوی داخوازەکان هەرچەند بە کورتیش بێ ئاورێکیان لێ دەدەینەوە لە کۆی ٦٥ خاڵی داواکانیان تەنیا یەك خاڵ تەرخان کراوە بۆ بایەخدان بە ژیانی ماددیی ئەو مامۆستایانە ئەویش نە بە شێوەیەکی زێدەخوازانە بەڵکوو داوایەکە بۆ لابردنی بێ عەدالەتی و لەنێو بردنی هەڵاواردن و "تبعیض" لەنێوان توێژی مامۆستایان و باقیی مووچەخورانی رێژیم و یەکسان کردنی ئاستی مووچەی مانگانەی ماموستایان لەگەڵ باقیی مووچەخوران.

لە ٥ خاڵەکەی دیکەدا داوای لابردن و نەهێشتنی ئەو کەندوکوسپ و تەگەرانە دەکەن کە لە بەردەم ئەو توێژە زەحمەتکێشە دا دانراوە. لە روانگەی مامۆستایانەوە کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتییان لە ئەسپاردنی ئەرك و بەرپرسایەتی دا لەبەرچاو نەگیراوە. هەروەها داواکارن وەزیرێکیان بۆ دەست نیشان بکەن کە لەگەڵ گوێ گرتن لە داخوازە رەواکانیان توانا و ویستی جێبەجێکردنی ببێ.

داوا دەکەن بە پێی یاسای حزبەکان دەرەتانی بە فەرمی تێکوشان بە رێکخراوە پیشەیی یەکانی مامۆستایان بدرێ و رێکخراوی دیکەش دابمەزرێ. ئەوان داواکانیان لە چوارچێوەی ئەو یاسا ناتەواوانەش دان کە رێژیم بۆ خۆی دایناون. کەچی رێژیم تەنانەت لە دابین کردنی ئەو داخوازانەش خۆی دەبوێرێ.

یەکێکی دیکە لە داواکانی مامۆستایان ئەوەیە کە ئەو مامۆستایانە کە بە تاوانی دیفاع لە داخوازە پیشەییەکانیان و داکۆکی کردن لە باشترکرانی ژیانی مامۆستایان لە لایەن دەزگای قەزایی و ئەمنییەتیی وڵاتەوە پەروەندەسازی یان بۆ کراوە و خراونەتە ژێر چاودێری و لێپرسینەوە بەبێ تاوان بناسرێنو دەست لە پەروەندەسازی بۆیان هەڵگرن.

بەتێکرا هەم داواکانی مامۆستایان زیادەخوازی نیە، هەم شێوەی تێکوشانیان بۆ جێ بەجێ کرانی ویستەکانیان لە چوارچێوەی یاسا ناتەواوەکانی رێژیم دەرناچێ. لەگەڵ ئەوەی ئێمە جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆمان لە داخوازی مامۆستایان دەردەبڕین خوازیاری جێ بەجێ بوونیشیانین.

بەڵام بەداخەوە هەروەك باس کرا لە چوارچێوەی رێژیمێکی دیکتاتور و پشت ئەستوور و پشت بەستوو بە زەبر و زەنگ نەتەنیا داواکان بەرێوە ناچن بەڵکو خەڵکیش بە تاوانی داخوازە رەواکانیان دەکەونە بەر ئەزیەت و ئازار و ئەشکەنجە و زیندان. تەنیا ئەو کەسانە لەو جۆرە رێژیمانەدا داخوازەکانیان لەبەرچاو دەگیرێن کە پشتیان لەگەل کردبێو لە خزمەتی پاراستی دیکتاتۆرو سیستمی دیکتاتۆریدا بن.

***

# تورکیە لەبەردەم قەیرانی ئەندامەتیی یەکیەتیی ئورووپا و کێشەی کورددا

رۆژی ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٥، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، پاش وتوویژو باسێکی زۆر، سەرئەنجام گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە وتووێژەکانی ئەندامەتیی تورکیە لەو یەکیەتییەدا بەرەسمی دەست پێ بکا. بۆ ئەو مەبەستە تورکیە گەڵاڵەیەکی چاکسازیو پێشکەوتنی سیاسی، ئابووریو کولتووریی لە بەردەم دانرا تا لە رەوتی ئەندامەتیی یەکیەتیی ئورووپادا لانیکەم ١٠ ساڵ دەخایەنێ جێبەجێی بکا. ئاکامی دانیشتنەکانی ٣ی ئۆکتۆبری سەرۆکی ٢٥ ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا لە لوکزامبورگ، لە روانگەی دەوڵەتی تورکیەوە سەرکەوتنێکی گەورە بە حیساب هاتوە. راگەیەنە گشتییەکانی ئەو وڵاتە رۆژی ٣ی ئۆکتۆبریان بە دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی تورکیەو هاتنەدیی ئامانجەکانی مستەفا کەمال (ئەتاتورك) دامەزرێنەری کۆماری لائیکی تورکیە، ناو بردوە.

ئوولی رەهن، سەرۆکی کۆمیسیۆنی پەرەپێدانی یەکیەتیی ئورووپا لە سەردانی رۆژی ٦ی ئۆکتۆبری بۆ ئانکارا، گەڵاڵەی ئامادەکراوی ئەو کۆمیسیۆنەی کە بریتییە لە خشتەی ئەو چاکسازیو پێشکەوتنانەی پێویستە تورکیا بەر لە بوونە ئەندام رەچاویان بکا، پێشکەش بە بەرپرسانی ئانکارا کرد. هەرچەند ئەو گەڵاڵەیە تا مانگی دێسامبری داهاتوو بڵاو ناکرێتەوە، بەڵام بە گوێرەی راپۆرتی ئاژانسی سی. ئێن. ئێن تورك، ئیسلاحاتی ئابووری، کولتووریو سیاسی، بۆ وێنە دابینکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، بەرەسمی ناسینی بەشی یۆنانینشینی قیبرس، دانهێنان بە کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنییەکانی ئەو وڵاتە لە ٩٠ ساڵ لەمەوبەرو، داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەرتەش، تەوەری بابەتەکانی ئەو گەڵاڵەیەن کە پێویستە تورکیە بەر لە ساڵی ٢٠١٥ جێبەجێیان بکا. لە بەرامبەردا یەکیەتیی ئورووپا پشتیوانی لە تورکیە دەکا بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو داخوازیانە وەدی بێنێو لە ساڵی ٢٠١٥دا بە ئەندامی رەسمیی ئەو یەکیەتییە وەربگیرێ، لە غەیری ئەوەدا ماوەیەکی دیکەی بۆ دیاری دەکرێ تا ئەو کاتەی تورکیە بتوانێ خۆی لەگەڵ یاساو پێوانەو بایەخەکانی ئەو یەکیەتییەدا رێك بخا.

سارینا



ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا دەبێتە هۆی ئەوە کە ئابووریی لاوازی ئەو وڵاتە ببووژێتەوەو بە تێکەڵبوون لەگەڵ ئابووریی ئورووپا بەهێز ببێ. بێکارەکانی ئەو وڵاتە بە ئازادی بچنە باقیی وڵاتانی ئورووپاییو بەگشتی بەرهەمی جۆراوجۆری وڵاتانی ئورووپایی بەنرخی فرۆش لەو وڵاتانەدا، بکەونە دەستی خەڵکی تورکیە، سەرمایەدانان لە بەشەکانی سەنعەتیو کشتوکاڵو ئەلیکترۆنیکی لە تورکیەدا زۆر زیاتر دەبێ. لەلایەکی دیکەشەوە گەڕیدەکانی ئورووپا زیاتر لە رابردوو روو دەکەنە سەیرانگاو ناوەندە توریستییەکانی تورکیە.

بە گوێرەی راگەیاندنی وەزارەتی کولتوورو گەشتوگوزاری تورکیە، سەنعەتی توریزم کە یەکێك لە بنچینە ئابووریەکانی ئەو وڵاتەیە، نەك هەر دەبووژێتەوە، بەڵکوو دووپینگ دەکا.

خوێندکارانی تورك بە ئازادی دەتوانن لە زانکۆکانی ئورووپاییدا بخوێننو لە یەك رستەدا باری ژیانو گوزەرانو پێشکەوتوویی تورکیە دەگاتە ئاستی وڵاتانی ئورووپایی.

جیا لە باری ئابووری، دێموکراسی لە تورکیەدا پەرە دەستێنێو کێشە سەرەکییەکانی نێوخۆو دەرەوەی ئەو وڵاتە چارەسەر دەکرێن. خاتوو هێلێن فلەوتێر سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی ئورووپا رۆژی ٧ی ئۆکتۆبر لە ئانکارا گوتی: پێویستە ئەو بەربەستانەی بەردەم قانوونی ئەساسیی تورکیە کە رێگا لە هاتنەدیی مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانو یەك لەوان گەلی کورد دەگرن، ئیسلاح بکرێن. بە واتایەکی گشتی چارەسەریی کێشەی کورد مەرجێکی دیکەی یەکیەتیی ئورووپایە کە تورکیە دەبێ بەر لە چوونە نێو ئەو یەکیەتییە، جێبەجێ بکا.

مەرجەکانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ بوونە ئەندامی تورکیە، دەوڵەتی ئەو وڵاتەی رووبەڕووی دوو قەیرانی سەرەکی کردۆتەوە. لە لایەك بێ هاتنەدیی ئەو مەرجانە، خەونی لە مێژینەی ئەندامەتیی یەکیەتیی ئورووپا، دەبێتە بلقی سەر ئاو. لە لایەکی دیکەشەوە هەنگاونان بۆ هێنانەدیی مەرجەکان، لە روانگەی بەشێکی زۆر لە تورکەکانەوە بە مانای پاشگەزبوونەوە لەو پرنسیپو بناغە فکریانەیە کە لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری تورکیەی لائیك بەهۆی ئەتا تورکەوە، دانراون. تورکە تۆندڕەوەکانو ئەوانەی خۆیان بە درێژەدەری کەمالیزم دەزانن، بەتایبەتی ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی "M.H.P" کە بە توندی دژایەتیی پرۆسەی ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا دەکەن، پێیان وایە کە پەرەپێدانی دێموکراسی لە وڵاتدا، مەترسیی لەتبوونی وڵات لە رۆژهەڵاتو بەهێزبوونی گرووپە ئیسلامییەکان لە رۆژئاوا پەرە پێ دەداو بایەخە نەتەوایەتییەکان لاواز دەکاو فەرهەنگی پان تورکیستی لە ناو دەبا. لە روانگەی ئەوانە لە ئاستی دەرەوەشدا دانهێنان بە کۆمەڵکوژیی یەكو نیو میلیۆن ئەرمەنی بەهۆی ئەنجومەنی لاوانی تورك لە ماوەی شەڕی جیهانیی یەکەمدا کە دواتر مستەفا کەمال ئەتاتورك لەو ئەنجومەنەدا بوو بە ئەندامو سەرۆك، بێحورمەتییە بە دامەزرێنەی کۆماری لائیکی تورکیە. هەروەها تا کاتێکیش بەشی تورکنشینی قیبرس کە تەنیا تورکیە بە رەسمی دەناسێ، لە لایەن ئورووپاوە بەرەسمی نەناسرێ، تورکیەش نابێ بەشی یونانینشینی قیبرس کە ئێستا ئەندامی یەکیەتیی ئورووپایە، بەرەسمی بناسێ.

سەرەڕای ئەو کێشانە دەوڵەتی تورکیەو لە سەرووی هەموانەوە، رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆك وەزیر لەسەر درێژەی رێگا بۆ چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا، سوورو پێداگرە. ئەردۆغان لە قسەکردنێکی مێژووییدا رۆژی ٧ی ئۆکتۆبر بەرپەرچی نەیارانی داوەو گوتی: پەرەپێدانی دێموکراسی لە وڵاتدا، تورکیە بەرەو داهاتوویەکی باشتر دەباو ئاستی ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتەش بە چەشنێکی زۆر باش دەباتە سەرێ.

بە پێی ئەوە کە ئیسلاحاتو خۆئامادەکردنی تورکیە بۆ ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئورووپادا، لانیکەم ١٠ ساڵ دەخایەنێ، روون نیە کە دەوڵەتەکانی پاش ئەردۆغان سیاسەتی هەنگاونان بەرەو ئورووپا درێژە پێ دەدەن یا نا؟ بەو حاڵە ئەوەی زۆر گرینگە ئەوەیە کە پێویستە گەلی کورد لە کوردستانی باکوور لە پرۆسەی ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپا، پشتیوانی بکا. لەبەر ئەوەی کە پەرە ئەستاندنی دێموکراسیو دابینکردنی مافی کولتووریو دێموکراتیکەکانی کوردەکانی باکوور وەك مەرجێکی سەرەکیی ئورووپا بۆ وەرگرتنی تورکیە، دەتوانێ دەسکەوتی زۆر گرینگو پڕبایەخی بۆ گەلەکەمان لەو بەش لە کوردستاندا بە دواوە بێو ئەوەی تێکۆشەرانو ئازادیخوازانی کورد لە تورکیە دەیان ساڵە بۆ وەدیهێنانی خەبات دەکەن، وەدی بێ.

***

## بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## سنە :

### مانگرتنی مامۆستایان لە رۆژی جیهانیی مامۆستادا

کاتژمێر ٨:٣٠ی سەرلە بەیانی رۆژی ١٣٨٤/٧/١٣ "رۆژی جیهانیی مامۆستا" نزیکەی ٢٠٠ کەس لە مامۆستایانی شاری سنە لە بەرانبەر دەرگای ئیدارەی گشتیی ئامووزش‌و پەروەرش دا مانگرتنێکیان دەست پێ کردو کاتێ کە دەیانویست بچنە ناوەوە، پارێزگاری (حەراسەت)، مۆڵەتی نەدەدان، هەر بۆیە ئەوانیش بە هەڕەشەی بەستنی شەقامی ئیکباتان رێگەی چوونە ناوەوەیان کردەوە.

کۆبوونەوەکە بە ئارامی‌و باسکردنی کەموکۆڕییەکانی ژیانی مامۆستایان‌و خوێندنەوەی شێعرێك کە هۆنراوەی یەکێك لە مامۆستایان بوو، هەروەها کۆکردنەوەی ئیمزا کۆتایی پێهات.

### ـ لە مانگی رەمەزاندا گوشاری هێزە ئینتیزامی‌یەکانی رێژیم بۆ سەر لاوان زیادی کردوە

لە رۆژەکانی مانگی رەمەزان دا هێزەکانی رێژیم وەك ساڵەکانی تر دەستیان کردوە بە ئازارو ئەزییەتی لاوانی سنە. ئەم هێزانە بە بیانووی جۆراوجۆر لاوەکان دەستبەسەر دەکەن‌و لێکۆڵینەوەی بێجێیان لێ دەکەن‌و هەروەها بێ‌هۆ پەروەندەیان بۆ ساز دەکەن تا ئەگەر جارێکی‌تر دەستبەسەر کران بە بیانووی ئەوەی کە سابقەیان هەیە زۆرتر ئازار بدرێن.

هەر لە درێژەی ئەم کردەوانەدا هێزەکانی رێژیم سووکایەتی بە لاوەکان دەکەن‌و ئەوان دەخەنە بەر کوتان‌و لێدان‌و هەروەها راگرتنی ئەو ماشینانەی کە شۆفیرەکانیان لاوان، گەیشتۆتە لووتکەی خۆی.

لە کێوی ئاویەریش دا هێزە ئیتلاعاتی‌و ئینتیزامی‌یەکانی رێژیم بووفەیەکی چووکەیان کە شوێنی حەوانەوەی شاخەوانەکانە، داخستوە.

## نەوسوود :

### دەستبەسەرکرانی ژمارەیەك لە لاوان لە لایەن رێژیمەوە

ماوەیەك لەمەوپێش بەکرێگیراوانی رێژیم هێرشیان کردۆتە سەر لاوانی شاری نەوسوود و ژمارەیەکیان دەستبەسەر کردون کە تا ئێستا هەواڵێك لە چارەنووسیان نیە. ئەم کردەوەیەی رێژیم تەنیا بە مەبەستی چاوترسێنکردنی لاوەکان ئەنجام دراوە.

❊❊❊

## سەردەشت :

### ◈ چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب

شەوی ١٣٨٤/٧/٢١، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەردەشت لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا CD فیلمە حیزبی‌یەکانیان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

گەڕەکەکانی شێخ مەولانا، ئاشان، سوێی بەرەقورجی، کانی خان‌و دەورووبەری سەرچاوێ‌و دەورووبەری مەیدانی وەحدەت

### ◈ دوو کەس خۆیان کوشت

رۆژی ١٣٨٤/٧/٢٠، کەسێك بەناوی "مەنسوور محەمەدنەژاد" خەڵکی گوندی "بریسوێ"و دانیشتووی سەردەشت خۆی سووتاند کە پاشان رەوانەی نەخۆشخانەی ورمێ کرا، بەڵام بە هۆی قورسیی سووتانەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

هەروەها رۆژی ١٣٨٤/٧/١ کەسێکی دیکە بەناوی "ئاوات حەسەن نەژاد"، کوڕی حاجی حەسەنی نیسکاوێ، دانیشتووی سەردەشت بە تەناف خۆی خنکاندو گیانی لەدەست دا.

## مەهاباد :

### گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە پاسگایەکی سوپای پاسداران دایە

لە ساڵەکانی دەیەی ١٣٦٠ دا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەهاباد لە لایەن رێژیمی دژی‌گەلیی ئاخوندی‌یەوە لە سێدارەدران‌و تەرمەکانیان بێ‌سەروشوێن کران، بۆ وێنە لەو ساڵانەدا جارێك ٥٩ کەس‌و جارێکی تر ٣٦ کەس‌و چەند جاری کەش بەهەمان شێوە رۆڵەکانی مەهاباد کوژران‌و بێ‌سەرو شوێن کران‌و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژران. یەکێك لەو گۆڕە بەکۆمەڵانە لە شوێنێکی نێو پاسگای سوپای پاسداران لە باکووری رۆژئاوای مەهاباد‌و لە نزیك فەرمانداری‌و بەرانبەر دەبیرستانی "ئوسرا"یە.

ئەم شوێنە لەژێر دەستی سوپای پاسداران دایەو رێوڕەسم‌و جەژنەکانی سوپا لەوێ دەگیردرێن‌و هەروەها زیندانی ئیتلاعاتی مەهابادیش لەوێیە.

### ـ هێرشی بەکرێگیراوانی رێژیم بۆ سەر قوتابییان

رۆژی پێنجشەممە ١٣٨٤/٧/٢١، تاقمێك لە ئاغاجاشە مەنگوڕەکان هێرش دەکەنە سەر قوتابییانی قوتابخانەی خومەینی لە بلواری باغی سمایل ئاغای مەهاباد‌و لە نێوان ئەوان‌و قوتابییاندا تێك هەڵچوون ساز دەبێ‌و هەروەها لە لایەن ئەم خۆفرۆشانەوە بە چەقۆ لە مامۆستایەکی قوتابخانە کە لە بەرامبەر کردەوە دژی‌گەلی‌یەکانیان دا ناڕەزایەتیی دەربڕیبوو هەڕەشە دەکرێ‌و بە هۆی بەرەنگاریی قوتابی‌یەکانەوە لە ئاکام دا ناچار بە هەڵاتن دەبن. جێی باسە کە لە بەرامبەر ئەم کردەوانەدا لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە هەڵوێستێکی ئەوتۆ نەگیرا.

### ـ لە رۆژێکدا شەش کەس بەهۆی لێکدانی ماتۆرسیکلێت کوژران

رۆژی پێنج شەممە لە شاری مەهاباد ٦کەس بە هۆی رووداوی لێکدانی ماتۆرسیکلێت گیانیان لەدەست دا.

ناوی ٣ کەسیان بەم شێوەیەیە:

١ـ وەستا ئەحمەد مستەفاپوور کوڕی محەممەد

٢ـ مەنسوور داودی ناسراو بە وەستا تاهیر، کوڕی محەممەد رەسووڵ

٣ـ رەزا مەعروفی، کوڕی عەبدوڵڵا

شایانی باسە ئەو ماتۆڕسیکلێتانە بە نرخێکی زۆرکەم دەدرێن بە لاوەکان، بە جۆرێك کە بە پێشەکی‌یەکی کەم‌و بە قیستێکی کەمتر دەدرێن بە خەڵك کە هەموو کەس دەتوانێ بیانکڕێ‌و لە باری ئەمنییەتییەوە زۆر لە خوارێن‌و ناتەواوی زۆریان هەیە.

### ـ تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵك‌و هێزەکانی رێژیم دا لە گوندی ئافان

رۆژی هەینی ١٣٨٤/٧/٢٢، نزیکەی ٥٠ کەس لە هێزەکانی رێژیم رژانە نێو گوندی "ئافان" لە ناوچەی مەهاباد‌و دەستیان کرد بە ئازارو ئەزییەتی خەڵك‌و بە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەوێ ریفۆرمی زەویی کردوەو ئەوان ئەم ریفۆرمەیان قبووڵ نیەو ئەو زەوییانە بەهی خۆیان دەزانن، لەگەڵ خەڵك دا تێك هەڵچوون‌و دەستیان کرد بە تەقەی هەوایی بۆ ئەوەی خەڵك بڵاوە پێ بکەن کە سەرکەوتوو نەبوون. هەر بۆیە دەستیان کرد بە تەقەکردن بەرەو خەڵك‌و چوار کەسیان بە ناوەکانی سلێمان کوڕی عەبدوڵڵا، مستەفا، محەممەد ئەمین کوڕی ساڵح‌و ژنێك کە ناوی روون نەبۆتەوە بریندار کرد. هەروەها خەڵکیش لە بەرامبەر پەلاماری دڕندانەی هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی رێژیم دا کاردانەوەیان نیشان داو چەند کەسیان لێ بریندار کردن.

لەنێوان بەکرێگیراوانی رێژیم دا چەند کەس ناسێندراون کە ناوەکانیان بریتی‌یە لە:

سەلیم (سووتاو)، هەمزە، جەعفەر، خالیدو تاهیر هەموویان خەڵکی ئافان‌و، قادربایزیدی خەڵکی هرمەو حاجی سوارە ئەحمەدی‌و چەند کەس لە خەڵکی بێ‌هەنگوێن.

## سەڵماس :

### ◈ ئازارو ئەزییەتی کوردەکان بە بیانووی جۆراوجۆر لە لایەن سوپای پاسدارانەوە

لە چەند رۆژی رابردوودا هێزە سەرکوتکەرەکانی سوپای پاسدارانی رێژیم لە شاری سەڵماس‌و دەرورووبەری دەستیان کردوە بە ئازارو ئەزییەتی کوردەکان‌و بە بیانووی جۆراوجۆر دەست بەسەر ماشینی خەڵك دا دەگرن‌و بارەکانیان زەوت دەکەن. بە تایبەت لە گوندە سنووری‌یەکان دا ژیانیان لە خەڵك تاڵ کردوەو رۆژ نیە پەلاماری چەند گوند نەدەن‌و ماڵەکانیان نەپشکنن‌و ئەموالیان بەتاڵان نەبەن.

### ◈ رووتکردنەوەی کاسبکاران لە لایەن تاقمێك دزی نەناسراوەوە

چەند رۆژ لەمەوپێش تاقمێکی دزی نەناسراو لە رێگای ئاوایی‌یەکانی نێوان قزڵکەندو هەلبەران لە ناوچەی سەڵماس‌و هاوسنوور لەگەڵ تورکیە دەست بەسەر کاروانی کاسبکاران دا دادەگرن‌و نزیکەی ٣٦ میلیارد لیرەی تورکیەو چەند ئەسپی کاروانچی‌یەکان بە تاڵان دەبەن.

## مەهاباد :

### هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی رێفراندۆم لە عێراق هێزەکانی رێژیم شاریان کونترۆڵ کردوە

بە بۆنەی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم بۆ دەستوور لە عێراق داو لە ترسی ئەوەی کە خەڵك پاش روون بوونەوەی ئاکامی ریفراندۆمەکە بڕژێنە سەر شەقام‌و خۆپیشاندان لە دژی رێژیم ساز بکەن لە رۆژی دووشەممەوە ١٣٨٤/٧/٢٥ شاری مەهاباد کەشوهەوای حکوومەت نیزامی بە خۆوە گرتوەو هێزەکانی رێژیم لە مەیدانەکانی مەلاجامی، چوارچرا، شۆڕش‌و شەقامی شاپوور بە کۆمەڵ راوەستاون‌و هەموو جموجۆڵێکیان خستۆتە ژێر چاوەدێرییەوە.

## وڵاتی خۆر لە رەبەت هەڵات

**هەواڵنێری میراتی فەرهەنگی www.chn.ir**

نوێترین توێژینەوەکان لە گردی رەبەتی سەردەشت دا، بۆتە هۆی دۆزینەوەی ئاسەوارگەلێ لە شارستانیەتی ئورارتووەکان. ئەم دۆزینەوەیە ئەگەری هەبوونی ناوەندی دەوڵەتی موساسیر (وڵاتی خۆر)ی لە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەردا بەهێز کردوە. دەوڵەتی موساسیرەکان هاوکات لەگەڵ ئورارتووە ئاشوورییەکان دا بووە. ئەم حکوومەتە لە لایەن ئاشوورییەکانەوە بە ئاردینی یا وڵاتی خۆر ناودەبرا. موساسیرەکان بە پێی بارودۆخی سیاسیی ناوچە هێندێ جار لەگەڵ ئاشوورییەکان‌و هێندێ جاریش لەگەڵ ئورارتووەکان دا دەبوون بە هاوپەیمان.

توێژینەوەکانی شاندی ئاسەوار ناسی لە گردی ژماە ٢ی رەبەتی سەردەشت دا کە بە بەرپرسیارەتیی بەهمەن کارگەر، ئاسەوارناس‌و ئەندامی هەیئەتی عیلمیی زانکۆ لە سەرەتای مانگی خەرمانانی ٨٤ەوە بە تەرخان کردنی ئیعتیباری تایبەتی دەستی پێ کردوە بۆتە هۆی دۆزینەوەی ئاسەروارگەلێکی وەك خەتی مێخی‌نەققاشی کراوی ئورارتوویی لەسەر ئاجۆر، ئاجۆرگەلی لیعابدارو رەنگی کە بابەتەکانی هیندسی، گیایی، ئوستوورەیی لە خۆ گرتوەو لەگەڵ هێندێ لە گلێنەکانی زێوەی سەقز، کێوی زیندانی تیکاب‌و قەڵایچی بۆکان لێك دەچن‌و هەروەها بیروڕای هەبوونی ناوەندی موساسیرەکانی لەم شارە دا بەهێز کردوە. دۆزینەوەی رووبەرێکی داپۆشراو بە بەردەگردەی چۆم بە شێوەی چەندین دایرەی یەك ناوەندە، بەرچاوترین دەسکەوتی مێعماری لەم ناوچەدا بە هۆی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوایانەوە بووە بە جۆرێ کە ئەم شێوە مێعمارییە تا ئێستا لە هیچ کام لە ناوچەکانی هاوچەشن‌و باکووری خۆرئاوای ئێران دا نەدیتراوە. رووبەرو پانتایی گردو دەورووبەرەکەی ٢٥ هیکتارەو بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لەدەست دایە گەورەترین مەعبەدی خودای هالدی (خالدی) لە دەوڵەتی ئاردینی (موساسیر) دایە. جێی سەرنجە کە لە رۆژەکانی یەکەمی گەڕان دا لە قووڵایی ٣٠ سانتیمتری تا ٢ میتری، لێکۆڵەران ئاسەروارگەل‌و دۆزینەوە گەلێکی نوێیان دەست کەوتوە کە تەنانەت خۆشیان نەیاندەتوانی وێنای بکەن.

❊❊❊

## سەقز :

### گیان لەدەستدانی کچێك بە هۆی تەقینەوەی چرا

رۆژی چوارشەممە ٢٠ی رەزبەری ١٣٨٤، لە ئاوایی "باشماخ" سەر بە ناوچەی تیلەکۆی سەقز کچێك بەناوی "شوعلە ئەمانی" کچی عەلی، تەمەن ١٤ ساڵ بە هۆی تەقینەوەی چرا لە حەمام دا سووتاو گیانی لەدەست دا.

## بانە :

### دزی لە بانکی سادرات‌و کوژرانی کارمەندێك

رۆژی دووشەممە ١٣٨٤/٧/١٨، کاتژمێر ٧:٣٠ سەرلە بەیانی کەس یان کەسانێکی نەناسراو دەچنە بانکی سادرات لە بانەو کارمەندێکی بانکەکە بەناوی "جەعفەر عەبدوڵڵازادە" کوڕی محەممەد، خەڵکی بانە دەکوژن‌و ٤٠ میلیۆن تمەن چەکی بانکی دەبەن.

## پیرانشار:

### هەڵسوکەوتی دزێوو تێکدەرانەی بەکرێگیراوانی رێژیم

چەند رۆژێکە لە ناوچەی پیرانشار، جاشە بەکرێگیراوەکانی رێژیم جێگیر لە گزیساناو پەسوێ دەستیان داوەتە هێندێ کاری دزێوو تێکدەرانەی وەك برینی سیمی بەرقی داربەرقەکان‌و خەتی تەلەفۆن‌و دزینی گەنم‌و نۆك لە خەرمانەکانی خەڵك‌و وەها نیشان دان کە خەڵك بۆ خۆیان ئەو کارانەیان کردوە تا بەم شێوە لەنێو خەڵك دا ناکۆکی‌و پشێوی پێکبهێنن‌و ناوچەکە نائەمن نیشان بدەن.

## دیواندەرە :

### رێژیم خەریکی بەتاڵان بردنی ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانە

هێزەکانی سوپای پاسدارانی رێژیم لە گوندی خنجەرەی خواروو (مانگا هوڵ) سەر بە ناوچەی سارالی دیواندەرە بە بیانووی پارك سازی ژمارەیەك لۆدێرو بولدۆزێریان هێناوەو خەریکی دەرهێنانی ئاسەوارە مێژوویی‌و بەنرخەکانن‌و دەیانەوێ دوو کێوی ئەم ناوچەیە کە بەوتەی پێشینیان لە رابردوودا قەلا بوونە هەڵ کەنن.

# یەك وڵات‌و یەك نەتەوە، واتە شۆڤینیزمی هومایوونی

رامبود لوتف‌پووری

بەشی یەکەم

**یەکێك له گرینگترین قۆناغەکانی لەدایکبوونی نەتەوە، هەستکردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە به بوونی جیاوازی له نێوان خۆی‌و خەڵکان یان نەتەوەکانی دەوروبەری‌دایەو له راستی‌دا هەستکردن بەو جیاوازییانەیە که له کولتوورو بەرژەوەندی‌و خەم‌و خەونەکانیان دایە، بەتایبەت که ئەو جیاوازییانە وەك بۆ خۆیشی باسی کردوە چەوساندنەوەی نەتەوایەتییشی لـێ‌بکەوێتەوە**

ماوەیەك لەمەوبەر ئاغای داریووش هومایوون، ئەندامی بەڕێوەبەریی پارتی مەشرووتەخوازانی ئێران له بڵاوکراوەی "کەیهانی لەندەن" وتارێکی له ژێر ناوی "یەك وڵات‌و یەك نەتەوە"دا نووسیوەو لەوێ‌دا دیسان وەك له رابردووش دا کردویەتی، پێی لەسەر کۆمەڵێك هەڵوێستی پاوانخوازانە داگرتوە که راست له هزری شۆڤینیستی‌و رەگەزپەرستانەیەوە سەرچاوە دەگرن.

به مەبەستی روونکردنەوەی بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان‌و ئێران‌و دەرخستنی بێ‌بناغەیی ئەو قسانەو ئاشکراکردنی بیروو مەبەستی شۆڤێنییانەی نووسەر، تیشك دەخەینە سەر هەندێك لەو بوختان‌و چەواشەکارییانەی لەو وتارەدا کراون. ئاغای هومایوون له سەرەتای وتارەکەی‌دا باس له گشتگیربوونی هەندێك دروشمی وەك خەبات بۆ ئازادی‌و مافی مرۆڤـ له ئێران‌و جێگیرکردنی سیستمێکی ئازادو ئازادیخواز، دێموکرات‌و لیبراڵ به جێگەی کۆماری ئیسلامی دەکات‌و دەڵـێ: "پرۆگرامی هەندێك رێکخراوی قەومی[!!!]و پێداگرتنیان لەسەر دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس، رێگرە له بەردەم وەدیهێنانی ئەم دروشمانەو دوورە دیمەنێکی رەش له داهاتووی ئێران دەخاتە بەرچاو."

پێش هەموو شتێك با بڕۆینە سەر باسی قەوم‌و نەتەوە که ئاغای هومایوون به ئەنقەست‌و بۆ چەواشەکاری، نەتەوەکانی ئێران به قەوم ناو دەبا. قەوم کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن کولتوورو مێژووی هاوبەشن که لەسەر نیشتمانێکی هاوبەش دەژین لەکاتێکدا که نەتەوە قۆناغی سەرەوەترو بیچمی تەواوکراوتری قەومە، واتا نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن کولتوورو مێژووی هاوبەشن که لەسەر نیشتمانێکی هاوبەش دەژین‌و خەون‌و خەمێکی هاوبەشیان هەیە که له ئیرادەیەکی سیاسی‌دا خۆی دەنوێنێ. کەوابوو بەپێچەوانەی قەوم که زۆرتر چەمکێکی کولتوورییەو مافی کولتووریی پێ رەوا دەبینرێت، نەتەوە، بوون‌و ریئالێکی سیاسی‌یەو خاوەن کۆمەڵە مافێکی سیاسیی وەك مافی دیاریکردنی چارەنووسەو لەگەڵ ئیرادەکردنی‌دا لەدایك دەبێت. بۆیە ئاغای هومایوون زۆر چەواشەکارانە نەتەوەکانی ئێران به قەوم ناو دەباو پەرۆشی هەڵکشانی ویستی حەقخوازانەی مافە کولتوورییەکان‌و چەقبەستوویی دەسەڵات بۆ مافی نەتەوایەتی‌یە، مەبەستی ناوبراو له چکۆلەکردنەوەی نەتەوەکانی ئێران بۆ قەوم‌و بەرتەسککردنەوەی مافەکانیان له هەندێك مافی کولتووری‌دا، راست نکۆڵـی‌کردن له ناسنامەی نەتەوەیی‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکانی ئەم نەتەوانەیە. هومایوون باس لەوە دەکا که ئەم نەتەوانە تەنیا له بەرامبەر نەتەوەی فارس‌و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌دا پێناسە دەکرێن، لێرەدا پارادۆکسێك له قسەکانی‌دا دەبینرێ، له لایەکەوە دەڵـێ ئێران یەك نەتەوەیەو ئەویش نەتەوەی ئێرانی‌یەو قەومەکانی!! ئێران نابێ پرۆژەی نەتەوەسازییان هەبێ، کەچی فارس وەك نەتەوە باس دەکاو وادەردەکەوێ که مەبەستی له یەك نەتەوە له ئێراندا هەمان فارسە که پێویستە قەومەکانی!! دیکەشی تێ‌دا بتوێنرێنەوە. بەڵام سەرەڕای ئەم پارادۆکسە، دەبێ بڵێین، بەڵـێ راست وایە کورد له بەرامبەر، نەك هەر فارس، بەڵکوو هەموو نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەری‌دا خۆی پێناسە دەکا، هەر لەجێ‌دا یەکێك له گرینگترین قۆناغەکانی لەدایکبوونی نەتەوە، هەستکردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە به بوونی جیاوازی له نێوان خۆی‌و خەڵکان یان نەتەوەکانی دەوروبەری‌دایەو له راستی‌دا هەستکردن بەو جیاوازییانەیە که له کولتوورو بەرژەوەندی‌و خەم‌و خەونەکانیان دایە، بەتایبەت که ئەو جیاوازییانە وەك بۆ خۆیشی باسی کردوە چەوساندنەوەی نەتەوایەتییشی لـێ‌بکەوێتەوە، به شێوەیەك که لایەنێك بۆ سەپاندنی خۆی‌و ئاسیمیلەکردنی ئەوی دیکە نکۆڵـی له ناسنامەو مافەکانی بکات‌و پەنا بەرێتە بەر بەکارهێنانی زەبروزەنگ. له راستی‌دا ناسیۆنالیزمی کورد لەجێ‌دا بەرهەم‌و دژکردەوەیەکی ئازادیخوازانەی ئەو ستەم‌و چەوساندنەوە بوو که له لایەن نەتەوەی فارسەوە بەسەری‌دا زاڵ کرابوو، گومان لەوەدا نیە که نەك هەر ناسیۆنالیزمی کورد بەڵکوو ناسیۆنالیزمی هەموو نەتەوەکانی رۆژهەڵات‌و جیهانی سێهەم بەرهەمی رەوت‌و گۆڕانێکی سروشتی‌و گەیشتن به قۆناغی سەرمایەداری‌و سەرهەڵدانی بورژوازی نەبوو، بەڵکوو یا ساختەو دەسکردی کۆلۆنیالیزمی جیهانی بوون یا دژکردەوەو سەرهەڵدانێك بوون دژ بەو پێکهاتە دەسکردو ساختەییانە.

**بەڵگەشم بۆ ئەوەی که دەڵێم رەزاخان به زۆرو سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەو به زۆرەملی ئێرانی پێك هێنا، سەرکوتی شۆڕشەکانی سمایل ئاغای سمکۆ له کوردستان‌و شێخ خەزعەل له خوزستان‌و ... هتدە، که ئامادەنەبوون لەو شوناسە دەسکردو ساختەیە ئێرانییەی رەزاخان‌دا بتوێنەوەو ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بدۆڕێنن**

لێرەوە دەمەوێ بێمە نێو باسی ئێران‌و نەتەوەی ئێرانی که بەپێچەوانەی بۆچوونی ئاغای هومایوون که دەڵـێ مێژینەیەکی سێ هەزار ساڵەی هەیەو به زۆرو ویستی کۆلۆنیالیزم پێك نەهاتوە، نەك هەر پێشینەیەکی سێ هەزار ساڵەی نیە بەڵکوو تەمەنی ناگاتە سەد ساڵ‌و راست له سەردەمی رەزاخانی میرپەنجەوە (رەزاشا) به هاریکاریی کۆلۆنیالیزمی بریتانیاو به زۆرو سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەو به زۆری پێکەوەلکاندنیان پێك هات. وشەی ئێران بۆ یەکەم جار له لایەن رەزاخانەوە وەك ناوێکی فەرمی بۆ ئەو چوارچێوە سیاسی‌و جوگرافیایی‌یە بەکار هات که پێشتر ئیمپراتۆریی قاجار، زەندی، سەفەوی‌و ساسانی، ماد...ی پێ دەگوترا، دەنا پێشتر بۆ ئاماژە به شوێنی نیشتەجێبوونی ئارییەکان‌و تەنانەت له شانامەی فیردۆسی‌دا بۆ ئاماژە به ناوچەیەکی بەرتەسکی وەك خوراسان بەکار هاتبوو. وەك دەشزانین ئارییەکان یەك نەتەوە نین، چوونکە بەشێکی زۆری نەتەوەکانی ئوورووپاو بەتایبەت نەتەوەکانی وڵاتانی دەوروبەری ئێران به رەچەڵەك ئاریایین‌و بەشێکی زۆریشیان قەت لەو چوارچێوە سیاسی‌یەدا نەبوونە که ئێستە به ئێرانی دەناسین. ئەو ئیمپراتۆرییانەش که باس کران له کۆمەڵێك دەسەڵات‌و میرنشینی نیوەسەربەخۆو تەنانەت له هەندێك کاتیشدا سەربەخۆ پێك دەهاتن که قەت یەك نەتەوە نەبوونەو له یەکدا نەتواونەتەوە. بەڵگەشم بۆ ئەوەی که دەڵێم رەزاخان به زۆرو سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەو به زۆرەملی ئێرانی پێك هێنا، سەرکوتی شۆڕشەکانی سمایل ئاغای سمکۆ له کوردستان‌و شێخ خەزعەل له خوزستان‌و ... هتدە، که ئامادەنەبوون لەو شوناسە دەسکردو ساختەییە ئێرانییەی رەزاخاندا بتوێنەوەو ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بدۆڕێنن.

له راستی‌دا رەزاخان به هاریکاریی بریتانیاو به کەڵکوەرگرتنێکی سەقەت له مۆدێلی فەڕانسەیی نەتەوەو به سەرکوتی میرنشینەکان‌و هەوڵدان بۆ پێکەوەلکاندن‌و تواندنەوەیان له نەتەوەی فارسدا، ئێرانی پێك هێنا. له مۆدێلی فەڕانسەیی‌دا دوو یان چەن نەتەوە لەسەر ویستی ئارەزوومەندانەی خۆیان یەك دەگرن‌و نەتەوەیەکی نوێ بەرهەم دێنن لەکاتێکدا که رەزاخان‌و دواتریش دەسەڵاتدارانی دیکەی ئێران به زۆرو ملهوڕی هەوڵـی یەکخستنی چەند نەتەوەی جیاواز له نەتەوەی فارس داو پێکهێنانی نەتەوەیەکی ساختەی به ناوی ئێرانیان داوە که لەراستی‌دا هەمان نەتەوەی فارسەو تەنیا به مەبەستی فریودان‌و شاردنەوەی راستی‌یەکان ناوی ئێرانی لەسەر دانراوە، چما هێمای ئێرانی‌بوون هەر زمان‌و کولتووری فارس نیە؟

هومایوون دەڵـێ رێکخراوە قەومییەکان!! (که بێگومان دەکرێ مەبەستی رێکخراوە نەتەوەییەکان بێت) دەیانەوێ له ژێر دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس‌داو به دووپاتکردنەوەو بەبێ گرینگایەتی‌دان به بۆچوونە دژەکان، مێژووو جوگرافیای ئێران پارچە پارچە بکەن‌و هەرکام ئەو بەشەی که داوای دەکەن بەرن‌و بیدەن به کەسانی دیکە!!...و دەڵـێ: "مافی دیاریکردنی چارەنووس هەمان جیابوونەوەیە." زۆر سەیرە که ئاغای هومایوون که له سەرەتادا باسی سیستمێکی ئازاد، دێموکرات‌و لیبراڵ دەکا چۆن بەم شێوەیە باس له مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکا که مافێکی بێ‌ئەملاوئەولاو دێموکراتیکی هەر نەتەوەیەکەو له جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤـو فەرمانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش‌دا دانی پێ‌دا نراوە. رەنگە دێموکراسی‌و ئازادیخوازی له روانگەی هومایوونەکانەوە، ملکەچیی نەتەوەکان بۆ نەتەوەی سەردەست‌و بێ‌دەنگی‌کردن‌و وازهێنان له ماف‌و ویستەکانیان بێ!. بەڵام روون‌و ئاشکرایە که له وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێراندا دێموکراسی بەبێ دابەشکردنی دەسەڵات‌و سەقامگیرکردنی سیستمێکی فیدراڵـی بەرهەمهێنەری دیکتاتۆریی زۆرینەو نەتەوەی سەردەستە. مافی دیاریکردنی چارەنووسیش خۆ تەنیا له شێوەی سەربەخۆیی‌و جیابوونەوەدا رەنگ ناداتەوە بەڵکوو دەتوانێ فیدرالیزم‌و خودموختارییش لەخۆ بگرێت، که تا ئێستاش زۆربەی ئەو رێکخراوە نەتەوەییانەی ئاغای هومایوون باسیان دەکا زیاتر جەختیان لەسەر ئەم دوو شێوەیەی دوایی کردوە. هەرچەند که ویستی جیابوونەوەو سەربەخۆییش مافی رەوای هەر نەتەوەیەکەو نەتەوەی کوردو رێکخراوەکانیشی قەت له هێنانە بەرباسی شەرمیان نەکردوەو نەترساون، بەڵکوو بەپێی هەلومەرج‌و ریئالی سیاسی، پێکەوەبوون‌و یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیان له سیستمێکی فیدراتیودا هەڵ بژاردوە. بۆیە نەك هەر جیابوونەوە له ئێران بەڵکوو یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستانیش به مافی رەوای نەتەوەکەمان دەزانین‌و به تەعبیری رێبەری مەزنی کورد دوکتور قاسملووی نەمر، ئەوە نەك هەر جیابوونەوە نیە بەڵکوو یەکگرتنەوەیە. دوکتور قاسملوو دەڵـێ: ئەمن نوێنەری نەوەی داهاتوو نیم ئەو بۆخۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدا. جگە لەمانەش ئاغای هومایوون باس له کام جوگرافیاو مێژووی ئێران دەکا؟ ئەو جوگرافیایەی که باسمان کرد کەنگێ دروست بووە، چۆن پێکەوە دووراوەو بەردەوام کەم‌و زیادی کردوە؟ یا که باس له مێژووی ئێران دەکا، مەبەستی ئەو مێژووەیە که تەمەنی ناگاتە سەد ساڵ یا مێژووی ئەو ئیمپراتۆرییانە که زۆربەیان غەیری ئاریی‌و له نەژادی هوونەکانی ئاسیای ناوەندی (مەغوولەکان، تورکەکان، ئەفغانەکان‌و تاتارەکان) یا عەرەب بوونە. له راستی‌دا جوگرافیاو مێژووی ئێران نە ئەوەندە کۆنەو نە قەتیش یەکگرتووییەکی راستەقینەو ئارەزوومەندانەی نەتەوەکانی بەخۆوە دیوە.

**ویستی جیابوونەوەو سەربەخۆییش مافی رەوای هەر نەتەوەیەکەو نەتەوەی کوردو رێکخراوەکانیشی قەت له هێنانە بەرباسی شەرمیان نەکردوەو نەترساون، بەڵکوو بەپێی هەلومەرج‌و ریئالی سیاسی، پێکەوەبوون‌و یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیان له سیستمێکی فیدراتیودا هەڵبژاردوە. بۆیە نەك هەر جیابوونەوە له ئێران بەڵکوو یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستانیش به مافی رەوای نەتەوەکەمان دەزانین‌و به تەعبیری رێبەری مەزنی کورد دوکتور قاسملووی نەمر، ئەوە نەك هەر جیابوونەوە نیە بەڵکوو یەکگرتنەوەیە**

پاشان ئەم پرسیارە دێتەگۆڕێ که جەنابی هومایوون مەبەستی لەوەی که دەڵـێ هەرکام لەم رێکخراوە نەتەوەییانە ئەو بەشەی داوای دەکەن دەیبەن‌و دەیدەن به کەسانی دیکە، چیە؟ هومایوونەکان له کوێ بوونەتە خاوەنی ئەو خاکانە؟ کێ ئەو مافەی پێیان داوەو بەڵگەی خاوەن بوونەکەی بەناو کردوون؟ چما ئەوە خاکی ئەو نەتەوانە نیە که لەسەری دەژین؟ پاشان ئەو نەتەوانە خاکەکەیان به کێ دەدەن؟ له کاتێکدا ئەوە بەشێك له ناسنامەی نەتەوەییانە. جا ئەگەر بیانەوێ به کەسی دیکەی بدەن بۆ دەیبەن؟ با هەر بۆ ئێوە بێ‌و خۆیشیان هەر نۆکەری بکەن. ئەم شێوە هەڵوێست گرتنە پیشاندەری بوونی گیانی سەرپەرشتیاری‌و زێدەخوازی لای ئێوەیە نەك هەڵەو زێدەڕۆیی ئێمە.

❊ ❊ ❊

# هومایون، خامەنەیی یەکگرتنتان پیرۆز!!

## ئاغای هومایون! هاوپێوەندیت لەگەڵ خامەنەیی‌و شۆڤینیزمی دژەقەومیی ئەم حکوومەتە پیرۆز بێ

د. مورتەزا ئەسفەندیاری

**مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللی ـ "مافی دیاریکردنی چارەنووس مەگەر بێجگە لە مافی جیایی، مانایەکی دیکەی هەیە؟" ـ کە لەوانەیە باوەڕو ئارەزووی ژمارەیەکی کەم لەوان بێ‌و مافێکی دێموکراتیك‌و یەکسانیخوازانەش ناناسن. ئێوە ئەگەر دێموکرات‌و ئازادیخوازن، بۆ لە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەترسن؟!**

ئەم وتارە وەڵامێکە بۆ ئاغای داریووشی هومایون، دوایین وەزیری ئیتلاعاتی رێژیمی پاشایەتی کە لە کەیهانی لەندەن دا وتارێکی لەژێر ناوی "یەك وڵات یەك نەتەوە"دا بڵاو کردۆتەوە.

ئاغای هومایون!

ئێوە وەك کەسی یەکەمی یەکێك لە گرینگترین وەزاروتخانەکان لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی محەممەد رەزاشادا، بانگەشەکەری نیزامێك بوون کە بە باوەڕی خۆتان لە ریزی نیزامە دێموکراتیك‌و فێدراڵەکان داو بە باوەڕی هاوبیرەکانیترتان ئازادو ئازادیخواز بوو. بەڵام ئەو نیزامە لەهەر چەشنە ئازادیخوازییەك بێبەری بوو. دێموکرات‌و لیبرالیش نەبوو. هەر دەنگێکی پێچەوانەی باوەڕی خۆی لە لایەن رێکخراوگەلی بە وتەی هەڵەی ئێوە قەومی‌و، بە باوەڕی ئێمە رێکخراوگەلی نەتەوەیی‌یەوە، هەروەك منداڵە حەلاڵ زادەکەی واتە کۆماری ئیسلامی، بە مستی پۆڵایین وەڵام دەدایەوە.

هیچ کام لە رێکخراوەکانی کوردو عەرەب کە ئێوە بە زێدە خوازتان ناو بردوون، تەمای لەت لەت کردنی ئێران بە مەبەستی دامەزراندنی نیزامێکی فیدراڵ‌و دێموکراتیکتان نیەو خوازیاری پێکهێنانی کۆمارگەلی فیدراڵ عەشیرەیی لە رۆژهەڵات‌و رۆژئاوای ئێرانیش نین. ئەوان ئەم جارە، گەیشتن بە داخوازەکانیان‌و وەڵام بە ویستە رەواکانیان لە دامەزراندنی ئێرانێکی کۆماری ـ فیدراڵ‌و دێموکراتیك دا دەبینن. بۆ دامەزراندنی نیزامێکی لەو چەشنە هیچ پێویستی‌یەك بەوە نابینن کە لە پێش‌دا ئێران لەت لەت بکەن. تکایە بە هەستی خەڵکی ساویلکە گەمە مەکەن‌و هەروەها پەرە بە نەزانی کۆنەپەرستان کە ئەو هەموو رابردووە مێژوویی‌یە بێ بەرهەمە بە چاوی خەڵکی جیهان دا دەدەنەوە، مەدەن. هەر جێگایەکی دنیا هەرچەند لەمێژینەش بێ دەتوانرێ لەت لەت بکرێ، ئەگەر کێشەکان بەڕادەیەك بن کە هەلومەرجخواز بێ، هیچ رێکخراوێکی کوردو عەرەبی ئێران خوازیاری کارێکی وا نیە. ئەوەش لە زێدەخوازییەکانی خۆتانەوەیە کە ئەو حوکمە دەردەکەن.

ئێوە کە خۆتان بە بژاردە دەزانن زۆرجار بە قسەو لە نووسینەکانتان‌دا پشتیوانیتان لە یەکسانیی کۆمەڵایەتی کردوەو هەر لەم وتارەش دا بەپارێزەوە دەڵێین: "ئێمە مافی دێمۆکراتیکی رێکخراوە قەومییەکان لە بوونی بیرو باوەڕو ئارەزووەکانی تایبەت بە خۆیان دا دەناسین". بەڵام مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللی ـ "مافی دیاریکردنی چارەنووس مەگەر بێجگە لە مافی جیایی مانایەکی دیکەی هەیە؟" ـ کە لەوانەیە باوەڕو ئارەزووی ژمارەیەکی کەم لەوان بێ‌و مافێکی دێموکراتیك‌و یەکسانیخوازانەش ناناسن. ئێوە ئەگەر دێموکرات‌و ئازادیخوازن، بۆ لە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەترسن؟

ئێوە بە ئانقەست دەتانەوی خەڵك فریو بدەن. پێم وانیە کۆنە بیرۆکراتێکی وەك ئێوە لە یاساکانی نێونەتەوەیی مافی دیاریکردنی چارەنووس ئاگادار نەبێ. بۆ ئاگاداری‌و وەبیرهێنانەوەتان لە ساڵی ١٩٩٣وە مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللی لە رێکخراوی نەتەوەکان دا هەموو ساڵێ بە لانیکەمەوە دوو جار بە شێوەی بەربڵاو دەخرێتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە. هەموو ساڵێ بە دەیان نووسراوەو نامیلکەی لێکۆڵینەوە پێشکەش دەکرێن کە زۆربەیان لەسەر ئەو باوەڕەن مافی دیاریکردنی چارەنووس نەك تاقە رێگایەکی دیاریکراو، بەڵکوو لە هەلومەرج‌و کاتە جیاجیاکان دا، رێگاچارەگەلی وەك: خودگەردانی، خودموختاری، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، بە پێی هەلومەرجی کات‌و شوێن پێشکەش دەکا. هەروەك جیابوونەوە لە هەلومەرجێك دا رێگاچارەیەکی بەجێیە، لە جیاتیی سووتان‌و هەڵکردنی لەگەڵ هاوسەرێکی زاڵم‌و زۆردار، سەربەخۆیی میللەتێکیش دەتوانێ هەڵوێستێك بێ لەنێوان سازان بە سەرکوت‌و بە ئینسانی پلە دووهەم ژمێردران یان دابڕان لەو وڵاتە. مەسەلەی سەربەخۆیی میللەتان لە نەزەر یاسا نێونەتەوەیی‌یەکانەوە ناسراوە.

پلاتفۆرمێك نیشان بدەن "ویستی رەوای مافە فەرهەنگی‌یەکان‌و ناوەندی نەبوونی دەسەڵات" کە تەنیا فیش‌و پۆزەکەیتان لێ داوە، بخاتە بەرچاو تا ئێمە بە گیان‌و بە دڵ بی‌خوێنینەوە. ئەمجار بە دەلیل‌و بەڵگە لە ڕووی بەتوانایی‌یەوە دەڵێین قبووڵمانە یا قبووڵمان نیە. ئێوە لە هەموو جێگایەکی ئەم نووسراوەدا لە "ئێمە"ی کۆ قسە دەکەن نە وەك لە داریووشی تاك، دەتوانم بپرسم ئەم کۆیە کە ئاوا نیگەرانی لەت لەت بوونی ئێرانن کێن‌و چ کەسانێکن‌و لە لایەن کام بەش لە خەڵکی ئێرانەوە هەڕەشەو گوڕەشە دەکەن؟ دەڵێی ئێران موڵکی ئێوەیەو کەسانێك دەیانەوێ داگیری بکەن! ئێران موڵکی هەموو ئێرانییەکانە! بەڵێ ئاغای هومایون، رێکخراوە نەتەوەیی‌یەکانی کوردو عەرەبیش بە رادەیەك رازین‌و زێدەخوازەکان ئێوەن‌و نەك ئەوان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مەشخەڵێکی کە قازی محەممەد ٦٠ ساڵ لەوەپێش هەڵی گیرساند، لە مەترسیی ئەو تۆفانانەی کە لە کووچەو کۆڵانەکانی نیزامی سەرەڕۆی پاشایەتی‌و کۆماری دڕندە سروشتی ئیسلامی‌یەوە هەستا بوو دوورخستنەوەو لە دڵە پاکەکانی خەڵکی کوردستان دا بە هەڵکراوی راگرت‌و دامەزراندنی نیزامێکی نامیراتی‌و دێموکراتیك‌و فیدراڵی بە پێی ئاڵوگۆڕە ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ میللەتەکانی فارس، عەرەب، تورك، تورکمان‌و بەلووچی کردە ئامانجی دوارۆژی خۆی، ئەو جۆرەی کە ئێوە بە توندی‌و خەستییەکی تایبەت بە زێدەخوازی، ناوی دەبەن، بە سوورانی نووکە قەڵەمێك خودموختاریی بۆ فیدرالیزم نەگۆڕیوەو لە هەلومەرجی ئێستادا وەدوای سەربەخۆیی کوردستان‌و جیابوونەوە لە ئێران نەکەوتوە خۆ ئەگەر وەدوای سەربەخۆییش کەوتبا ئەوە ماف‌و ئارەزوویەکی دێموکراتیکە، راشکاوانەو بوێرانە رای دەگەیاند کە ئەوەی دەوێ. تکایە بە جێگای ئەوەی هەڕەشەو گوڕەشە بکەن بەڵگەکانی خۆتان کە نیشاندەری سەربەخۆییخوازی ئەم حیزبەن نیشان بدەن.

هەم رێکخراوەکانی عەرەب‌و هەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و هەم کۆمەڵەو باقیی حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردو هەم باقیی رێکخراوەکانی تورك‌و بەلووچ‌و تورکمەن، بە باشی شارەزای ئەو سێ کێشەیەن کە ئێوە ئاماژەتان پێ کردوە، بۆ دامەزراندنی نیزامێکی فیدراڵ، دێموکرات چاوپۆشییان لێ نەکرد. باوباپیرانی زۆرلەوان پێشهاتنی هەخامەنشییەکان‌و نزیك بە ٦٠٠٠ ساڵ لەوەپێش‌و لە لاکێشێکی بە درێژایی ٥٠٠٠و پانتایی ٢٠٠٠ کیلۆمیتردا کە لە نوقتەی وێك کەوتنی دوو تیرەکەی لە دایك بوون‌و لە ناوەندی نێوان "میزۆپۆتامیای کۆن، لە نزیك بەغدای ئێستادا دەژیان، بێگومان هەموویان بە رابردووی مێژووی ئێران‌و وەك عێراق نەچوونی، بە هەموو شتێکەوە شارەزا بوون‌و لە دیاریکردنی وڵاتەکانیان بەو شێوەیە، قەیرانێکیشیان لە بەرامبەر خۆیان دەبینی. بێگومان دروست کردن‌و دامەزراندنی رێکخراوەکان‌و رێکخستنێك کە بتوانێ یاریدەدەر بی بۆ بەڕێوەبردنی ریفراندۆمێکی بەدوور لە ساختەچێتی‌و پیلانەکانی هەڵبژاردنی تایبەت بە وڵاتانی سەرەڕۆ دەبێ لە بەرنامەی کاری ئەم رێکخراوانەدا دانرێ.

تورك‌و کوردو لوڕ ساڵانێکی زۆر بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە بە یەکەوە ژیاون. بە سپاردنی ئەم کێشەیە بە خەڵك لە رێگەی ریفراندۆمەوە کێشەی دیاریکردنی وڵات بە بێ هێڵ‌و نیشان‌و پاکسازیی قەومی کە ئێوە پێ‌دا هەڵدەڵێن‌و دەتانەوێ بیخەنە سەر زار، دەتوانین چارەسەری بکەین.

ئەگەر ئەمریکا بە ئێوەو باقیی سەڵتەنەتخوازان ئەم دەرفەتەی داوە کە ئێوە زۆرجار لە رێگەی دەست‌و پێوەندییەکانتان وەك سوهرابی سوبحانی‌یەوە، داواتان کردوە، ئێستا لەوانە بوو سەدام حسێن لەسەر دەسەڵات مابایەو چەتری ئاسمانیی ئەمریکا لەسەر ئێران هەڵ درابایە. هیچ کام لە حیزب‌و رێکخراوە میللییەکانی کورد، تورك، عەرەب، بەلووچ، تورکمەن داوایەکی وایان لە ئەمریکا نەکردوە. ئەگەر بەڵگەیەکتان هەیە کە راستیی ئیددیعای ئێوە دەسەلمێنێ‌و لەبەر دەستانە بە خوێنەرانی نیشان بدەن. بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی درۆو تۆمەتە ناڕەواکان، هیچ کام لە رێکخراوو چالاکە سیاسی‌و قەومی‌و میللی‌یەکانی ئێران، نە کوردەکان، نە عەرەبەکان، نە تورکەکان، نە بەلووچەکان‌و نە تورکمەنەکان تا ئێستا، هیچ چەشنە یارمەتییەك، جەختی لەسەر دەکەینەوە، بە دڵنیایی‌یەوە هیچ چەشنە یارمەتییەکیان لە ئەمریکاو ئورووپا وەرنەگرتوە، ئێوە یا هەرکەسێکی دیکە بەڵگەیەك کە جیا لەوە دەڵێ‌و هەتانە بڵاوی بکەنەوە.

ئێوە بە ئانقەست هەوڵی شێواندنی پرستیژی رێکخراوەکان‌و کەسایەتی‌و چالاکە نەتەوەیی‌یەکان دەدەن. ئەرێ ئێوەو رێکخراوە سەڵتەنەت خوازەکان‌و باقیی رێکخراوەکان‌و کەسایەتی‌یە پانئێرانیستەکانی نێوخۆو دەرەوەی دەسەڵات، بەم روونیەی ئێمە دەتوانن حاشا لە هاوکاریی خۆتان لەگەڵ وڵاتانی دیکە بکەن؟ بە پێچەوانەی قسەی ئێوە ئێمە دووسێ میللەتی جیاوازمان هەیە کە لە جوغرافیایەکی بە ناو ئێران دا هەزاران ساڵ ئاشتیخوازانە بە یەکەوە ژیاون، ئەو کەسانەی کە ئێران مەدیونی پاراستنەکەیانە! هەموویان فارس‌و لە رەچەڵەکی ئێوە نەبوون. لە نێو ئەوان دا بە گریمانەی نزیك بە دڵنیایی‌یەوە، زۆربەیان خەڵکی میللیەتە غەیرە فارسەکان بوون. ئێوە بەم قسانەو بەم هەڕەشەو گوڕەشانە داوای جیابوونەوەی دەکەن. ستەمی نەتەوەیی داهێنانی رەزاشا بوو. ئێوەش کە بەرپرسی وەزارەتخانەیەك بوون کە بۆ سەرکوتی نەتەوە غەیری فارسەکان نووسخەیان دەپێچایەوەو بە کردەوە بەشداری [جینایەتەکانی] بوون. ئەگەر کەسایەتی‌یەکی کورد یا عەرەب لە ناساندنی خۆی‌دا بڵێ کوردێکی ئێرانییە یا عەرەبی خووزستانی یا عەرەبی ئەهوازی‌یە تووشی چ تاوانێك بووە؟ کێشەی ئێوە هەر ئەو زێدەخوازییەیە کە ئێران تەنیا تایبەت بە فارسەکان دەزانێ!

بۆ ئێمە ئەولەوییەتە نەتەوەیی‌یەکان لە دەرجەی یەکەمی گرنگی‌دان. چوونکە باوەڕمان وایە بە چارەسەری ئەولەوییەتە نەتەوەیی‌یەکان ئەولەویەتە نیشتمانی‌یەکان سەرکەوتوانەترو بەردەوامتر دەگەنە ئاستی کردەوە. فیدراڵیزم تەنیا رێگەی لەت نەبوونی ئێران‌و درێژەی پێکەوە ژیانی هەموو ئێرانییەکانە. شەقی زەمانە درەنگ یا زوو ئێوەش ناچار دەکا دانی پێدا بێنن.

"کەسانێك کە تاکوو ئەم دوایی‌یانەش لە نێو دڵیان دا ئارەزوویان دەکرد ئەمریکایی‌یەکان بە زەربەتی هەوایی لە شادەمارەکانی رێژیمی ئیسلامی، ئەو رێژیمە بگەیەننە دەروازەی رووخان، ئەمڕۆ لە دڵی خۆیان دا لەوێ کە وەهایان بیر کردۆتەوە داوای لێبوردن دەکەن". ئەو کەسانە ئێوە بوون، پەهلەوی‌چی‌یەکان، نەك مەشرووتەخوازەکان. باشتر وایە ئاغای سوبحانی ناچار بکەن لە کاناڵەکانی سەر بە نیئۆمحافزەکاران کە قەرار بوو ئەم کارەتان بۆ بکەن، داوای لێبوردن بکەن.

"ئاغای هومایون هاوپێوەندیت لەگەڵ خامەنەیی‌و شۆڤینیزمی دژەقەومیی ئەم حکوومەتە پیرۆز بێ."

لە یەکێ وەك تۆ لەوە زیاتر چاوەڕوان ناکرێ. ئەم قسەیەی ئێوە لەژێر ناوی "یەك وڵات یەك نەتەوە"دا بەناو لە کەیهانی لەندەنی ساڵی بیست‌ودووهەم ژمارە ١٠٧٤ پێنجشەممە ٣١ی خەرمانان تا چوارشەممە ٦ی رەزبەری ١٣٨٤ هەتاوی کە نوسخە ئینتێرنێتی‌یەکەی لە رێگەی هاوڕێیەکی بەلووچەوە بەدەستم گەیشت، بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوە کە نیشان دەدا بۆ سەرکوتی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران، ئێوە هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامین. دادوەریی کۆمەڵایەتی لە ئێران کێشەی ئێوە نیە. بەڵام بۆ ئێوە راگرتنی چوارچێوەیەکی جوغرافیایی لەگەڵ هەموو چەشنە زوڵم‌و ستەمێك گرنگە.

ئاغای هومایون دەورانی هەڕەشەو گوڕەشە کۆتایی هاتوە. ئێوەی زێدەخواز کەمتر خۆتان بە میراتگری ئەو وڵاتە بزانن. ئێرانییەکان رێژیمی پاشایەتی‌یان بە یەکجاری هێنایەوە.

ئەم قسەی بەنی‌سەدر راستی‌یەکی تەواوە کە دەڵێ: ـ جارێکی دیکە دانانیشن رەشاوی خۆیان بخۆنەوە. نیزامە دواکەوتوە میراتییە سەڵتەنەتییەکەی کە ئێوە پشتیوانیی لێ دەکەن لە لایەن تەواوی نەتەوەکانی ئێران‌و وڵاتانی ناوچەو جیهانەوە دەرکراوەو فڕێ دراوە. ئێران کاتێك ئێرانە کە بۆ هەموو ئێرانی‌یەکان بێ. ئێوە پلاتفۆرمەکەتان پێش قسەکردن لەسەر مەسایلی قەومی، دانانی بە نامەگەلی سیاسی، دەسپێکردن بە فیدراڵیزم موتاڵاو تاوتوێ دەکەین. ئەگەر راستبێژن وابکەن. هەڕەشەو گوڕەشە لە مەمانان مەکەن. ئێمە لە هەڕەشەو گوڕەشە ناترسین.

* * *

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مەشخەڵێکی کە قازی محەممەد ٦٠ ساڵ لەوەپێش هەڵی گیرساند، لە مەترسیی ئەو تۆفانانەی کە لە کووچەو کۆڵانەکانی نیزامی سەرەڕۆی پاشایەتی‌و کۆماری دڕندە سروشتی ئیسلامی‌یەوە هەستا بوو، دوورخستنەوەو لە دڵە پاکەکانی خەڵکی کوردستان‌دا بە هەڵکراوی راگرت**

**ئێوە بە ئانقەست هەوڵی شێواندنی پرستیژی رێکخراوەکان‌و کەسایەتی‌و چالاکە نەتەوەیی‌یەکان دەدەن. ئەرێ ئێوەو رێکخراوە سەڵتەنەت خوازەکان‌و باقیی رێکخراوەکان‌و کەسایەتی‌یە پانئێرانیستەکانی نێوخۆو دەرەوەی دەسەڵات، بەم روونیەی ئێمە دەتوانن حاشا لە هاوکاریی خۆتان لەگەڵ وڵاتانی دیکە بکەن؟**

کوردستان
ژمارە: ٤٢٣ (٣٠ی رەزبەری ١٣٨٤)

# عەقڵ باوەڕی رەخنەگرانەی کارڵ پۆپێر

ن: رامین جەهانبەگلوو
و: تاهیر ئاهەنگەری

تا بیست ساڵ لەوە پێش نێوی پۆپێر، نەك هەر لە ناو خەڵکی خوێندەواری ئێران، بەڵکوو لە ناو بەشێکی بەربڵاو لە کۆمەڵگای فەلسەفی و رووناکبیری ئێران دا، ناوێکی تا رادەیەك نەناسراو بوو. لە راستی دا دەبێ جەخت لە سەر ئەو خاڵە بکەین کە ئاشنا بوونی کوڕ و کۆمەڵە ئانگلۆساکسۆنەکانیش لە گەڵ ئەندێشەی پۆپێر تا رادەیەك تازەیە و ناگاتە ساڵەکانی پێش دەیەی١٩٦٠. تا ئەو کات، فەلسەفەی پۆپێر، لە ئاست رەوتەکانی فەلسەفی شیکاریی/ تەحلیلی / زمانناسی کە زاڵ بوون، لە پەراوێز دابوو و زۆر کەڕەت بۆچوون و تەفسیری ناڕاستی لێدەکرا. وا وێدەچێ کە زەمان بە قازانجی پۆپێر و «عەقڵ باوەڕی رەخنەگرانەی» ئەو کاری کردووە.

بۆ ئێستایی بوونی فەلسەفەی پۆپێر دەکرێ چەند هۆیەك بدۆزینەوە. سەرەتا، کەشفی گرنگترین بابەتەکانی پۆپێرە. ئەم بابەتانە، سرنجی بیرمەندان و سیاسەتوانان و فەیلەسۆفانی راکێشاوە بۆ ئەوەی تێبگەن کە پۆپێر هەر بە تەنیا «تکنسیەنێکی ئەپیستمۆلۆژی» نەبوو، بەڵکوو فەیلەسۆفێکی مەزن بوو کە بە توندی ئارەزوومەندی پرسیارێکی فەلسەفی لە مەڕ زانستەوە بوو. ئەو هەروەها یەك لەم کەسە هەڵکەوتانە بوو کە پێشنیاری دەکرد کە بە زاراوەی پریگۆژین(براوەی خەڵاتی نۆبێل) یەکێتیەکی نوێ لە نێوان فەلسەفە و زانست لە جیهانی ئەمڕۆ بێتە دی، واتە پێشنیاری دەکرد فەلسەفەیەکی یەكپارچە و یەکگرتوو بێتە دی کە بیری ناوەندی و ئامانجی سەرەکی بانگەشەی هێنانە دی سیستەم نەبێت، بەڵکوو خوازیاری راستی و دروستی گەڕان بە دوای هەقیقەت بێت. جگە لەمە لە سەردەمێك دا کە عەقڵ بە ناوی پۆستمۆدێڕنیزم یا بنەماشکێنی کەوتۆتە بەر پەلامار و هێرش، عەقڵ باوەڕی رەخنەگرانەی پۆپێر دەتوانێ کاریگەرترین شێوە بۆ بەرگری لە ئارمانی عەقڵ بێتە ئەژمار، چونکی لە روانگەی پۆپێر عەقڵ تەنیا و تەنیا لە رێگای کەڵك وەرگرتن لە باسە رەخنەیی یەکان لە هەمبەر دۆگمای فەلسەفی و خۆپەرەستی ئایدۆلۆژیك دێتە پێناسە کردن. بەم پێیە لە بەستێنی فەلسەفەی عەقڵ باوەڕی پۆپێر لە نێوان دوو شکڵی پەڕگیر (افراگی) واتە ئەزموون خوازی پۆزیویتیسم و رێژەیی خوازی گومان باوەڕانە رێگایەکی ناوین دەدۆزێتەوە، ئەو دەسەلمێنێ کە زانست و مەعریفەت بە بێ بنەمای پۆزێتیویستی و تەنیا بە وەلانانی هەڵەکان خۆی دەگرێ و گەشە دەکا.

ئەو هەروەها لە نێوان ئاوەزمەندێتی زانستی و ئاوەزمەندێتی سیاسی پێوەندی پێك دێنێ، لەم رێگایەوە کە پێشان دەدا هەردووکیان بە تەواوی بریتین لە ئاگادار بوونەوە لەوە کە مرۆڤ بە هەڵە دەچێ و جا ئەم ئاگاییە پێویستی بە وەلانانی ئەم ئەندێشە پەڕگیرانەیە کە لە دوای گەڕان بۆ پێك هێنانی مەدینەکانی فازلەن، ئەم ئەندێشانەی کە لە روانگەی پۆپێر بەستێنێکی باش بۆ دوگما خوازین. بە قەولی برایان مەگی: "ئەگەر رای پۆپێر لەمە زانست دروست بێت، رایەکەی لە بارەی فەلسەفەی سیاسی زانستیش راستە و یاخی بوون بە دژی ئاوەز و زانست، کە ئەمڕۆ لە دنیا دا گرینگی پەیدا کردووە، لە راستی دا دژی چەمکە ناراستەکانی زانست و ئاوەزە."

بە واتایەکی تر، بە شێوەیەکی گشتی تر، ئەپیستمۆلۆژی پۆپێر ناوکی دەروونی جۆرێك مرۆڤ ناسیە کە وڵامێکە بۆ پرسیاری : "مرۆڤ چییە؟" جا ئەپیستمۆلۆژی پۆپێر هەنگاوێکە بۆ دۆزینەوەی یەکگرتوویەکی مێژوویی و مانایی لە نێوان زانست و دێموکڕاسی و هەر وەها هەوڵێکە بۆ رەت کردنەوەی هەر جۆرە هەڵوێستی خۆداسەپێن و تەقەدوس بەخشینی سیاسی و زانستی، بە بێ رەت کردنەوەی بایەخەکانی چەشنی پێشکەوتن، هەقیقەت و عیدالەت، هەڵبەت پۆپێر خۆی لە سەر ئەم بڕوایەیە کە: "ناکرێ زانست لە گەڵ هەقیقەت وەکوو یەك و یەکگرتوو بزانین، چونکی ئێمە پێمان وایە هەم تیۆرییەکانی نیۆتۆن سەر بە زانستن و هەم تیۆرییەکانی ئەنشتاین، بەڵام هەردووك ناتوانن راست و هەقیقی بن، بەڵام دەکرێ هەردووك ناراست و درۆ بن" و لە درێژەی ئەم وتەیە وا، ئەم شێعرە لە گزێنۆفان دەگێڕێتەوە:

"خواکان لە سەرەتا دا هیچ شتێکیان بۆ ئێمە روون نەکردەوە / بەڵام بە تێپەڕینی زەمان دەکرێ هەموو شتێك بە گەڕان باشتر فێر بین / بەڵام هیچ کەس هەقیقەتی قەتعی نەزانیوە و نازانێ / نە لە خوایان و نە تەنانەت لە تەواوی ئەم شتانەی کە ئەمن لەوان دەدوێم / چونکی ئەگەر بە هەڵکەوتیش هەقیقەتێکی کۆتایی بە سەر زار دابێ / ئەو بۆخۆی ناییناسێتەوە / چونکی هەموو شتێ کرێکی تەنراو لە گومانەکانە."

کە وایە بیرۆکەی پۆپێر بیرۆکەیەکی دێمۆکراتیکە. لەم لایەنە را کە هیچ وێنەیەکی خۆداسەپێن لە زانستی بوون نادا بە دەست و لە بەستێنێکی تاقانە دا بەرتەسکی ناکاتەوە. رەوشتناسی پۆپێر لانی زۆری ئازادی تازەگەری و گۆڕینەوەی نێوان لێکۆڵەران و تیۆرەکانی گەڵاڵە کراو وەکوو ئەخلاقی نەهادی زانستی پێشنیار دەکا. کە وایە رەوشتناسی پۆپێر کۆمەڵێك یاسای گشتیە کە ئامانجی کردنەوەی دەرگاکانی زانست تا رادەی خوازیار و ئارەزوو کراوە.

بەم هۆیەیە کە کاتێ پۆپێر زاراوەی ئەڵمانی (**forschung**) بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆسەی راستەقینەی زانست بەکار دێنێ، زۆرتر سرنجی بۆ لای رۆحی رەخنەگرانەی زانست و دەسەڵاتی بۆ ناسینە تا وەکوو بە تەنیا وەدی هێنانی گریمانەیەك.

بەم هۆیەیە کە عەقڵ باوەڕی رەخنەگرانەی پۆپێر نە تەنیا دەچێتە ناو فەلسەفەی کەشف کردنی زانستی ئەم جۆرە کە وەرگێڕاوی فارسی زاراوەی ئەڵمانی(**forschung**) پێشانی دەدا، بەڵکوو مەیدانیش دەدا بە فەلسەفەی پێشکەوتنی زانستی.

جا دەکرێ بیرۆکەی پۆپێر هاوسەنگ لە گەڵ جۆرێك بیرۆکەی بە کەماڵ گەییو بزانین. هەڵبەت پۆپێر چەشنی داروین لە دوای شرۆڤە کردنی پێك هاتنی ژیان نییە، بەڵام شی دەکاتەوە کە چۆن رەوتێکی بە کەماڵ گەییو دەتوانێ هەڵگری لایەنێکی ئاوەزمەندانە بێت بێ ئەوەی نەخشە و بەرنامەی دیاری کراوی هەبێت، یا ئەوە کە رۆحێك لە ناوەوە بیجووڵێنێ. بە واتایەکی تر، بە بڕوای پۆپێر عەقڵ باوەڕی رەخنەگرانە لە دوای پێك هێنانی پێوەرەکانی پێشینی (**apriori**) زانستی بوون دا نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە تەواوی سرنجی خۆی داوەتە چاوەدێری ئەزموونی گریمانەکان، بەم مانایە کە گومانەکانی نەزەری لە رێگای ئەزموونەوە دایمە تاقی دەکرێتەوە. بە وتەیەکی تر، پێشکەوتنی ناسینی زانستی هەموو کات بەستراوە بە بڕیارەکانی ئاوەزمەندێتی رەخنەگرانەوەیە.

بە دروستی پۆپێر لە گرینگی بزاڤی لێکدانەوە ئاگادارە، بەڵام گرینگی زیاتر ئەدا بە جۆرێك ئاکامەکانی نێوان بیرۆکەکانی رەقیب. لە روانگەی پۆپێر کاتێ بیرۆکەیەکی زانستی بۆ ئێمە حوکمی (**doxa**) بڕوا یا گریمانە پەیا ئەکا کە باسەکانی رەخنەگرانە چاوەدێرییان بە سەر دا هەیە، ئەزموون تەنیا هۆکارێکە کە دەتوانێ لە نێوان بیرۆکەکانی رەقیب جیاوازی قایل بێت.

بەم هۆیەیە کە پۆپێر دەنووسێ: "رابینسۆن کرۆزۆ لەم دوورگەیە نەیدەتوانی ببێتە ساحێبی زانست، چونکی تەنانەت ئەگەر بیرۆکەیەکیشی دۆزیباوە کە راست بوایە، باشتر وایە لە مەعریفەیەکی حوزووری و چەشنی ئیلهام بدوێن تا کوو زانستی ئاوەزمەندانە، چونکی هیچ کەس نەبوو کە رابینسۆن کرۆزۆ بداتە بەر رەخنە."

جا مێتۆدۆلۆژی کەشف کردن بۆ پۆپێر مێتۆدۆلۆژی عەقڵی رەخنەگرانەیە کە لە بەرامبەر تەواوی ئیدەئالەکانی مەعریفەی رەها و تەواوی ئەپیستمۆلۆژی یەکانی ئارمانی کە کار و باری واقیع و بایەخەکان تێکەڵ بە یەك دەکەن هەڵدەستێتەوە.

**ئێمە دەتوانین خۆمان لە رکەی تابۆکانی سوننەتێك رزگار کەین و بە شێوەیەکی رەخنەگرانە بیر لەم پرسە بکەینەوە کە ئایا دەبێ ئەو سوننەتە قبووڵ بکەین یا تووڕی هەڵدەین؟**

مێتۆدۆلۆژی پۆپێر نایهەوێ بە شێوەیەکی زەنجیرە پلەیی چاو لە جیهان بکا، جا بەم پێیە هەر چەشنە داوەرییەکی بایەخ ناسانە وەلا دەنێ. ئەم مێتۆدۆلۆژییە لەو رووەوە ئەمجۆرەی رادنیتسکی دەڵێ، فەزای جۆرێك شۆڕشی کۆپێرنیکی لە بەستێنی روانگە فەلسەفیەکان دەکاتەوە. بەم هۆیەیە کە دەکرێ عەقڵ باوەڕی رەخنەگرانە وەك جۆرێ فەلسەفەی رۆشنگەرانە بزانین، چونکی هەم فرە چەشن خوازە و هەم باوەڕی بە هەڵە کردنی مرۆڤ هەیە و هەمیش خوازیاری ئاڵ و گۆڕی جۆراوجۆری هزرەکان و بیرۆکەکانە با لە روانگەیەکی غەیرە دینیشەوە بێت.

زۆر یەك لەم پرسانەی پۆپێر دەیانهێنێتە ئاراوە، پێوەندییەکی نزیکیان لە گەڵ ئەم ئەندێشانە هەیە.

بۆ وێنە داکۆکی ئەو لە سەر پێداویستی بوونی جۆرێ فرە چەشن خوازی لە هەرێمی بیرۆکە رەقیبەکان و باوەڕی ئەو بەوەی کە دەبێ هەوڵ بدەین لە نێوان بیرۆکەکان و کەسایەتی کەسانێ کە وەدی هێنەری ئەم بیرۆکانەن جیاوازی دابنێن.

چونکی دەکرێ بیرۆکەکان بدەینە بەر رەخنە بێ ئەوەی پێویستیەك بە رەخنەی ئافرێنەرانی ئەوان بێت، و بە تایبەت ئەو ئەندێشەیەی ئەو کە دەبێ تا شوێنی گونجاو بیرۆکەکانمان باوێینە ژێر تیشکی رەخنە.

بە بڕوای من گرینگترین دەسکەوتی پۆپێر لە بەستێنی فەلسەفەی سیاسی پێشکەش کردنی وێنەیەکی ئەوتۆ لە چییەتی ئاوەزمەندییە کە ئێمە دەتوانین هیوامان بە رێکخرانی عەقڵانی کۆمەڵگا بێت بێ ئەوەی تووشی ئەم عەیبانە بین کە بە شێوەیەکی عادەتی لە ناخی ئەم چەمکە دایە. پۆپێر بۆ بەرگری لە کۆمەڵگای ئاوەڵا جەخت لە سەر ئەوە دەکا کە ئێمە دەبێ فێر بین لە گەڵ ناپێگەیشتوویی، قەناعەت پێ نەهێنان و قەیران(بە مانای ریشەیی ئەو واتە **Krisis** بڕیار دان یا دەسەڵاتی جیا کردنەوە) ژیان بەسەر بەرین. بە بڕوای پۆپێر، کۆمەڵگای ئاوەڵا لە هەمان کات دا کە دەبێتە هۆی پێشکەوتن، پەرێشانی جەماوەریشی بە دواوەیە و بەرپرسایەتی جۆراوجۆر بە سەریان دادەسەپێنێ. خاڵی بنەڕەتی تێفکرینی پۆپێر لەوە دایە کە ئێمە لە تەواوی خەونەکانی پێوەندیدار بە کەماڵی کۆمەڵایەتی پاشگەز دەکا، ئەم رۆیایانەی زۆر جار لە کردەوە دا دەبنە دەرەنجامی شکڵی جۆراوجۆری بەربەریەت.

بەم هۆیەیە کە تەواوی بۆچوونەکانی سیاسی و ئەخلاقی پۆپێر بەرگرییەکانی ئەون بە دژی شۆڕش و بە قازانجی رێفۆرمخوازی، دژی غەیرە عەقڵخوازی عاتیفی یا عارفانەن و بە قازانجی خودموختاری تاکەکەسی و گفتوگۆی نێوان جەماوەر.

پۆپێر لێرە دا لە گەڵ کانت هاوڕایە کە دەڵێ: «هیچ کەس ناتوانی زۆریم لێ بکا بۆ گەیشتن بەو خۆشبەختیەی پەسندی کەسانی ترە.» کە وایە هەر کەس خۆشبەختی خۆی دەبێ بۆ خۆی هەڵیبژێرێ. پۆپێر لە وتوویژ لە گەڵ جۆرج ئەربان لە کتێبی کۆتایی ئیمپراتۆری دا دەڵێ: «من لەمەڕ ئایندەوە بە تەواوی بێلایەنم. بەرامبەر بە ئایندە هیچ جۆرە پێشبینییەك ناکەم، چونکی بڕوام وایە کە ئایندە ئاوەڵا و ئازادە و هیچ پێشبینییەکی دیاری کراو قەبووڵ ناکا.» دەتوانین بڵێین کە پۆپێر لەم پرسە دا باوەڕی وایە کە تاکی ئازاد و خودموختار بوونەورێکی بەرزەخوازە و بایەخەکانی ئەو بە تێکڕایی بەرهەمی کردەوەی ئازادی ئەون. ئەوتۆ مرۆڤێك پێمل و خۆ بە دەستەوەدەر نییە، بەڵکوو لە سەربەخۆیی نەزەری و کردەوەیی بەهرەمەندە و بۆ گەیشتن بە ئازادی خۆی لە عەقڵی رەخنەگری خۆی یارمەتی وەردەگرێ. پێویست بە گوتن نییە کە لە روانگەی پۆپێر گەیشتن بەمجۆرە ئازادیانە تەنیا لە رێگەی فرەچەشن خوازی و ئیمان بە هەبوونی یاسایەکی تاقانە سەبەبی ئارامیش هزر و دڵی مرۆڤەکان پێك دێنێ. بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەم پێوەرە هەر چی بێت، بە هۆی سفت و سۆڵ بوون لە رووبەڕوو بوونەوەی راستەوخۆ لە گەڵ ئاڵ و گۆڕە پێشبینی نەکراوەکان رادەوەستێ و ئەم کاتە دەبێتە کەرستەیەك بۆ پاساوی توند و تیژی و بەربەریەت لەم جۆرەی کە «پرۆکرۆست» رێگری ئەفسانەیی ئەساتیری یۆنان دەیکرد.(واتە هەر کەسێکی بە دیل دەگرت لە سەر مێزێك رایدەکشاند، ئەگەر قوڵەتر لە مێزەکە بوایە ئەندامەکانی لە باڵەیەك دەکێشاوە و ئەگەر درێژتر بوایە سەر ولاقی دەبڕی تا ئەندازەی مێزەکە بێت)، واتە بۆ پێوەندی دانی ئەندێشەکانی ئەوڕۆیی بە مۆدێلێکی دیاری کراو کە لە رابردوویەکی تێکەڵ بە خەیاڵ سەرچاوە دەگرێ، کەسەکان و بیر و رای لە سەر مێزی نەشتەرکاری مێژوو لەتلەت دەکرد.

لە حالێك دا فرەچەشن خوازی لە روانگەی پۆپێر باوەڕی بە فرەچەشن بوون لە ئامانجەکان و مەبەستەکانی دژی مرۆڤایەتی دایە، و دەزانێ کە ئەم ئاکامانە لە دژایەتی دایم لە گەڵ یەکدان. بەڵام یەکێتی خوازی بە پێچەوانە کۆی بایەخەکان بە پێوەرێکی تاقانە هەڵدەسەنگێنێ، خودموختار بوونی مرۆڤەکان لە بەر چاو ناگرێ. لێرە دا پۆپێر لە گەڵ کانت هاوڕایە کە هەموو مرۆڤەکان شیاوێتیان بۆ حکوومەتی ئاوەزمەند و توانایی دامەزرانی کۆمار هەیە.

کە وایە لە روانگەی ئەو رێگای گەیشتن بە ئازادی و کۆمەڵگای ئاوەڵا دەکار هێنانی ئەم کردەوانە نییە کە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤایەتی بێ، بەڵکوو کردەوەیەکە کە خودی کەسەکان دەکەونە سەرچاوەی دامەزران و ئاڵ و گۆڕی ئەو.

بە گوتەی پۆپێر "عەقڵ، مەنتیق، و رەوشتی زانستی خوازیاری کۆمەڵگایەکە ئاوەڵا و فرەچەشن بێت و لە هەناوی دا بیر و رای دژواز و لێك نەچووش بێنە ئاراوە. مەبەستەکان و ئارمانە دژە یەکەکانیش لەبیر نەچێ. کۆمەڵگایەك کە لەودا هەر کەس ئازاد بێت لە بارودۆخ و پرسەکان بکۆڵێتەوە و رێگا چارەیەك پێشنیار کا، کۆمەڵگایەك کە لەو دا هەر کەس مافی هەبێت رێگا چارە پێشنیار کراوەکانی ئەوانی تر و لە هەموان گرینگتر دەوڵەت بێنێتە بەر رەخنەوە، چ لە بارەی ئایندە و چ لە کردەوە دا، لەوانەش باڵاتر کۆمەڵگایەك کە لەو دا سیاسەتەکانی دەوڵەت بە پێی ئەو رەخنانەی لێی دەگیرێ بگۆڕدرێ."

پۆپێر بۆ رەت کردنەوەی ئەم چەمکە کە دەکرێ ئایندە بە شێوەیەکی زانستی و بە پاڵپشتی یاساکانی مێژوو پێش بینی بکرێ، چەمکی کۆمەڵگایەك کە بە تەواوی بە پێی نەخشە و بەرنامە ئیدارە دەکرێ رەت دەکاتەوە و بەو ئاکامە دەگا کە مێژوو جگە لەو شتەی مروڤ بە سەری دا دەسەپێنێ مانایەکی نییە.

جا لە راستی دا گەورەترین رەقیبی پۆپێر وەکوو رۆشنگەرێکی ئەوڕۆیی، لە مێژووی فەلسەفەی سەدەی نۆزدەهەم لە گشتایەتێکەی دایە، واتە سەدەیەکی رۆمانتیك و دژە عەقڵ کە دەسکەوتەکەی ئایینی پەرسی یانەی چەمکی جەماوەر بوو و رەسەنایەتی هزرێکەی بانگەشەی کەشفی چەمکی مێژوو، واتە دەرکی ئەم خاڵە کە هەموو شتێ لە ژیان دا بە شێوەی مێژوویی دەگۆڕدرێ و مێژوو هێزێکە کە بۆ لای ئاکامێکی تایبەت دەڕوا.

پۆپێر ئەم پێوەندییەی لە نێوان عیرفانی مێژوویی سەدەی نۆزدەهەم و قوتابخانەکانی تۆتالیتێری سەدەی بیستەم بوونیان هەیە بە باشی دەبینێ. بەم هۆیەیە کە ئەو لە بەرامبەر گومانەکانی سەدەی نۆزدەهەم، دەست بە گەڕانەوەیەکی هوشیارانە بۆ فەلسەفەی رۆشنگەری دەکا، فەلسەفەیەك کە هەم عەقڵ باوەڕە و هەم جیهان باوەڕە و لە دوای پێشکەوتنێکە کە پاڵپشتی نەك بەخت و چارەنووس بەڵکوو هەوڵی مرۆڤەکانە.

پۆپێر، وەکوو بیرمەندانی چاخی رۆشنگەری، فەیلەسۆفێکە کە بە دژایەتی لە گەڵ سوننەت و سوننەت خوازی هەڵدەستێتەوە و ئەم ئەندێشەیە کە سوننەت شتێکی نەگۆڕە بە توندی رەت دەکاتەوە. لە ناو بیری ئەو سەرەڕای بەرتەسکیەکانی ناسین و عەقڵ، دەکرێ تەنانەت بەرامبەر بە تەواوی سوننەت رووبەڕوو بوونەوەیەکی رەخنەگرانەمان هەبێ.

ئەو دەڵێ: "ئێمە دەتوانین خۆمان لە رکەی تابۆکانی سوننەتێك رزگار کەین و بە شێوەیەکی رەخنەگرانە بیر لەم پرسە بکەینەوە کە ئایا دەبێ ئەو سوننەتە قەبوڵ بکەین یا تووڕی هەڵدەین." جا لە بیر و رای پۆپێر دا جگە لەوەی رەخنەیەکی جیدی بەرامبەر بە گەڵاڵەکانی ئارمانی کۆمەڵگا بوونی هەیە، رووبەڕوو بوونەوەیەکی پۆزێتیڤیستیش هەر وەها لە گەڵ چاك سازی مەعریفە دێتە گۆڕێ، بەم مانایە کە ناسینێکی باشتر و مەنتیقی تر و هەڵوەشانەوە هەڵگرتر دەتوانێ رێگا بۆ شێوازە تازەکانی پێك هێنانی ئاڵ و گۆڕ و چاك سازی کۆمەڵگا خۆش بکا.

لە ئاوریلی ١٧٧٨، ڤۆڵتێر دوای یەکەمین سەرکەوتنی دواهەمین تراژێدیەکەی ئایرن(**Irene**) کە دیسانیش سەرەڕۆیی و نالێبوردوویی بەرامبەر بە بیر و را و باوەڕی کەسانی تر دەداتە بەر هێرش، فێردریکی دووهەم پاشای پرۆس لە شادی و خۆشی خۆی بەشدار دەکا و پێی دەڵێ: "من بیست نیشانەم بۆ ئەم پێشکەوتنانە دیتووە کە فەلسەفە سەرئەنجام لە تەواوی بارودۆخێك گەیشتۆتە ئەنجام دانیان. جا راستە کە ئاخرێکەی مرۆڤەکان بیرەکانی یەك روون دەکەنەوە و ئەم کەسانەی کەوا گومان دەکەن ئەرکیان ئەوەیە بینایی ئەوان تار بکەن هەموو کات بۆ ئەوتۆ کردەوەیەك ئازادی رەهایان نییە."

دەکرێ تەواوی جەنگی رۆشنگەری لەم رستەیە دا کورت بکەینەوە. جا ئامانج ئازاد کردنی ئەم مرۆڤانەیە ئەسیری پێش داوەریەکان و بیروڕای ناڕاستن لە رێگای لێدوان و گفتوگۆی ئاوەزمەند و پێکەوەی ژیانی ئاشتیانەی بیرۆکەکان.

چاخی رۆشنگەری چاخی فەیلەسوفان بوو، بەڵام نە بە مانای فەلسەفەی سوننەتی، بیروڕای مەدرەسی(ئەسکۆلاستیك) یا مێتافیزیکی کلاسیك، بەڵکوو بە مانای ئیرادەیەك بۆ روون کردنەوەی سیستماتیکی راستەقینەی مرۆڤایەتی لە گشت رواڵەتەکان و رەنگ دانەوە جۆراوجۆرەکانی ئەو. بەم جۆرە فەلسەفە نییە، بەڵکوو فەلسەفە وەکوو ئیرادەی ناسینێکی ئاوەزمەند لە سەر ئەساسی نۆڕمەکانی رۆشنگەری رەخنەگرانە لە هەموو شوێنێك هەیە.

لەم روانگەوە کارڵ پۆپێر بیرمەندێکە کە کوڕی شیاوی چاخی رۆشنگەرییە، چونکوو ئەو ئەم دروشمە گرینگەی رۆشنگەری بە هی خۆی دەزانێ: "ورەی بیر کردنەوەت هەبێت." و : "دوای تاریکی رووناکاییە." گرینگتر ئەوە کە لە سەردەمێك کە بە ناوی تاریك بیر کردنەوەی نوێ ئاوەز و ئاوەز باوەڕی لە هەر لایەکەوە دەکەوێتە بەر پەلامار و رەخنە، ئاوەز باوەڕی رەخنەگرانەی پۆپێر یەکێ لە تەوەرەکانی گرینگی فەلسەفەی ئەوڕۆیە کە بە کەڵك وەرگرتنی رەخنەگرانە لە ئاوەز و لێدوان و وتووێژی پێویست بۆ چاك کردنی بەرەبەرە و پتەو کردنی کۆمەڵگایەکی ئاوەڵا و دێموکڕاتیك، بە بێ روانگەیەکی قودسی و ئارمانی جەخت لە سەر بایەخەکانی چەشنی زانست، هەقیقەت، ئازادی و پێشکەوتن دەکا.

ژێدەر:
مدرن ها / رامین جهانبگلو / تهران / نشر مرکز / ١٣٧٦

# یادێك لە شامی كرماشانی

ئامادەكردن: مووسا باباخانی

لە زۆر كۆڕ و كۆمەڵ دا كە باسی شاعیرانی كورد دەكرێ، بە داخەوە ئاماژەیەك بە شاعیرانی ناوچەی كرماشان و ئیلام ناكرێ كە پێم وایە ئەویش زیاتر دەگەڕێتەوە سەر تێكەڵ نەبوونی فەرهەنگ و هیندێك شتی دیكەی ئەو ناوچانە لەگەڵ ناوچەكانی دیكەی كوردستان.

یەكێك لەو شاعیرە لەبیر كراوانە "شامی كرماشانی" یە كە تەنانەت لەكاتی خۆیدا بەو جۆرە كە پێویست بووە ڕێزیان لێ نەگرتووە. هەر بۆیە هەژار شاعیری گەورەی نەتەوەكەمان لە پێشەكی دا "چەپكە گوڵی" شامی دا دەڵێ: ئەگەر شامی سەر بە گەلی كورد نەبوایە، ئەگەر هێندە بێ كەس و هەژار نەبوایە، ئەگەر لە بەهرەی بینایی بەشی بوایە، ئەگەر و ئەگەر... كە بەداخەوە هەزاران ئەگەر و خوزگە هیچیان لێ شین نەبووە. لێم روونە كە ناوبانگی شێعری لە زۆر ئاقاران دەبینرا. "شامرادی مشتاق" كە ناوبانگی بە شامی دەرچوو ساڵی ١٣٢٨ هـ ـ ق لە شاری كرماشان لەدایك بووە. سێ ساڵان بووە كە نەخۆشی سوورێژە دەگرێت و بەهۆی ئەو نەخۆشی یەوە هەردوو چاوی لەدەست دەدا و لە منداڵییەوە دنیای رووناكی لێ تاریك دەبێ. خۆی دەڵێ:

**هەنوز نەشناسم چەپ و راسێ دەست**
**دەستێ جەهاندار جەهانبینم بەست**

پاش كوێر بوونی زۆری نەخایاند كە باوەشی دایكی كە شامی جاروبار تێیدا ئارامی دەگرت و بۆ دەمێك خەمی دنیای تاریكی دەوروبەری لەبیر دەبردەوە، سارد دەبێتەوە. چۆنیەتی ژیان تاڵی لەوە و پاشان لە شێعرەكانی دا دەبینین. هەر بۆیە خۆی لە خەمی لەدەست دانی دایكی دا دەڵێ:

**سێ ساڵە نیمە تفڵ و خاروزار**
**مادەرم وەدەرد سەختی بی دوچار**
**شەش ماهێ تەمام وەبانێ جا بی**
**عاقبەت دەوای دەردەش فەنا بی**

لەو رۆژگارەدا رادیۆ و تەلەفیزیون نەبووە و خەڵك بەتایبەت زستانان، هەر شەوێ لەماڵ یەكێك كۆ دەبوونەوە و شێعریان دەخوێندەوە و قسەی خۆشیان دەكرد. شامی بۆ خۆی دەڵێ لەو كاتە دا شێعرەكانی "مەلا ئەلماس خان" و "غولام رەزا لوڕ" و "سەید سەلاح" لە كرماشان زۆر باو بوون. منیش زۆرم حەز لێ دەكردن و باشم گوێ بۆ دەگرتن. هێدی هێدی وام لێ هات لە زۆر شوێن ئەگەر بەشی ئەوەڵی شێعرەكەم دەبیست، بە زەوق باقی شێعرەكەم پی دەزانی بەو بۆنەوە تێ دەگەیشتم كە بۆ خۆشم دەتوانم شێعر بڵێم.

بەو شێوە كە تەمەنی نیشانی دابوو پیرتر دیار بووە و نەخۆشیش زۆری بۆ هێنابوو و خەڵكیش قەدریان نزانیوە و كەمتر ڕێزیان لێ گرتووە و لێ یان پرسیوە و تەنانەت جارێكیش نەفەرێك شێعرەكانی لێ دەستێنێ و دەڵێ بۆتی چاپ دەكەم، كەچی دوایی بەناوی خۆی بڵاوی دەكاتەوە.

لە شوێنێكی دیكە دا بۆ خۆی دەڵێ:
لەسەر هەموو ئەوانە شێعری زۆرم كوتوە كە كەسێ نەبووە پێی بڵێم بیان نووسێتەوە و خۆشم لەبیرم نەماون و فەوتاون. شامی بەو شێوەی خوارەوە بە زمانی شێعر باسی چونیەتی لەدایك بوون و وەزعی ژیانی خۆی دەكا:

**روزی كەمن بیم وەمادەر پەیدا**
**قەومان وەشادی وەخت بی بوون شەیدا**
**شوكر خوداوەند وەجا ئاوردەن**
**جەشنی وەشادی من بەرپا كردەن**

**شەوێ پازدەهوم ساعەت كردەن خۆشی**
**ناو بەندە نان "شامی" ستەم كەش**

بەو شێوەیە كە ماموستا هەژار لە پێشەكیی كتێبی شامی "چەپكە گوڵ" دا دەڵێ: ژیانی پڕ بووە لە دەردو مەینەت و چەرمەسەری و لە پێشەكیی یەكەمی شێعری شامی، حاڵ و باڵی ترش وتاڵی، پڕ لە كتووكەند و چاڵی، ژینی شامیم شی كردەوە هەر بۆیە بۆ خۆی دەڵێ:

**یەشەو دلگێر بیم لە دونیای دوورەنگ**
**وەگەرد تاڵەی ویم مەكردم جەنگ**
**واتم ئەی تاڵەی شوم كەج بونیاد!**
**بەرباد بای، تو دای وەبەر باد**
**بەدیم چەس؟ گەردون بەركرد وەگەردم**
**تاكەی خوێن دل ئەدەی وەخوەردم؟**

سەرەڕای ژیانی سەخت و ئاوارەگی، شامی بۆ ماوەیەك وتەبێژی ڕێكخراوی موسلمانگەلی موجاهید بووە و بەو شێوە كە شێعری بەكاتی نەتەوەیی كردنی زانستی نەوت وتووە، دەردەكەوێ كە پەیگیری سیاسەتیش بووە.

**ئەوزاع مەملەكەت دەرهەم بەرهەمە**
**وینەت زوڵفێ یار پر پیچ و خەمە**
**نیمی لەملەت دوچاری غەمە**
**رشتەی زندگی خەیلی موحكەمە**
**وەرنەو ئاسان گیان مەدەن وەدەس**
**دوكتور موسەدێق تەكلیفمان چەس؟**

ئەگەر بمانەوێ باسی خۆشەویستی شامی لای گەلی كورد بەتایبەت دوو پارێزگای ئیلام و كرماشان بكەین تەنیا ئەوە بەسە كە ئاماژە بەوە بكەین كە شێعرەكانی وی كە ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی بە تیراژی ٢٠ هەزار جلد چاپ و بڵاو كرایەوە. چەپكە گوڵەكەی شامی ئامادەی چاپ و بڵاوكردنەوە بوو كە شامی كوچی دوایی كرد واتە ساڵی ١٣٦٢ پێش ئەوەی بەرهەمی ژیانی تاڵی خۆی ببینێ.

**وەرگیراو لە پێشەكیی كتێبی (چەپكە گوڵ)ی شامی، نووسینی هەژار موكریانی**



# چارەنووسی كەسایەتی

مستەفا شێخە

بۆ ئەوەی لە تۆزی هات و چۆی ماشێنەكان بە دوور بێت، تەواوێك دوور لە جادەكە دانیشت. سەیرێكی كاتژمێری سەر مەچەكی كرد. بە دیار جادەكەوە كە وەك تووڵە مارێكی درێژ دوور دەكەوتەوە و باریك دەبۆوە و كلكی لە داوێنی كێوەكان دەهاڵاند، بارستایی كتێبەكانی ئەم دیو ئەودیو كرد. دەفتەرەكەی دۆزیوە. كەسایەتیەكانی چیرۆكی نەنووسراوی دەورەیان دابوو. هەر هەموویان وەك قوتابیانی قوتابخانەی گوندەكە، قامكیان بەرز دەكردەوە و دەستیان لە سنگیان دەدا بۆ ئەوەی بێنە بەرەوەو وانەی رابردوو سەر لەبەر بڵێنەوە. گەرچی وانەكان لە یەك كتێب بوون و یەك ماموستاش شەرحی دابوون، بەڵام تا ئێستا هەر قوتابیەك بە راڤە و بۆچوونی خۆی دەرسەكانی وەرگرتبوو و گێڕابوویەوە. گێڕانەوەی هیچكامیان وەك ئەوانیتر نەبوو. لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە، ئەو قوتابیانەی دەرسەكانیان گێڕابۆوە و رەنگە ئەوانەی لەمەو دواش نۆبەیان دەهات هەر بەم شێوەیە دەرسەكانیان بگێڕابایەوە.

قەڵەمەكەی دەرهێنا. خەریك بوو بناغەی چیرۆكێكی تازە دارێژێت. كەسایەتیەكان راست دەبوونەوە. بە پێچەوانەی قوتابیەكان بە هۆی نەبوونی مێز و كورسی لەو دەشتەدا، چوار دەورەیان تەنیبوو. قامكیان بەرز دەكردەوە و دەستیان بە سنگیانەوە دەنا و داخوازی ئەوەبوون بێنە بەرەوە و چیرۆكی خۆیان بگێڕنەوە. ماوەیەك دوودڵ بوو گوێ رایەڵی كام بە سەرهات بێت و كێهە قەڵافەت بۆ چیرۆكەكەی هەڵبژێریت. دەستی هەموانی دابەزاندەوە. قەراری دا بە بیچم و قەڵافەت و رووخساریان دا نەك رابردوو، بەڵكوو ئێستا و داهاتووی ژیانی هەركامیان بنووسێتەوە.

كیژۆڵەیەكی باڵا بەرزی روو گەندوومی سەرنجی راكێشا. بۆ ئەوەی لێی نیزیك بێتەوە، ناچار بوو خۆی بگۆڕێ. شەلوارە تەسكەكەی دانا و كراس و پاتۆلێكی فش و فۆڵی دەبەر كرد. بە بیانووی كار كردن لە مووچە و مەزرا، باس و خواسی كار و باری وەرزێری دەس پێ كرد. هەرچی كردی هیچی بۆ نەچۆوە سەر یەك. بۆی نەدەكرا شتێك لە ژیانی ئەم كچەتیوە هەڵگرێنێ. بە لەپی دەستی شەقەی لە نێوچاوانی هێنا و بە ناچاری خۆی بوو بە كەنیشك. وای لێهات دەگەڵ كچەكە دەتگوت سێوێكن و لەت كراون. كراسێكی سپی ئاماڵ سەوزی دەبەر كرد. كە تاسكەتاسكی دەكرد، مەمكە قوتەكانی گنجیان لە كراسەكە دەبڕی و دەتگوت بە سنگی دا هەڵدەچن خەریكن یەخەی بدڕن و دەرپەڕن. دەستەخوشكانی گەمارۆیان دابوو. دەنگی مۆسیقاو ئاهەنگی هەڵپەڕكێ ئۆخژن و خۆشیان لە دەروون دا دەوروژاند. گەرەكی بوو زاوا لەبیر باتەوە. تازە كار لە كار ترازابوو. ئەو دڵی دابوو بە یەكی تر. یان بە قسەی خۆی دایك و بابی ملیان پێ راكێشابوو بۆ ئەوەی دەگەڵ كچێكیتر زەماوەند بكا. هەرچی بێ جیا ببۆوە و سەرەتای ژیانێكی تازەی دەست پێ كردبوو. نان ئەو نانەیە ئەوڕۆ لە خوانە. واباشە لە شاییدا بۆ بە شوێن ئاواتی دڵی دا بگەڕێ. سەیرێكی خۆی و كیژەكانی بەشداری شایی كرد. بەسەر هەموویانی وەبوو. جلەكانی زۆر بە ساكاری و بێ سەرنجدان پۆشیبوو بەڵام لە هەموویان رازاوەتر بوو. نەدەبوو ئەم دەرفەتەش لە كیس بدات. داخوا كەی شاییەكی ئەوتۆ ساز دەبێتەوە. كیژ و كاڵ تێكەڵ دەبن و بۆیان دەكرێ قسەی دڵیان بە گوێی یەكدا بچرپێنن و ئەگەر سەودا سەر بگرێت شان بە شانی یەك هەڵپەڕن. ژوانگە دەسنیشان كەن و پاشانیش شاییەكی لەم چەشنە ساز دەن. كیژ و كاڵان كۆ كەنەوە و لە شایی ئەوانیش‌دا هەڵپەڕین و سرت و خورت ساز بێتەوە و ژوانگە دیاری بكرێن... ئەگەر وابا شایی یەكەم وەك بنەداری بە پڕژەڵی لێدەهات. چەند لكی دەر دەكردن و هەر لكە و چەند لكی تر. جا هەر خوا دەزانێ نەمامی یەكەم لە كەیەوە نێژراوە و پڕژەڵ لق و پۆپی دەگەنە كوێ.

لاوێكی جوان چاكی دەسنیشان كرد. لە گەڕی شایی‌دا هەڵدەپەڕی. هەردوو دەستی بێ دۆ بوو. كەلێنێكی باش بوو بۆ ئەوەی خۆی تێ بخزێنێت. لەوە دوو دڵ بوو دەزگیرانی هەبێ یان دڵی دابێ بە كەسێكیتر. یان ئەوەندە شەرمێون بێت لە دەستی راكات. خۆی بۆ رانەگیرا. یەكێ لە دەستەخوشكەكانی لەو تەمایە ئاگادار كرد. دەستێكی بە سەر و پرچی داهێنا. پشتێنەكەی هەڵكێشاو گنجی كراسەكەی رێك و پێك كرد. لە بەر چاوی دەتگوت گەڕی شایی هەنگاوێك نایەتە بەرەوە و هەر لە جێوە پێ لێدەدەن. بۆ ئەوەی كەسیتر شوێنی دیاری كراو نەگرێتەوە، چەند هەنگاوێك رۆیشتە پێشەوە و بە پشتەوەی گەڕی شایی‌دا لە سەرەتای ریزی ئەو كیژانە راوەستا كە تەمایان بوو هەڵپەڕكێ بەڵەكتر بكەن. پەنجەیەكی لە شانی راستی دا و زنجیرەی شایی قووتی دا و لە خۆی گرت. بێ ئەوەی سەرنج بداتە رەوتی هەڵپەڕین، لە گەڵ ئاهەنگی مۆسیقا لە یەكەم هەنگاودا رێكی رەشبەڵەكەكە هەڵدەپەڕی. تەزوویەكی گەرم هەموو لەشی داگرت. لە بەرا هەردوو پەنجەكانی شل گرتبوو. وەك ئەوەی بە تەنیا هەڵپەڕی دەستەكانی شل بەردابوونەوە. خێسەیەكی بۆ لای چەپی كرد. شانێكی لە شانی داو پەنجەی رێك گوشی و بە نەرمە بزەیەكەوە لە گەڵ خێرا بوونی هەڵپەڕینەكە رووی بۆ لای راست وەرسوڕاندەوە. بە وەڵامی پەنجە گوشینەكە شەرمێكی كچانە دایگرت و بۆ دەرچوون لەو بار و دۆخە سەری بەرز كردەوە و بە سەر حەشامەتەكەدا لەولاتری روانی. ئەو كەسایەتیانەی خۆی لە مابەینیاندا هەڵبژێرداربوو، لە گەڵ قوتابیانی ئاوایی تێكەڵ ببوون، بۆ ئەوەی بێنە گەڕی شایی و دەدەستی‌دا هەڵپەڕن، قامكیان بەرز دەكردەوە و دەستیان لە سنگیان دەدا.

هێشتا یەكەم دێڕی دەفتەرەكەی رەش نەكردبوو. لە شووشە كراوەكانی مینی بووسەكەڕا هاوكارانی بانگیان دەكرد: زووكە درەنگە. دەكرێت لە ماڵەوە بە رێنووسی قووتابیەكانت دابچیەوە. پێیەكی لە سەر ركێفی دەرگای مینی‌بووسەكە دانابوو. هەموو كەسایەتیەكان و قوتابیەكانی قامكیان بەرز دەكردەوە و دەستیان لە سنگیان دەدا. نەیدەزانی دەیانهەوێ چیرۆكی ژیانیان بڵێنەوە یان لە گەڵیدا سواری پاسەكە بن؟

# ڕەشێكی كوردستانی

هەرمان

من نوور نیم
ڕەنگەكان بمگۆڕن
ڕەنگیش نیم،
لە تێكلاوییەكان بگۆڕدرێم
سنوور نیم،
بە هێرش یا خود ئیمزایەك بگۆڕدرێم
سەدان جار بمنووسن و بمسڕنەوە
هەر عاشقە راستەقینەكەتم
كوردستانم!!

لە چاوی ئێمەدا عاشقی تۆ! ئەمە ئەوسا سەلما كە دوای هەڵوێست گرتنت، فەرمووت "قژم ڕەش ئەكەم، ڕەشێكی رۆژهەڵاتی"!!

لە نیگای ئێمە دا، تۆ خەیاڵ نیت، راستەقینەیەكی حاشا هەڵنەگر، تۆ ئاوابوون نیت، هەڵهاتنیت تۆ!! ئەمەت لە ڕابوونەوەت لە رۆژانی ڕەشی ئاوێتە بوو بە ڕەنگی سووری ڕۆڵەكانی نیشتمان سەلماند. زاناكەی رۆژهەڵاتم! هەنۆكە خەریكی شەوكوژی و تاریكی بەزاندنم و هاوڕێم ئەو كۆوتارانەتە كە بە زمانی شیرینی زگماكیمان كراونەتە كتێبێك!!

چ سەیرە، دووكەڵی جگەرەم تەنیا دێڕێكی بۆ ون نابێ و داناپوشرێ "هەرگیز لە ژن بوونم پەژیوان نیم"!! ئاخۆ بۆ چ پەژیوان بیت؟ تۆ كە جێی شانازی خاك و خەڵكی، تۆ ئەی پشتیوانی لە چیا بەئەمەگتر و قایمتر لە ڕێی رزگاری وەتەن دا!

من بڕوامە ئەو نیشتمانە تەواری زۆرترە لە هەڵۆ! تەواری دڵ بەسۆ، تەواری ون ناو، تەواری دیل، تەواری دیلی، تەواری هەڵۆ پەروەر!!

لەیلا زاناكەی رۆژهەڵاتی وڵاتم، لەو رۆژانەی سەرنەیزە، لەسەر جەستەی لاوانی وڵاتم ئیمزای یادگاری بەدەست داگیركەرانی شەوپەرەست جێ دێڵێ، تەپڵەك جەستەی پیر و گەنجانە بۆ جگەرەیان! بۆ ئەوەی ئاتۆ نەدەیت بەر دەستەوە، چۆن بڕوات بە توند و تیژی نەبوو! مان گرتنت هەڵبژارد تا بگەیتە گۆڕەپانی ویست و لەوێدا پەیكەری داواكاری بەرپا بكەی، كە شایەد بۆ ساتێ بەزمی سەركەوتن لە دەوری دا بگێڕی!؟ چ سەیرە، تەوارە ئاویەرییەكە، تۆ ناسیبوونت و سوور بووی لەسەر هەڵبژاردنت، زانین دیالۆگ بێ مانایە لایان، تۆ تازە گوڵی مێژووی ئەم گەلەی، تۆ باش شارەزاییت لەسەر مێزی ئەو وتوویژانەی كە لە دەنگی چەكی نامەردان گوێیان كپە!!

بۆیە تەواری لەلامان، چۆن بیركردنەوەت، هەڵبژاردنت و ئاكارت كارستانە كارستان!! نەكا خەم داتگرێ! كە ئاویەر بەس تەوارێكی نیە و كوردستان تەنیا ئاویەرێك!! و با پێت بێژم، تەوارەكانی كوتوویانە قژمان ڕەش ئەكەین، ڕەشێكی كوردستانی!!!

# كراسەكەم بۆنی ئامێزی تۆی لێدێ

رزگار

دوای هەموو ژوانێكمان خاتوون
كراسەكەم دەبوو بە پێدەشتی عەترو
لێوڕێژ لە بۆنی ئامێزەكانی تۆ
كەچی ئێستا....
هەموو شكان
گۆزەی ئەشق و پەیمانەكانی دڵیشمان
هەموو وەرین
گەڵای سەر و سێوەكانی تەمەنیشمان
لەوە بەدوا كارێك نەكەین
ئاوێنەكان لە بێ شەرمی ئەوینی ئێمە دا بشكێن.
شاهزادە پاییز دابەزی
ئەگەر نەبم بە پەپوولە دەرگای باخی باوەشیم لێ كڵۆم دەكا
باران دەبارێ خاتوون
پیاسەی ئەو ئێوارەمان هەنگاو بە هەنگاو خوناوە و
مەنزڵ بە مەنزڵ دارهەنار
راستی گوڵم.. هەر ئێستاكە وەرزی سووری زاگرۆسەو
كچەكانی ژاڵەی نێو (قەڵا)ش پشكوتوون
ئەمشەو دەبێ لە خەڵوەتێكی ئاشق دا
حەیرانێكتان بۆ بنووسم.

# پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی‌یەوە

ئاراس یارانی

وەک گەلێک هێزی سیاسیی ئەمڕۆ (ئازادی، دێموکراسی، سوسیالیزم، لیبراڵیزم، پەرلەمان، پارتی) چەمکی مافی مرۆڤیش بیرکردنەوەیەکی ڕۆژئاوایی‌یەوو لە شەڕی دژی سەرەڕۆیی ئایینی‌و سیاسی‌دا بە درێژایی سەدان ساڵ پەیدا بووەو جێی خۆی کردۆتەوە. مێژووو بەسەرهاتی بەیاننامەو تەواوبوونی شەڕی جیهانیی دووهەم‌و شکانی تیئۆریی ناسیونالّ سوسیالیزمی (نازی) لە ئاڵمان دوای کوژرانی پتر لە ٦٠ میلیۆن کەس‌و ویرانی‌و خاپووربوونی زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی لە یەکتر جیاواز نین‌و وڵاتانی ئەو سەردەمە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کردەوەیەکی وا دڕندانەو دژی مرۆڤو ویرانکردن لە جیهاندا ڕوو نەداو مرۆڤ لەوە زیاتر نەکەوێتە بەر پەلامارو مافە ڕەواکانی پێشێل نەکرێن، هەوڵی ڕێکەوتنێکی جیهانی دراو بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتان بیرەکانیان یەک بخەن‌و بۆ دامەزراندنی جیهانێکی نوێ لەسەر بناغەی ئازادی‌و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤو یەکسانیی نێوان دەوڵەتان‌و گەلانی گەورەو بچووک خەباتێکی بێ‌وچان دەست پێ بکەن. بەڵام لە ڕاستی‌دا پاش شەڕی جیهانیی دووهەم لە ساڵی ١٩٤٥دا، جیهان هەر چەند بە ڕواڵەت شەڕێکی دیکەی جیهانیی وای بە خۆیەوە نەبینی کە لە باری ژێئۆپۆلۆتیک‌و ئیستراتیژیکی‌یەوە ببێتە هۆی ئاڵۆزی‌و کەندو کۆسپێکی گەورە بۆ گشت کۆڕو کۆمەڵو گەلانی سەرزەوی، بەڵام لە کردەوەدا پاش ئەوەی کە ئاڵمان شکست‌و رووخانی بە خۆیەوە بینی‌و دابەش کراو دوو جەمسەری ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات پێک هاتن، لە جیهانی سێهەم‌دا خەبات‌و بەربەرەکانیی ڕزگاریخوازانە دەستی پێ کرد، ئیتر زۆر لەو ماف‌و ئازادییانە کە دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانیی دووهەم بەناوی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە جیهاندا وەکوو یاسایەکی ماف پارێزو ڕێزگری حورمەتی ئینسانی ناسێندرابوون، پێشێل کران‌و جارێکی دیکە هەوڵێکی نوێی جیهانی بۆ بیرخستنەوەی ئەو بڕیارانە دەستی پێ کردو سەرلەنوێ زۆر لەو ماددەو پرنسیپانەی کە پێشتر پەسند کرابوون، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات‌و نووسرانەوە.

لێرەدا نامەوێ باس لە چۆنیەتیی دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بیۆگرافیی ئەو ڕێکخراوە بکەم، بەڵکوو دەمەوێ دوو پرنسیپ لە پرنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان واتە پرنسیپی دەستێوەرنەدان‌و پرنسیپی دەستێوەردان لە پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بخەمە بەر باس. لە پێش‌دا ئاماژەیەکی کورت دەکەین بە چەمکی کلاسیکی دەستێوەرنەدان لە یاسای نێودەوڵەتی‌دا. ئەگەرچی چەمکی دەستێوەرنەدان چەندین پێناسەی جیاجیای بۆ کراوەو یاساناسەکان لەسەر پێناسەیەک ڕێک نەکەوتوون، بەڵام باشترین پێناسە بۆ ئەم چەمکە ئەمەیە کە دەڵێ: :مافی دەوڵەت‌و کەسانی نێودەوڵەتیی دیکە بۆ پیادەکردنی ئەو پرنسیپانە کە یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ڕێگەی پێ‌داون بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە کاتی هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی‌دا، لەکاتی پیادەکردندا پابەند دەبێ بەو پرنسیپیانەو بە پێشێلکردنی پرنسیپە نێودەوڵەتی‌یەکانی دیکە"[1]. پرنسیپی دەستێوەرنەدان یەکێکە لەو پرنسیپانەیە کە لە چەند خاڵو ماددەیەکی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ دراوە. ئەگەر چاوێک بە ماددەو بڕگەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بخشێنین، دەبینین کە دەستێوەردانی بە هەموو شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ قەدەغە کردوەو بە کارێکی ناڕەوای داناوە وەک بنەمایەکی گشتی لە پێوەندیی کەسایەتی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکاندا. هەرچەند بواردنی ئەسڵی ئەو بنەمایە لە چەند حاڵەتێکی جیاجیادا کراوە، بەڵام "پرنسیپی دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتاندا پشتی بە هەر دوو بڕگەی (٤و ٧)ی ماددەی ٢ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستوە."[2] زۆربەی یاساناسەکان‌و حکوومەتەکانی دەوڵەتان پشتیان بەو ٢ بڕگەیە بەستوە لەمەڕ پابەندبوون بە پرنسیپی دەستێوەرنەدان‌و سەیرکردنی وەک دەقێکی کلاسیکیی پیرۆز. ئەگەر سەیری ماددەی ٢ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین‌و بە وردی شیی بکەینەوە، دەبینین کە داڕشتنی ئەو ماددەیە بە شێوەیەکی کورت‌و گشتی هاتوەو لێڵی‌و تەمومژی تێ‌دایە. بڕگەی ٧ی ماددەی ٢ بە شێوەیەکی ڕوون تایبەتمەندی‌یەکانی دەوڵەتانی دیاری نەکردوە. سەبارەت بەوەی کە ڕێگە بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نەدا دەستێ تێدا وەربدا. ئەوەش بۆتە هۆی ڕەخساندنی بوارێکی زۆر بۆ

**پاش ئەو پێشکەوتنەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێ گەیشتوەو مرۆڤایەتی ئێستا لە سەردەمی عەقڵییەتی ئینفۆرماتیک‌و زانیاری‌و تێکنۆلۆژی‌و ئازادیی ئابووری‌دا بەسەر دەبا، وا دەخوازێ کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زیاتر لێک نزیک ببێتەوەو پێوەندی‌یەکانی چڕتر بێ‌و هەرچی زیاتر پەیوەستی یەکتر بێ**

**مافی مرۆڤ سنوور ناناسێ‌و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مافی خۆیەتی‌و بە ئەرکی خۆی دەزانێ لە پێناو بەرگری لە قوربانی‌یەکان‌دا، پرنسیپی دەستێوەردان بگرێتە بەر. پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ پێوەندیدار نیە بە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتان، بەڵکوو یاسای نێودەوڵەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە هەرکاتێ ئەو مافانە پێشێل بکرێن، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ماف‌و ئەرکی خۆیەتی لە ڕێگەی دەستێوەردانەوە بە هانای قوربانی‌یەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە بچێ**

خولقاندنی بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بە پابەندبوون‌و ڕێگەپێدانی ئەم پرنسیپە. پسپۆڕانی یاساو زانایانی سیاسەت پێیان وایە کە دەستێوەرنەدان لە یاسای نێودەوڵەتی‌دا بەستراوەتەوە بە سەرەڕۆیی دەوڵەت، لەبەر ئەوە پرنسیپی دەستێوەرنەدان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت بەو بیرکردنەوەیە دەبەستێ‌و پاساوی یاسایی‌و لۆژیکی لەوە وەردەگرێ. "پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان" لە چەند ماددەو بڕگەیەکدا ئەم جۆرە دەستێوەردانانەی قەدەغە کردوە:

١ـ قەدەغەکردنی دەستێوەردانی ڕێکخراو لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتاندا، مادەی (٢)، بڕگەی (٧)

٢ـ قەدەغەکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری دەوڵەتانی دیکەدا، مادەی (٢)، بڕگەکانی (٣و ٤)

٣ـ قەدەغەکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ڕێکخراودا، ماددەی (١٠٠)، بڕگەکانی (١و ٢)

٤ـ قەدەغەکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری هەرێمی نێودەوڵەتاندا، ماددەکانی (٧٤و ٧٦)[3]

پرنسیپی دەستێوەردان: لە ژێر کاریگەری‌و هەژموونی سیستمی نوێی جیهانی‌و گلۆبالیزم‌دا، دەوڵەت بەشێکی زۆر لە چەمکە کلاسیکەکانی لە دەس دا بەتایبەتی ئەسڵی سەروەریی زاتی‌و ئەوەی لە سەری بنیات دەنرێ وەک پرنسیپی دەستێوەرنەدان کە بە یەکێک لە ڕواڵەتەکانی سەرەڕۆیی دەوڵەت دادەنرێ، واتە هەردوو پرنسیپی سەروەری‌و دەستێوەرنەدان بەشێوەی چەمکی گشتی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێستاو سەردەمی نوێ‌دا ناگونجێن. ئەم پاشەکشەیە چەند شێوازێکی بەخۆوە بینیوەو هەندێکیان پێوەندییان بە پرنسیپی دەستێوەرنەدانەوە هەیە کە وەک پرنسیپێکی گشتی نەماوە، بەڵکوو هەڵاواردنی زیاتر بووە. پاش ئەو پێشکەوتنەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێ گەیشتوەو مرۆڤایەتی ئێستا لە سەردەمی عەقڵییەتی ئینفۆرماتیک‌و زانیاری‌و تێکنۆلۆژی‌و ئازادیی ئابووری‌دا بەسەر دەبا، وا دەخوازێ کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زیاتر لێک نزیک ببێتەوەو پێوەندی‌یەکانی چڕتر بێ‌و هەرچی زیاتر پەیوەستی یەکتر بێ، بەم پێیە نەتەوەکان دەرکیان بەوە کرد کە بە شێوازێکی جیا لە سنووری دەوڵەت خۆیان ڕێک بخەن، هەر بۆیە بیریان لە گۆڕینی چەمکی گشتیی سەرەڕۆیی دەوڵەت کردەوە تا ویست‌و ئامانجەکانیان بەدی بهێنن. لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەوڵی زۆرکردنی پانتایی خۆڕێکخستن‌و کارکردن درا بۆ یەکخستنی گەلان لە شێوازێکی دیکەی جیاواز لە شێوازی دەوڵەت‌دا. لە ئەنجامی ئەوەدا چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌و ئاژانسی نێودەوڵەتی دامەزران بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشێوازێکی نوێی کاریگەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤایەتی. بەڵام هەردوو چەمکی دەستێوەردان‌و سەروەریی دەوڵەت بە مانای گشتی، کۆسپی بەردەم وەدیهێنانی ئەو خەون‌و ئامانجانە بوون، بۆیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەنگاوی نا بۆ کەمڕەنگکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت‌و پابەندکردنی سەروەریی دەوڵەت‌و دەستێوەرنەدان بۆ ڕێکخستن‌و چارەسەرکردنی زۆر مەسەلە کە دەوڵەتان پێشتر بۆ کاروباری نێوخۆیی ناویان دەبردو لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتاندا چارەسەریی بۆ دەدۆزرایەوە. هەروەها جگە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی‌یەکان، ئاژانسەکانی تایبەتمەند بۆ چارەسەریی کێشە نێونەتەوەیی‌یەکانیش بەشێوەیەکی ئەکتیڤتر ڕۆڵیان نواند. لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌دا زۆر ڕێکخراوو هێزی جیا لە ڕێکخراوی حکوومەتی هاتنە ئاراوەو لە کایە نێونەتەوەیی‌یەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان بینی، وەکوو ڕێکخراوی ناحکوومی‌و NGOکان‌و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان کە وەک هێزێکی کاریگەر لە پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکاندا بوونی خۆیان مسۆگەر کرد کە بووە هۆی کەمبوونەوەی ڕۆڵی دەوڵەت‌و حکوومەتەکان لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و تەنانەت سیاسیش‌دا.

هەموو ئەم فاکتەرانە پێکەوە بوونە هۆی پەراوێزکردنی چەمکە کلاسیکەکان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌دا بەتایبەت چەمکەکانی پێوەندیدار بە پرنسیپی سەروەری‌و دواتریش پاشەکشەی پرنسیپی دەستێوەرنەدان. ئاڵوگۆڕی پرنسیپی دەستێوەرنەدان چەند شێوازێکی بە خۆوە بینی کە هەندێکیان پێوەندییان بە خودی پرنسیپی دەستێوەرنەدانەوە هەبوو، وەک پرنسیپی گشتی نەمایەوە، بەڵکوو هەڵاواردنەکان هێندە زیادیان کرد کە پرنسیپەکەیان پێچەوانە کردەوەو لە دەستێوەرنەدانەوە کردی بە دەستێوەردان. هەندێکی‌تر پێوەندیی بە پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی‌یەوە هەبوو کە زۆر بوارو مەسەلەی ڕێک دەخست کە پێشتر بۆ کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتان دانرابوون، بەڵام لەگەڵ شێوە گۆڕبوونی سیستمە کلاسیکەکان ئەو پرەنسیپانەش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات‌و سەر لە نوێ لە بەرژەوەندیی یاسای نێودەوڵەتی‌و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی‌دا نووسرانەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی گشتگیر ئامانجەکانی لە دیباچە (پێشەکی)و نێوەرۆکی بەیاننامەکەدا دیاری کردوە، ئەو ئامانجانە هەموو بوارەکانی چالاکی‌یە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری‌و مرۆیی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌دا دەگرێتەوە کە بریتین لە: "١ـ پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ٢ـ گەشەپێدانی پێوەندیی دۆستانەی نێوان گەلان، ٣ـ بەدیهێنانی هاوکاریی نێودەوڵەتی لە کاروباری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌دا، ٤ـ پاراستن‌و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ."[4] کووفی ئەنان، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ لە وتارێکدا لەبەردەم لیژنەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بەوە کرد کە "مافی مرۆڤ سنوور ناناسێ‌و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مافی خۆیەتی‌و بە ئەرکی خۆی دەزانێ لە پێناو بەرگری لە قوربانی‌یەکاندا، پرنسیپی دەستێوەردان بگرێتە بەر. پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ پێوەندیدار نیە بە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتان، بەڵکوو یاسای نێودەوڵەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە هەرکاتێ ئەو مافانە پێشێل بکرێن، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ماف‌و ئەرکی خۆیەتی لە ڕێگەی دەستێوەردانەوە بە هانای قوربانی‌یەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە بچێ."[5] هەروەها سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل لە ساڵی ٢٠٠١دا گوتی: "چیدی نابێ سەروەریی دەوڵەت ببێتە چەترێک بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەرکی ئێمە لەمڕۆوە سەختتر دەبێ لە گەڕان بەدوای ئاشتی لە جیهاندا، نابێ چیتر سەروەریی دەوڵەت ڕێگر بێ لە بەدیهێنانی ئامانجەکانمان."[6]

**چیدی نابێ سەروەریی دەوڵەت ببێتە چەترێك بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەرکی ئێمە لەمڕۆوە سەختتر دەبێ لە گەڕان بەدوای ئاشتی لە جیهان‌دا، نابێ چیتر سەروەریی دەوڵەت ڕێگر بێ لە بەدیهێنانی ئامانجەکانمان**

دەرەنجامی ئەو باس‌و لێکۆڵینەوانە کە لە پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا لەمەڕ هەردوو پرنسیپەکە هاتوون، ئاماژەیە بەوە کە هاوسەنگیی نێوان چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی‌و پرنسیپی دەستێوەرنەدان پشت بە پرنسیپی گرینگی‌و لاسەنگیی ماف دەبەستێ. ئەگەرچی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی دان بە مافی دەوڵەتدا دەنێ لەوەی کە دەس لە کاروباری نێوخۆی وەرنەدرێ، لە بەرامبەر ئەوەش‌دا دان بە مافەکانی مرۆڤو پاراستنیاندا دەنێ بەتایبەتی مافەکانی ژیان‌و ئەو مافانەی لێی جیا دەبێتەوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌یەوە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە مافی دەوڵەت گرینگترە. دەوڵەت کە ئەرکی بنچینەیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە، ئەگەر خۆی ئەو مافانە پێشێل بکا، ئەو پرنسیپ‌و ماددە یاساییانەی کە ئاماژە بە مافی دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی‌دا دەکەن، لە دەس دەدا، چون دەستێوەردانی مرۆیی سەرباری ئەوەی کە بەزاندنی مافی دەستێوەرنەدانی دەوڵەتە، مافێکی گرینگتر دەپارێزێ کە مافەکانی مرۆڤە.

ژێدەر:

١ـ بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ (بەڵگەنامەو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان)، ن: دلێری، عەلی
٢ـ هەمان سەرچاوە
٣ـ هەمان سەرچاوە
٤ـ جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ، ن: کەندالّ نزان
٥ـ پرنسیپی دەستێوەردان لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ن، خەلیل عەبدوڵلا
٦ـ هەمان سەرچاوە

***

# بۆشایی ئاخێوی عەقڵانی لە سیاسەتی دەرەوەو

## قەیرانی ستراتیژی هەلپەساردن لە بیاقی پێوەندیە نێونەتەوەیی‌یەکاندا

ن: شەهرام          و: ناسر فەتحی

لەڕاستیدا هەر ولاتێک وەک سوبێکتیکی حقووقی لە بیاقی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکاندا خاوەنی گوتارێکە بۆ هاوبەشیکردن لە بەڕێوەبەریی نێونەتەوەیی‌دا. دەکرێ بڵێین بیاقی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان بەشێوەی فەرمی لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامە حقووقی‌یەکان دوای ڕێککەوتننامەی "ڤێستڤالی" پێک هاتو سیستمێکی بەتەواوی ئورووپایی بە مەبەستی هاوکێشیی هێزەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیو تایبەتمەندی‌یە ئابووریو سیاسی‌یەکانی زلهێزەکانی ئەوکات پێناسە کرا، کە لەو سیستمەدا کۆمەڵگاکانی دیکە وەک مۆرەگەلێک لە دەستی هێزە گەورەکاندا بوون. کەوابوو ئەو کۆمەڵگا چووکانە بۆ مانەوەیان لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکی‌یەکاندا پێویستییان بە پێناسەکردنی گوتاری سیاسەتی دەرەکیی خۆیان بوو تا لەگەڵ سیاسەتی دەرەکیی زلهێزەکان هاوتەریب بێ. کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم ڕەوتی سەربەخۆیی کۆلۆنییەکانی خێراتر کرد. هەروەها لاچوونی دوو زلهێزی بریتانیاو فەرانسە، جیهانی بە تەواوی بەسەر دوو ئوردووگای لیبرالیسمو کۆمۆنیسمدا دابەش کرد. لەو سەردەمەدا ولاتانی چووکتر هەوڵی نزیکبوونەوەیان لە یەکێک لەو دوو ئوردووگایە دەدا. پێکهاتنی ڕێککەوتننامە ناوچەیی‌یەکانیش بۆ ڕوونتربوونەوەی بلووکەکانیش هەر لەو پێوەندی‌یەدا بوو کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە ڕێککەوتننامە نیزامی ـ بەرگری، ئاتلانتیکو ورشۆ، هەروەها پەیمانە ناوچەیی‌یەکانی سێنتۆ، ئا. س. ئانو... بکەین.

ئیستراتیژیی زاڵ لە ناو سیستمی دوو جەمسەریش گوتارێکی ئورووپایی تەوەر بوو.بەڵام ڕووخانی شۆرەویو پاشان کۆتایی شەڕی سارد، سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەزمی نوێی جیهانی، ستراتیژیی زاڵ بەسەر پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی تووشی گۆڕان کرد. بە شێوەیەک کە داڕشتنی ستراتیژیی نوێی بۆ ئەوپەڕی ئاتلانتیک، واتە بۆ ئامریکا گواستەوە. تا پێش لەو دەورەیە دەتوانین بڵێین کە داڕشتنی گوتاری سیاسەتی دەرەکیی ولاتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نێوخۆییو حەرەکەت لە ناوخۆدا بۆ دەرەوە بوو. بەڵام بە سەرهەڵدانی ئاخێوی نوێ، ئەم ڕەوتە گۆڕا. بە شێوەیەک کە فورمگرتنی پێکهاتەی حکوومەتەکان لەسەر بناغەی پێویستیی بیاقی نێونەتەوەییو چۆنیەتیی بەشداریکردن لە بەڕێوەبەریی جیهان دانرا.

لەو دەورەیەدا ولاتانێک بە پێکهاتەی دێموکراتیک دەستاودەستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوخۆ بەهۆی نەرمی‌هەڵگریی پێکهاتەیی توانییان ئاڵوگۆڕی پێویست لە گوتاری سیاسەتی دەرەکیی خۆیاندا پێک بێنن. بەڵام دەسەڵاتە نادێموکراتیکەکان یا بە پەنابردنە بەر شێوازی توندوتیژ (سێربستان، ئەفغانستان، عێراق) تووشی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پێکهاتەی حکوومەتی‌دا بوون یا بەشێوەی ئاشتییانە شۆڕشێکی "مەخمەڵی" (گورجستان، ئۆکراین، قەزاقستان) ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک هات. بەڵام سیاسەتی دەرەکی لە ئێران، پێش شۆڕش لەسەر بنەمای ڕاگرتنی هاوسەنگی (هاوسەنگیی نەرێنی موسەدیقو هاوسەنگیی پۆزەتیڤی محەمەدڕەزا شا)و سەربەخۆیی کردار لە بڕیاردانو بە تەواوی وابەستە نەبوون بە یەکێک لە دوو بلووکی هێزدار پێناسە دەکرا. هەر لەبەر ئەمە بوو کە وەک زۆربەی ولاتانی دیکەی جیهانی سێهەم لەگەڵ ولاتانی بێلایەن کەوت. لەڕاستی‌دا بیرۆکەی هێزی سێهەم بۆ هاوسەنگیی دوو هێزی ناسراو لە ئێرانو لە سەردەمی سەفەوییەدا سەری هەڵدا.

مەبەست لەو ئەسڵە، سەربەخۆیی ئێران لە بەرابەر دوو زلهێزی شۆرەویو ئامریکا بوو، بەڵام زۆر زوو دەرکەوت. پێکهاتنی بەرەی سێهەمو سەربەخۆ، هەم لە ناوخۆو هەم لە ئاستی دەرەوەدا ئەستەمەو، ئەوە هەروەها بەهۆی کێشەی پێکهاتەیی لە حکوومەتی پەهلەویو کۆتایی‌هاتن بە دەسەڵاتداریتی پەهلەوی بوو، چونکە لە ڕێبەندانی ١٣٥٧دا شۆڕش سەرکەوت. کۆمارێک کە بە دروشمی "نە ڕۆژهەلات نە ڕۆژئاوا" ئاخێوە سۆزدارانەکانی خۆی دەست پێکرد، کە لووتکەی ئەم گوتارە هێرش کردنە سەر باڵوێزخانەی ئامریکاو هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی بەرگریی ئێران لەگەڵ ئامریکا وەک سەمبۆلی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژئاواو لێکهەڵوەشاندنەوەی حیزبی توودەو قۆڵبەستکردنی سەرکردەکانیو هەڵوەشاندنەوەی خاڵەکانی ٥و ٦ی ڕێککەوتننامەی ١٩٢١ لەگەڵ شۆرەوی، وەک نموونە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژهەلاتی کۆمۆنیستی بوو. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین گوتاری سیاسەتی دەرەکیی ئێران دوای ڕاپەڕین بە پێنج دەورە دابەش بکەین. دەورەی یەکەم بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی کاتیی مەهدی بازرگان دەستی پێکرد. گوتاری سیاسەتی دەرەکیی ئێران لەو کاتدا گوتاری هاوسەنگی (هاوسەنگیی نێگاتیڤی موسەددیق) بوو.

بە باوەڕی بازرگان سیاسەتی دەرەکیی ئێران دەبێ وەک بێلایەنیی موسەددیق بێ. ناوبراو هەوڵی دەدا کۆتایی بە دەسەڵاتی زلهێزەکان بەسەر ئێراندا بێنێ. بەڵام ئەو کارە هیچ پێویستی‌یەکی بە توندوتیژی نەبوو، بازرگان سەرەڕای پشتیوانیی دەوڵەتی کارتێر لە شا هەوڵی دا لەگەڵ ئامریکا جۆرێک سیاسەتی

**داڕشتنی گوتاری سیاسەتی دەرەکیی ولاتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نێوخۆییو حەرەکەت لە ناوخۆدا بۆ دەرەوە بوو. بەڵام بە سەرهەڵدانی ئاخێوی نوێ، ئەم ڕەوتە گۆڕا. بە شێوەیەک کە فورمگرتنی پێکهاتەی حکوومەتەکان لەسەر بناغەی پێویستیی بیاقی نێونەتەوەییو چۆنیەتیی بەشداریکردن لە بەڕێوەبەریی جیهان دانرا**

**کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم ڕەوتی سەربەخۆیی کۆلۆنییەکانی خێراتر کرد. هەروەها لاچوونی دوو زلهێزی بریتانیاو فەرانسە، جیهانی بە تەواوی بەسەر دوو ئوردووگای لیبرالیسمو کۆمۆنیسمدا دابەش کرد. لەو سەردەمەدا ولاتانی چووکتر هەوڵی نزیکبوونەوەیان لە یەکێک لەو دوو ئوردووگایە دەدا**

نەهێشتنی دوژمنایەتی بگرێتە بەر. لەڕاستی‌دا گوتاری بێلایەنیی بازرگان، سازشخوازانەو لەسەر بنەمای ڕاگرتنی هاوسەنگی دامەزرابوو. بە لەسەر کار لاچوونی بازرگان کە ئاکامەکەی ناکۆکیو پێکدادانەکانی ڕادیکالیستەکانی بەدواوە بووو، بە هاتنە سەرکاری بەنی‌سەدر وەک سەرکۆمارو قوتبزادە وەک وەزیری کاروباری دەرەوە، ئەم گوتارە هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتو، ئامانجخوازان (بەهەشتی، خامەنەیی، موتەهەری، مونتەزێریو ڕەفسەنجانی) بە دژایەتیکردن لەگەڵ ئەوانیش هەستان.

دەورەی دووهەم بە لابردنی بەنی‌سەدرو قوتبزادە سەرکەوتنی ئامانجخوازان دەستی پێ کرد. گوتاری سیاسەتی دەرەکی لەو دەورەیە لە پێوەندی لەگەڵ دوو پرسی بنەڕەتی "نە ڕۆژهەلات نە ڕۆژئاوا"و "ناردنی شۆڕش بۆ دەرەوە" داڕێژرا. یەکەمین هەنگاوی کردەکی لە پێوەندی لەگەڵ ناردنە دەرەوەی شۆڕش‌دا هەنگاوی محەممەد مونتەزێری لە پێکهێنانی "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کۆمەلانی کۆماری ئیسلامی"و هەوڵ بۆ هەناردنی خەباتگێڕ بۆ لوبنان بوو. هەوڵی دووهەم ناردنی پاسدار بۆ لوبنان بوو لە ساڵی ١٣٦١و، هەروەها یارمەتیی ماڵیو نیزامی بۆ گرووپەکانی "ئەمەلو حیزبوڵلا" بوو. ئەم ڕەوتە ئامانجخوازانەو ناعەقلانی‌یە زۆر زوو ئێرانی لە خەرمانانی ١٣٥٩دا لە بەرابەر شەڕێکی نەخوازراو لەگەڵ عێراقدا ڕاگرت. هەروەها گوتاری شەڕفرۆشانەی ئێران لەو کاتەدا لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بووە هۆی پێکهاتنی شورای هاوکاریی کەنداوی فارس لە ١٣٦٠/٣/٤ وەک هۆکارێکی وێکخواز (همگرا) لە نێوان ولاتانی دەورووبەری کەنداوی فارس دژی گوتاری زێدەخوازانەی ئێران لەسەر بنامەی ناردنی ئیسلامی ڕاستەقینەی محەممەدی، ئێرانی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا تەریک خستەوە. دەورەی سێهەمی گوتاری سیاسەتی دەرەکیی ئێران لە ساڵی ١٣٦٢و بە گوێرەی بیرۆکەی خامەنەیی وەک سەرکۆمار بەناوی سیاسەتی دەرەکیی "کرانەوەی دەرگاکان"و بە پەسندی خومەینی وەک ڕێبەر دەستی پێکرد. ئاڵوگۆڕە ئاشکراکان لە پێکهاتەی هێزی ئێران کە بە مردنی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨ دەستی پێکرد، بوونە هۆی ئەوە کە خامەنەیی جێگای ڕێبەری بگرێتەوەو ڕەفسەنجانی بێتە سەرۆکی دەزگای بەڕێوەبەری. لەو دەورەیەش سیاسەتی کرانەوەی دەزگاکان وەک بیرۆکەیەکی نوی هەم باکووو هەم باشوور، شێوازێکی نوێی بەخۆوە گرت. لەو دەورەیەدا ئێران هەوڵی پەرەپێدانی هاوکاریی‌یە دوو لایەنی‌یەکانی وەک پەرەدان بە پێوەندی لەگەڵ ولاتانی تازە سەربەخۆی ئاسیای ناڤینو هەروەها پەرەگرتنی پێوەندیی چەند لایەنە، بە شێوەی هەوڵ بۆ بە ئەندامبوونی ئەوان لە "ئێکۆ"و بەستنی کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی ناوچەیی لەگەڵ ئەم ولاتانە. هەروەها نزیکی ڕێژەی ئێران لە ئورووپا، بەڵام پێداگریی ئێران لەسەر پرسە گەنگەشاوی‌یەکان، هەروەک تیرۆری کەسایەتیگەلی نێو ئۆپۆزیسیۆن کە بەرچاوترینیان تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێستووورانی مێکونووس بوو، دەرەنجامێکی زۆر نێگەتیڤی بۆ ئێران بە دواوە بوو. بە شێوەیەک کە بۆ یەکەم جار لە دادگایەکی فەرمی‌دا کاربەدەستانی پلە یەکی ئێران بە بەرگومانو تاوانبار دەناسرانو، دوابەدوای ئەوە زۆربەی ولاتانی جیهان باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوەو بەم جۆرە هەلپەساردنێکی هەمەلایەنە لە بیاقی پێوەندیی نێونەتەوەیی‌دا بۆ ئێران دەستی پێکرد. بەڵام ئێران لەو دەورەیەدا بە پێچەوانەی دەورەکانی پێشوو ڕێبازێکی ئاشتیخوازانەی لەگەڵ ئەندامانی شوورای هاوکاریی کەنداوی فارس دەس پێکرد. ئەم ڕێبازە لەڕاستی‌دا بۆ پێشگرتن لە ئەگەری هەڕەشەکانی ئامادەبوونی زلهێزەکانو بەستنی هەندێ ڕێککەوتننامەی بەرگریو نیزامی لەگەڵ ولاتانی عەرەبی ناوچە بووو، ولاتانی عەرەبیش دەیانزانی کە ئەمە تاکتیکێکە لەلایەن ئێرانەوە، نەک بۆ مەبەستی دۆستایەتیو بنەبڕکردنی گرژی‌یەکان، بەڵکوو بۆ نەهێشتنی قەیرانە. بەڵام ئەم پێوەندییانە نەیانتوانی قورساییو توانای دیپلۆماسیی ئێران بۆ دەربازبوون لە قەیران بەرێتە سەر. چونکە ئێران لە دیپلۆماسیی خۆی‌دا ئینتێگراسیۆنی مەزهەبیی لە سەروو هەموو شتێکەوە دادەنا، بەڵام پێکهاتەی سێکۆلاری ولاتانو ناکۆکیی مەزهەبی بە کردەکی ئەم تاکتیکەی پووچەڵ کردەوە. لە بیاقی ئابووریی نێونەتەوەییش‌دا ئەم هەلپەساردنە ئاستی بازرگانیی ئێرانی زۆر هێنایە خوار. دروشمە ڕیفۆرمخوازانەکانی خاتەمی پشتیوانیی ٦٩٪ی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ١٣٧٦یان بەدواوە بوو. لەو دەورەیە ئەو گوتارەی خومەینی کە دەیگوت "دەبێ گۆشەگیر بین تا سەربەخۆ بمێنینەوە"، بەشێوەیەکی گشتی لە بیاقی سیاسەتی دەرەکیی ئێراندا نەماو، خەڵک نیشانیان دا کە دەسەڵات دەبێ بۆ هاتنەدەر لە گۆشەگیری، لە گۆشەگیری هەلپەساردن لە پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانو بەشداری لە بەڕێوەبردنی نێونەتەوەیی لەسەر بنەمای نەزمی نوێی جیهانی، ڕێگای دێموکراسی بە مەبەستی متمانەسازی دەرەوە لەسەر بنەمای گوتارێکی ڕوونو هاوشان لەگەڵ بەرژەوەندی جیهانی لە ئاستی نێوخۆدا بگرێتەبەر. بە پێی ئەوە دەورەی چوارەمی سیاسەتی دەرەکیی ئێران داڕێژرا. خاتەمی بە هێنانەگۆڕی دیالۆگی شارستانییەتەکان، گوتاری ئاشتیخوازانەی لە بیاقی سیاسەتی دەرەکیی خۆی‌دا گەڵاڵە کرد. ناوبراو لەو بڕوایەدا بوو کە دامەزراندنی پێوەندیی دوو لایەنە لەگەڵ ئامریکا گرنگایەتی‌یەکی تایبەتی بۆ ئێران هەیە.

ئامریکاش دوای سەرکەوتنی یەکجارەکیی خاتەمی، لەڕاستی‌دا بە گوێرەی دروشمە ئاشتیخوازانەکانی بە پێی گوتارەکەی، بە شێوەیەکی یەکلایەنەو بۆ دروستکردنی متمانە لەلایەن مادلین ئۆلبرایت، وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی کلینتۆن، بەڕەسمی لەبەر دەست هەبوونی ئامریکا لە کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژدا کە بووە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی موسەددیق، داوای لێبوردنی کرد. بەڵام ئەم هەڵوێستەی ئامریکا لەلایەن ئێرانەوە وەڵامێکی باشی پێ نەدراوە. هەنگاوێکی دیکەی ئامریکا کە بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئێران نای، بریتی‌بوو لە دەستپێشخەریی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەو ولاتە بۆ تووشی یەکبوونی خاتەمیو کلینتۆن لە مەقەڕی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بەهۆی لە ڕێ لادانی ئەنقەستی خاتەمی بێئاکام مایەوە. هەروەها خاتەمی لە وتووێژێک‌دا لەگەڵ ڕایەڵکەی سی. ئێن. ئێن، خوازیاری ڕووخاندنی شوورەی بێمتمانەیی لە نێوان دوو ولاتدا بوو. بەڵام هەوڵی ئاشکرا بۆ ئەم کارە لەلایەن ئەوەوە نەدرا. تەنانەت دوای سەرکەوتنی کۆماریخوازانیش، دەرفەتی باشتربوونەوەی پێوەندییان لەگەڵ ئامریکا بە ئێران دا. بەشێوەیەک کە "دیک چینی" لە جەرەیانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی دەورەی یەکەمی سەرکۆماریی بووش‌دا، بە مەرجی سەرکەوتن لە هەڵبژاردن، بەڵێنی دا کە گەمارۆی نەوتی ئامریکا

**بە سەرنجدان بەوەی کە ئارمانخوازە ڕادیکاڵەکانی سەرەتای شۆڕش بیرۆکەکانی ئەوان بەسەر ئێرانو سیاسەتی دەرەکیی ئەو ولاتەدا حاکمەو دەستپێکی خولی پێنجەمی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە. وا دێتە بەرچاو کە لە هەڵبژاردنی گوتارێکی لۆژیکیو عەقڵانی داماو بن. هەر بۆیەش لە گەڕانەوەیەک بۆ دواوەدا دەچنە سەر گوتاری ڕێبەری کوچکردوویان کە گوتبووی: "تەریک دەکەوینەوە بۆ وەی سەربەخۆ بین**

لەسەر ئێران لابەرێ. بەڵام بەهێزبوونی بنەماکانی ڕادیکالیسم لە دەزگا مەدەنی‌یەکان ببووە هۆی ئەوە کە خاتەمیو دەزگای سیاسەتی دەرەکیی ئەو هێزو پۆتانسیەلە پێویستەی بۆ درێژەدان بە گوتاری ئاشتیخوازانەی خۆی نەبێ. لە ئاکام‌دا جارێکی دیکە ئێران لە بوارەکانی وەک دامەزراوە ناوکی‌یەکان، چەکە کۆمەڵکوژەکان، لایەنگری لە تیرۆریزمو لە هەموان گرنگتر تەگەرەخستنە بەردەم ئاشتیی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستو مافی مرۆڤ بە خەتابار بناسرێو بخرێتە ژێر زەخت. بە شێوەیەک کە لە ساڵی ١٣٨١ بەولاوە پەروەندەی ناوکیی ئێران بە نۆرە دەخرێتە دەستووری کاری ئاژانسی وزەی ئەتۆمیو شورای حوکامەوە.

تەنانەت ئەندامێتیی ئێران لە ئێن. پی. تیو ئیمزای پرۆتۆکۆلی هاوپێچ کە ئیجازەی سەردانی کوتوپڕو لە ناکاو دەدا بە ئاژانس بۆ پشکنینی سایتەکانی ئێران. بەبێ پەسندکرانی لەلایەن مەجلیسیشەوە، نەیتوانی ڕەوشی ئێران باشتر بکا. دیارە جێگرتنی ئارمانخوازە ڕادیکاڵە پیرو ئاڵقە لە گوێکانی سەر بە ڕێبەری لە بازنەی دەسەڵاتدا کاریگەریی‌یەکی زۆری لە پەسندکرانی بەیاننامەی ٢٤ی سێپتامبری ٢٠٠٥ لە دژی ئێران هەبوو. دەزگای دیپلۆماسیی ئێرانیش کە لە چەند مانگ لەمەو پێشەوە هەوڵێکی بەرفراوانی وەگەڕ خستبوو بۆ بەخشینی گەلێ ئیمتیازات بۆ هێندێک لەو ولاتانەو ڕازیکردنیان بۆ دژایەتیکردنی بەیاننامەی ئاژانس، لەو کارە سەرکەوتوو نەبوو. (لە وێنەی ئەو هەولانە، هەوڵدان بۆ بەڕێکردنی گازی ئێران بۆ فەلاتی شێوەقارەی هێند لەگەڵ ئاسانکاریی تایبەت، ملدان بۆ داواکانی ڕووسیە سەبارەت بە تەواوکردنی پرۆژەی دامەزراوەی ناوکیی بووشێهرو سایتەکانی دیکەو هەروەها هەوڵدان بۆ بەڕێکردنو ناردنە دەرەوەی گاز بۆ ئورووپا لە ڕێگەی هێڵی لوولە گازی تورکیە بۆ بولغارستانو دواتر بۆ ئۆتریشو ئاڵمانو زۆر هەوڵی دیکە). ئەم هەڵوێستەی ئەندامانی ئێن. پی. تی لە هەمبەر ئێران پێش لە هەموو شتێک ئاکامی ناڕوونو لێڵی لە سیاسەتی دەرەکیی ئێران بوو، بە شێوەیەک کە لە بیاقی پێوەندیی نێونەتەوەییو تێکەڵییە چەند لایەنەکانی ئێراندا، ئەو ولاتە تووشی ستراتیژی هەلپەساردنی نێونەتەوەیی هات. ئەوەی بە سەرنجدان بە پەسندکراوی ١٣٨٤/٧/٦ی مەجلیسی ئێران سەبارەت بە پەسندکردنی دەسبەجێی گەڵاڵەی هەلپەساردنی پرۆتۆکۆلی هاوپێچ دێتە بەرچاو ئەوەیە کە بە سەرنجدان بەوەی کە ئارمانخوازە ڕادیکاڵەکانی سەرەتای شۆڕش بیرۆکەکانی ئەوان بەسەر ئێرانو سیاسەتی دەرەکیی ئەو ولاتەدا حاکمەو دەستپێکی خولی پێنجەمی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە. وا دێتە بەرچاو کە لە هەڵبژاردنی گوتارێکی لۆژیکیو عەقڵانی داماو بن. هەر بۆیەش لە گەڕانەوەیەک بۆ دواوەدا دەچنە سەر گوتاری ڕێبەری کوچکردوویان کە گوتبووی: "تەریک دەکەوینەوە بۆ وەی سەربەخۆ بین". هەر بەو شیوەیەی کە لە نێوخۆی ولاتیش دەبینین جار بەجار دەزگا پۆپۆلیستی‌یەکانی شۆڕش وەک بەسیجو سوپا بەهێزتر دەبن. هەر بۆیەش دەرەنجامەکانی وەها بارودۆخێک ئەوەیە کە قەیرانەکانی بەردەم ئێران قووڵتر دەبنەوەو ئاسۆیەکی ڕوون دەخاتە بەردەم بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیو داهاتوویەکی لێڵو نادیاریش بۆ دەسەڵاتداریتیی تۆتالیتێر وێنا دەکا.

***

# نەتەوەو ناسیونالیزم لە دیمانەیەك

## لەگەڵ حەسەن ئەیوب زادە (گۆران)دا

دیمانە: عەولا بەهرامی

بەشی سێهەم



**ئەگەر هەموو خەڵكی كورد هەموو باڵاترین دەرەجەی عیلمی‌یان هەبێ، ئەگەر خۆیان سازمان نەدەن لە حیزبێكی سیاسی‌دا خۆیان پەروەردە نەكەن، قەت ناتوانن دەوڵەتێكی نەتەوەیی بۆ خۆیان پێك بێنن**

**پ: ئایا واقێع نەبۆتە هۆی ئەوە كە بزووتنەوەی كورد دروشمی وەك خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا هەڵگرێ‌و خۆی لەو چوارچێوە ناسیونالیستی ـ ناسنامەخوازی‌یەدا نەبینێتەوە كە دەبێ سەرەكی‌ترین ئامانجی هەر بزووتنەوەیەكی نەتەوایەتی بێ؟**

و: من دەمهەوێ بە جەنابت بڵێم پەنجاونۆ ساڵ لەوەپێش كورد جومهوریی كوردستانی دانا. ئەوە چۆن لێك بدەمەوە؟ یانی ٥٩ ساڵ پاش ئەوە بەو ئاكامە بگەم كە واقێع بووە یا واقێع نەبووە، ئایا خەیاڵ بووە یا نا؟ من پێموایە جیهانی واقێع بووەو كورد ئەودەمی بەو قەناعەتە گەیشتوە یانی رێبەرانی ئەوكاتی بەو قەناعەتە گەیشتوون كە دەبێ ئەوە ببێ‌و بووشەو داشیاننناوەو لە پشتیشی راوەستاون‌و پاشان دەخاڵەتی خاریجی‌و كۆك نەبوونی خۆمان لەسەر ئەوە، ئەو مەسەلەیەی پێك هێنا كە دوای یازدە مانگ كۆماری كوردستان، ئەو كۆمارە ساوایە تێك بچێ. ئەوە واقعیەتێكی تاریخی بووە. بۆ خۆشت دەزانی كە دوای ئەوە هەر بەرنامەیەكی كە حیزبی دێموكرات هێناویەتی زۆر نزمتر لەوە بووەو هەتا ئێستاش ئەوە هەر بە حاڵەتی خۆی ماوە. چ هۆیەكی هەبووە كە ئەو دەمی كۆماری كوردستان راگەیاندراوەو بە رەسمی هەبووە، بەڵام ئێمە دوای ٦٠ ساڵ ئێستا وەختێك كە بەرنامەی كۆنگرەی ١٣ی حیزب دەخوێنینەوە تەماشا دەكەین باسی فیدرالیزم دەكا لە خودموختاری‌یەكە تێ‌ناپەڕێ كە ماوەیەك لەوەپێش وەلای ناوە. كێهایان واقیعە؟

**پ: كۆماری كوردستان وەك واقعییەتێك هەبووە، بەڵام لە چ زەمینەیەك دا پێك هات، دەوڵەتی ناوەندی لاوازو بێ‌دەسەڵات بوو، بەڵێ هێزی دەرەكی لە قۆناخی پێكهاتنی‌دا یارمەتیدەر بوو، بەڵام دیتمان هۆگەلە نێوخۆییەكان‌و دواتر هۆگەلە دەرەكی‌یەكانیش نەك لە خزمەت مانەوەی كۆماردا نەبوون بەڵكوو بەپێچەوانەش كاریان كرد. بە گشتی دەتوانم بڵێم ئەگەر ئیرادەیەكی نەتەوەیی هەبووبێ هی توێژێكی بچووكی كۆمەڵایەتی بووە.**

و: ئەمن پێمخۆشە لە شتەكە بە جۆرێكی دیكە باس بكەم، راستە دونیای موقایەسەیە. كورد بەو ئێنێرژی‌یە، بەو توانایە، بەو قابلییەتی فێربوون‌و ئیسارەی كە هەیەتی كەمێك وەپاش دەكەوێ‌و وەپاشكەوتووە لەو قافڵەیە. رەنگە ئەوەی كە جەنابت دەفەرمووی ئەو هۆگەلانە هەمووی هەبووبن، بەڵێ پشتیوانیی دەرەوە نەبووە، دەوڵەتی مەركەزی بە قودرەت بووە. بەڵام ئەوەی كە كورد نەی بووە چیە؟ ئەوە گرینگە، رەنگە تۆ بە قودرەتێك بە هێزێك بێیە مەیدانەوە، سەرەنجام تێكی بشكێنی‌و كورد ئەو پتانسییەلەی هەبووە كە ئەوە كارە بكا. زۆرجار لە شەڕدا سەركەوتووش بووە، بەڵام هەمیشە پاشەكشەی بەدواوە بووە. لە سیاسەت دا سەرنەكەوتووە، پیاو كە دەچێتە بنج‌وبناغەی شتەكەوە زیاتر دێتەوە سەر مەسایلی ئیقتیسادی. ئیسرائیلی‌یەكان چۆنیان دەوڵەت پێك هێنا. وڵاتێكی ئەوتۆیان نەبوو كە لەسەری بن، سەد نەفەر لەسەر ئیسرائیل نەبوو، بەڵام وڵاتیان دروست كرد، میللەتیان دروست كرد. بەپێچەوانە ئێمە خاكمان هەیە، وڵاتمان هەیە، پێناسەی خۆمان هەیە، زمانی خۆمان هەیە، بەڵام نەمانتوانیوە دروستی بكەین. وەختێك كە موقایەسەی دەكەی، زۆر شت، زور عامیل، زۆر فاكتۆر دێتە نێوەوە. ئەوان رێگایان دیوەتەوە ئێستا كە تۆ دەچی مەسەلەن تەماشا دەكەی ئەوان بە چ شێوەیەك وڵاتیان دروست كرد، جالبە حەوت كەس دادەنیشن لە رووسیە دێنن پێكەوە بیر دەكەنەوە بۆ ئەوەی كە نەجاتیان بێ لەو وەزعەی كە خەڵكی جوولەكە تێی‌دان، دێنن كۆنگرەیەك پێك دێنن، ئەساس‌و بەرنامەی دوارۆژی خۆیان دادەڕێژن كە دەبێ دەوڵەتێكیان هەبێ‌و ئەو دەوڵەتەش چۆن دەبێ كاری بۆ دەكەن. لە یەكەم بەندا دەنووسن "الحق یكمّن فی‌القّوه" (هەق لە زۆردا شارراوەتەوە). دەبێ زۆرت هەبێ، قودرەتت هەبێ، تواناییت هەبێ. ئەتۆ دەبێ ئەو هەقەت بە قودرەت، بە زۆر بسەپێنی. میسالێك دێنێتەوە دەڵێ: ئەو كۆمەڵگا ئینسانییەی كە تۆ لەبەرچاوی دەگری، ئەو كۆمەڵگایە جەنگەڵێكە، هەموو ئەوانەی كە تێی‌دا دەژین جانەوەرن، دژی یەكن، یەكتر دەخۆن، ئێمە بۆ مانەوەی خۆمان دەبێ شێر بین. لێرەدا، لەو كۆمەڵگایەی‌دا نەیانخوین دەمانخۆن. دەڵێ شێر سوڵتانی جەنگەڵە. دەی حیسابی كە وەختێك شێر دێ دەگوڕێنێ هەموو جانەوەرێك دەڕوا ئێمە دەبێ ئەو قودرەتەمان هەبێ بۆوەی كە بتوانین دەوڵەتی خۆمان پێك بێنین، بۆوەی كە مەوجودییەتی خۆمان سابت بكەین. دەڵێن باشە ئاخر كەمین، عیددەیەكی زۆر كەمین، چۆن دەتوانین وا بكەین، دەڵێن یەك رێگامان لەبەرە، ئەویش ئەوەیە كە ئێمە پاشاكان بكڕین، وەزیر بكڕین، وەكیل بكڕین، پۆلیس بكڕین، فەرماندە بكڕین. ئێمە دەبێ بە پارە ئەو كارە بكەین‌و رێگای ئێمە ئەوەیە. دەش بینین رەنگە ئەوە نەوعێك خەیاڵ بێ، بەڵام سەردەكەوێ. ئیقتیسادی وڵاتەكان بە دەستەوە دەگرن، رەنگە كورد بە شێوەیەكی دیكە دەبێ فكر بۆ خۆی بكاتەوە چۆن دەتوانێ سەریحتر بە ئامانجی خۆی بگا. دونیا دونیای فكركردنەوەیە. دەبێ فكر بكەینەوە ئەگەر تا دوێنێ نەمانتوانیوە لە مەهاباد ٢٤ چەكی تێ‌دا بووە، باب‌و باپیری ئێمە نەیانتوانیوە پۆلیسەكەی دەس بەسەر بكەن‌و بیگرن. ئیستا ئێمە ئەگەر دەزانین ناتوانین بە چەك دەرەقەتی حكوومەتی مەركەزی بێین با رێگایەكی دیكە ببینینەوە، سیاسەت بۆ ئەوەیە. ئەمن موعتەقیدم بە پێچەوانەی هەموو جەوانێك كە ئێستا پێیان وایە نابێ خەڵكی كورد لە حیزب دا خۆیان جێ بكەنەوە. هەموو دەبێ ببنە رووناكبیر. ئەمن بەپێچەوانەی ئەوە بیر دەكەمەوە، ئەگەر هەموو خەڵكی كورد هەموو باڵاترین دەرەجەی عیلمی‌یان هەبێ، ئەگەر خۆیان سازمان نەدەن لە حیزبێكی سیاسی‌دا خۆیان پەروەردە نەكەن، قەت ناتوانن دەوڵەتێكی نەتەوەیی بۆ خۆیان پێك بێنن. كەوابوو من لایەنگری ئەوەم كە زانست گەلێك باشە، باشترین ئەوەیە كە ئەو زانستە لە حیزبێكی سیاسی‌دا لێك بدرێ. من خوازیاری ئەوەم كە حیزبی بەقەوتی سیاسیی كورد هەبێ كە ئەو دەتوانێ رێبەریی بكا. ئەگەر فەلەستینی‌یەكان حیزبێكی سیاسیی بەقوەتیان نەبایە، قەت نەیاندەتوانی لە بەرامبەر ئیسرائیل دا كە گەورەترین قودرەتەكانی دونیا، واتە ئەمریكاو ئینگلیس‌و فەڕانسەی لە پشتە موقاوەمەت بكەن. جا بۆیە بۆ كورد ئەوە خەون نیە، خەیاڵ نیە، ئەگەر بیری نەتەوییی خۆی هەبێ لە پشتی ئەوڕا بوەستێ‌و بێ‌ئەوەی كە هیچ موجامەلەیەكی هەبێ شەرمێكی هەبێ، راست‌و رەوان بڵێ من تەحزیەتڵبم. دەمهەوێ كیانی نەتەوەیی بۆ خۆم دروست بكەم، نەك تەنیا شەرم نیە، بەڵكە شەرمە بۆ كەسێكی كە بڵێ ئەمن حیزبێكی سیاسیم هەیە دەمهەوێ بۆ هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی فارس‌و تورك‌و عەرەب دا بمێنمەوە. شەرمە بۆ ئەو رێبەرەی كە ئەو جۆرە فكر بكاتەوە، ئەو فكرەش بە نەسڵەكانی دوارۆژ مونتەقیل بكا. من داوا دەكەم كە ئێمە ئەو پەردەی شەرمە وەلا بنێین، ئەوەی كە ئێمە نەتەوەكەمان وا پەروەردە بكەین كە بۆ هەمیشە بە كەمخۆری رازی بێ، ئەوە شەرمە بۆ نەسڵی دوارۆژی ئێمە كە ئاوا بیر بكاتەوەو بە شێوەیەكی كە ئێستا بۆتە باو كە دەڵێن حیزبی سیاسی بڤەیە دەكەوێتە خانەی ئەمنییەتی‌یەوە، پێشمەرگە پیسە!!!

ئەوەی كە ئەو كەسانەی پەیدا بوون بە ناوی ناسیونالیزمی مەدەنی‌یەوە پێشمەرگە بە نێوی پیس نێو دەبەن‌و دەڵێن ئەوەی كە كردوویانە جینایەتە، ئەوە فكرێكی گەندەڵ‌و بەكرێگیراوی دەسەڵاتدارانە. ئەوانەی ئەو تێئۆرییە دێننە نێو نەسڵی ئێمەوەو گەلی ئێمەوە، نایانەوێ ئێمە بە كیانی نەتەوەیی خۆمان بگەین، ئێمەیش لە قافڵەی میللەتانی بەختەوەری جیهاندا دەورێكمان هەبێ. ئەوە فكری ئەوانەیە من ئەوە رەد دەكەمەوە. بە گشتی من خوازیاری ئەوەم حیزبێكی بەقودرەت، بە دەسەڵات لەسەر بنەمای ئەوەی كە داخوازی كیانی نەتەوەیی بۆ كورد بێ‌و هیچی دیكە، خوازیاری ئەوەم لەگەڵ میللەتانی دیكە بژیین بەڵام دوو قۆناغی هەیە، قۆناغی یەكەم دابینكردنی تەفاهۆم بۆ ژیانی هێمنانە لەگەڵ یەكتر بە شێوەیەكی فیدراڵی یا كونفێدراڵی، پاشان سەربەخۆیی‌و كیانی نەتەوەیی بۆ كورد. ئەوە تەنیا رێگایە بۆ نەهێشتنی ئەنفال، بۆ دووپات نەكرانەوەی هەڵەبجە، بۆ دووپات نەكرانەوەی بێ‌سەروشوێنكردنی هەشت هەزار بارزانی، كوشتنی هەزاران ئینسانی كورد لە پارچەكانی كوردستان دا.

***

---

## كۆتایی‌هاتنی دەورەی ١٧٠ی سەرەتایی پێشمەرگە

كاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی رۆژی ٥ شەممە، ٢٨ی رەزبەری ١٣٨٤ی هەتاوی، رێوڕەسمی كۆتاییهاتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگایەتیی پۆلێكی دیكە لە لاوانی پڕهەست‌و نیشتمانپەروەری گەلەكەمان لە فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

رێوڕەسمەكە كە بە دەیان كەس لە كادرو پێشمەرگەو بنەماڵەكانی حیزبی دێموكرات تێی‌دا بەشدار بوون، بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێ كرد. پاشان كاك حوسێن نازدار، ئەندامی كومیتەی ناوەندیی حیزب بەم بۆنەوە وتەیەكی كورتی پێشكێش كرد. بەڕێزیان بە ئاماژە بە گرینگیی فێرگە وەك خاڵی گۆڕان لە ژیانی سیاسیی پێشمەرگەكاندا، هەڵوێستی ئازایانەو لێبڕاوانەی لاوانی كورد بۆ هەڵبژاردنی ریزەكانی حیزبی دێموكراتی بەرز نرخاند.

ئەندامی كومیتەی ناوەندیی حیزب، لە بەشێكی دیكەی قسەكانی‌دا بە ئاماژە بە دۆزی نوێی كورد لە هاوكێشەی ناوچەیی‌و جیهانی هەنووكەیی ئاسۆیەكی روون‌و پڕ لە دەسكەوت‌و سەركەوتنی بۆ خەباتی رەوای گەلی كورد وێنا كرد.

خوێندنەوەی راپۆرتی ئامووزشیی دەورەو پەیامی كۆتایی دەورە لەلایەن یەكێك لە بەشدارانەوەو هەروەها دابەشكردنی خەڵات بەسەر سەركەوتوانی دەورە، چەند بەشێكی‌تر لەو رێوڕەسمە بوون. نێو ئاخنی رێوڕەسمەكە پێشكێش‌كردنی گۆرانی‌و خوێندنەوەی شێعرو پەخشان بوو كە لەگەڵ پێشوازیی گەرموگوڕی بەشداران بەرەوڕوو بوو.

***

# خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ئەمساڵ

# بەرەسمی ناسینی مەترسییەکی گەورە لەسەر مرۆڤایەتی

قادر وریا



کومیتەی نۆبێلی ئاشتی لە بەیاننامەیەکدا کە رۆژی ٦ ی ئۆکتۆبر بڵاو بۆوە، رایگەیاند کە خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ئەمساڵ (٢٠٠٥) بە هاوبەشی دەدا بە محەممەد ئەلبەرادعی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی‌و، ئەم ئاژانسە بەگشتی. ئەم کومیتەیە، بەڕێز ئەلبەرادعی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی ناوبراوی بە "پشتیوانێکی نەترسی هەوڵو تێکۆشان لە بارەی بەرتەسککردنی چەکە ناوکی‌یەکان" ناوبردو گرینگیی هەوڵەکانی ئەم ئاژانسەی بە "لەرادەبەدەرو بێسنوور" دانا.(١)

بەخشینی خەڵاتێکی گرنگ‌و بەناوبانگی وەك "نۆبێلی ئاشتی" بە ئاژانسێکی نێونەتەوەیی تایبەت بە وزەی ناوکی‌و بەڕێوەبەرەکەی، ئەویش لە شێستەمین ساڵەی بۆمبارانی ئەتۆمیی شارەکانی هێرۆشیماو ناکازاکی‌دا، نیشانەی گرنگیدانی جیهانی ئەمرۆ بەو مەترسییانەیە کە خراپ کەڵکوەرگرتن لە وزەی ناوکی، خولقێنەریانە. هەر ئەم کومیتەی بەخشینی نۆبێلی ئاشتی پێشتریش لە ساڵانی ١٩٨٥و ١٩٩٥، واتە لە چلەمین‌و پەنجایەمین ساڵەی کارەساتی بۆمبارانی ئەتۆمیی دوو شاری هێرۆشیماو ناکازاکیی ژاپۆن دا، خەلاتی خۆی پێشکەشی تێکۆشەرانی بواری بەربەرەکانێ لەگەڵ چەکە ناوکی‌یەکان کردبوو.

بەڵام جیا لە هاوکاتیی بەخشرانی خەڵاتی ئەمساڵی نۆبێلی ئاشتی لەگەڵ ٦٠ ساڵەی بۆمبارانی ئەتۆمیی ئەو دوو شارە لە لایەن ئەمریکاوە، رێزنانی کومیتەی نۆبێل لە محەممەد ئەلبەرادعی‌و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی هاوکاتیشە لەگەڵ هەوڵی چڕو بەردەوامی ئەو ئاژانسە بۆ تیشك خستنە سەر هەوڵە ئەتۆمی‌یە گوماناوی‌یەکانی چەند وڵاتێك کە ئێران لە پێشەوەی هەمووانەوەیە. ئەم خەڵاتە لەکاتێکدا دەدرێ بە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی‌و محەممەد ئەلبەرادعی، کە شووڕای حاکمانی ئەم ئەنجومەنە لە سەرەتای ئەم مانگەدا بە زۆربەی دەنگ بڕیاری دا پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ باس‌و بڕیاردان بچێتە ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەلبەرادعی بەدوای بیستنی ئەم هەواڵە خۆشەدا گوتی: "درانی ئەم خەڵاتە [بە من‌و ئاژانس] بە مانای بەرەسمی ناسینی مەترسی‌یەکی گەورەیە کە ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵـی بەرەوڕووین. واتە لەراستی‌دا [مەترسیی] هەزاران چەکی ناوکی، مەترسیی پەرەگرتنی ئەو چەکانەو مەترسیی ئەوە کە زانستی ئەتۆمی بکەوێتە دەست تیرۆریستەکان". ناوبراو پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە "ئەم خەڵاتە، ئەوو ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لەسەر رێگایەك کە گرتوویانەتە بەر، شێلگیرتر دەکاو تێکۆشانی ئاژانس بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ قەیرانە ناوکی‌یەکانی ئێران‌و کۆریای شیمالی بەهێزتر دەکا".(٢)

بۆ ئەوەی برێك وردتر بچینە نێو ئەو مەترسییانە کە بوونی چەکە ئەتۆمی‌یەکان‌و پەرەگرتنی ئەو چەکانەو دەستڕاگەیشتنی تیرۆریستان بە زانستی ناوکی دەتوانن بیانخولقێنن، بەجێیە لەپێش دا ئاماژە بە دوو لایەنە بوونی مەترسی‌یەکانی پێوەندیدار بەو چەکانە یا دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی وزەو چەکی ئەتۆمی بکەین. مەترسیی یەکەم تەنانەت ئەوکاتەش کە مەبەست‌و ئامانج لە هەبوونی دامەزراوەی ناوکی ئاشتیخوازانەیە، ئیمکانی پێکهاتنی هەیە. ئەم مەترسی‌یە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری تێکنۆلۆژیی وزەی ئەتۆمی‌و جۆری راگرتن‌و پاراستنی دامەزراوەکان‌و، ئەو رێوشوێن‌و کارقامیانەی بۆ پێشگیری لە رووداوی نەخوازراو بەکار دەهێنرێن. وەك نموونە لەو بارەوە دەتوانین ئاماژە بە تەقینەوەی دامەزراوی ناوکیی چێرنوبیل لە نیوەشەوی ٢٦ی ئاوریلی ١٩٨٦دا بکەین. ئەم تەقینەوەیە کە لە ئاکامی لەکارکەوتن یا خراپبوونی ریئاکتۆرێکی ئەو دامەزراوە ئەتۆمی‌یەدا رووی دا، گەورەترین رووداوی ناوکیی سەدەی بیستەمی لـێکەوتەوە. ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئاکامی ئەو تەقینەوەیەدا کوژران ٢٥٠٠ کەس بوون، بەڵام ئەمە هەمووی کارەساتەکە نەبوو. دووکەڵو هەوری پێکهاتوو لەو تەقینەوەیە، لە باشووری رۆژئاواوە تا فینلاند، سوئێدو نۆروێژو، لە رۆژئاواشەوە تا ئاڵمان، فەڕانسەو بێلژیك رۆیشت. زیاتر لە ١٥٥ هەزار کیلومیتری چوارگۆشە لە

**ئەلبەرادعی بەدوای بیستنی ئەم هەواڵە خۆشەدا گوتی: "درانی ئەم خەڵاتە [بە من‌و ئاژانس] بە مانای بەرەسمی ناسینی مەترسی‌یەکی گەورەیە کە ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵـی بەرەوڕووین. واتە لەراستی‌دا [مەترسیی] هەزاران چەکی ناوکی، مەترسیی پەرەگرتنی ئەو چەکانەو مەترسیی ئەوە کە زانستی ئەتۆمی بکەوێتە دەست تیرۆریستەکان".**



زەوی‌وزاری ئۆکراین، بلارووس‌و رووسیە، کە ٥٢ هەزار کیلومیتری چوارگۆشە، زەویی کشتوکاڵـی بوون، تێکەڵاوی مەواددی رادیۆئەکتیڤ بوون. بەپێی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لانی‌کەم ٩ میلیۆن کەس لە دانیشتووانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو کەوتنە ژێر کاریگەریی شوێنەوارە خراپەکانی ئەم تەقینەوەیە کە زیاتر لە ٣ میلیۆنیان، منداڵ بوون. بارینی رادیۆئەکتیڤ, ٤٦ هەزار کیلومیتری چوارگۆشە لە زەوی‌یەکانی بلارووس واتە چوار یەکی رووبەری ئەو وڵاتەو سەدی ٢٠ی زەوی‌یە کشتوکاڵـی‌یەکانی‌و سەدی ٢٣ی لێڕەوارەکانی پیس کرد. بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی ئەو وڵاتە، زیانە ئابووری‌یەکانی سەرچاوەگرتوو لەو کارەساتە بۆ بلارووس لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ ـ ٢٠١٥ زیاتر لە ٢٣٥ میلیاردە. زیانە ئابووری‌یەکانی ئۆکراینیش هەر لەو ماوەیەدا بە ٢٠١ میلیارد دۆلار بەراورد کراوە. ٢/٧ میلیۆن دانیشتووی رووسیە گیرۆدەی شوێنەوارە خراپەکانی ئەو رووداوە بوون. ئەوەندە رادیۆئەکتیڤەی بە هۆی ئەم تەقینەوەیە چووە نێو ئەتمۆسفێر، ٢٠٠ جار زیاتر لە سەرجەمی ئەو بۆمبە ئەتۆمییانە بوو کە بەسەر شارەکانی ناکازاکی‌و هیرۆشیمادا بەردرانەوە. دیارە گەشەی سەرسوڕهێنەری نەخۆشی‌یەکانی وەك شێرپەنجە، گرفتی هەناسەدان، گرفتی هەرسکردن‌و بەتایبەتی نەخۆشی‌یەکانی تایبەت بە منداڵان‌و ژنانی دووگیان، بەشێکی دیکە لە شوێنەوارو ئاکامە درێژخایەنەکانی ئەو تەقینەوە ناوکی‌یە بوون.(٣)

بەمجۆرە لە هەر شوێنێك تێکۆشانی ناوکی‌و دامەزراوەی تایبەت بە بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی هەبێ، بەڵام تێکنۆلۆژیی بەرهەمهێنانی ئەو وزەیە ئاستێکی نزمی هەبێ‌و، تێکۆشانەکەو رێوشوێنەکانی دیکەی پێوەندیدار بە بەرهەمهێنانی ئەو وزەیە لەگەڵ ستانداردەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی نەگونجاو بن، ئەگەری روودانی کارەساتی لەم چەشنە هەیە.

دووهەم مەترسی، ئەگەری کەڵکوەرگرتنی خاوەن چەکەکان لەو چەکە وێرانکەرانەیە. ئەوەندە چەکەی لە زەڕادخانە ئەتۆمی‌یەکانی جیهاندا هەن، چەندین جار لەو رادەیە زیاترن کە بۆ لێکهەڵتەکاندنی تۆپی زەوی پێویستن. لە ساڵانی ٥٠ی سەدەی رابردوودا دان بەوە دانرا کە بەکارهێنانی سەد چەکی ئەتۆمی دژی هەر نەتەوەیەك، بەدبەختی‌یەکی ئەوتۆی لـێدەکەوێتەوەو، تان‌وپۆی کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوەیە وەها لەبەریەك هەڵ دەوەشێنێ کە کارەساتێکی لەتوانابەدەر ـ لەنێوچوونی شارستانەتی‌یەك ـ ی بەدوادا دێ.(٤) ئێستا کە زیاتر لە نیوسەدە بەسەر ئەوکات دا رابردووە، بەداخەوە هەم تێکنۆلۆژیی بەرهەمهێنان‌و هاویشتنی ئەم جۆرە چەکانە زۆر پێش کەوتوەو، هەم رادەی چەکەکان زۆر زیاتر بووە، هەڵگیرسانی شەڕێکی ئەتۆمیی بەرفراوان دەتوانێ تەواوەتیی تۆپی زەوی بخاتە مەترسی. لەو پێوەندی‌یەدا دەبێ ئەم راستی‌یەمان لەبیر بێ کە چەند فاکتەرێك مەسەلەکەیان ئاڵۆزترو، نیگەرانی لە کارەساتی ئەتۆمییان زۆر زیاتر کردوە. پەیوەست نەبوونی ژمارەیەك لە دەسەڵاتە ئەتۆمی‌یەکانی جیهان بە پەیماننامەی پەرەپێنەدانی چەکی ئەتۆمی لە لایەك‌و، لە لایەکی دیکەوە هەوڵو تێکۆشانی گوماناویی ئەو دەوڵەتانەی بە ڕواڵەت پەیماننامەی ناوبراویان مۆر کردوە، بەڵام بەکردەوە لە جیاتی مەبەستی ئاشتیخوازانە، هەوڵـی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدەن، لەو فاکتەرانەن. لەم ساڵانەی دوایی‌دا، دەوڵەتانی یاخی لە رێوشوێن‌و پەسندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و تاقمە تیرۆریستەکانیش بە توندی خەریکی دەستڕاگەیشتن بەو چەکە پڕمەترسیانەن. رووداوی ١١ی سێپتامبرو چەند هەوڵێکی دیکەی رێکخراوی "ئەلقاعیدە" بۆ کەڵکوەرگرتن لە چەکە کۆمەڵکوژەکان، نیشانی دا هێزی ئەوتۆ هەن کە بەپێچەوانەی دەسەڵاتە ناسراوەکانی خاوەن چەکی ئەتۆمی, راست لەبەر ئاگاداری لە تواناو رادەی وێرانکەربوونی ئەم جۆرە چەکانە، ئامادەن دژی نەیارانی خۆیان بەکاریان بێنن.

بە سەرنجدان بەمجۆرە مەترسییانەیە کە دەتوانین گرنگیی رۆڵـی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی‌و بایەخی هەوڵو تێکۆشانی تێکۆشەرانی دژی چەکی ناوکی تێبگەین. ئامانجی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، بە وتەی محەممەد ئەلبەرادعی، "دڵنیابوون لەوەیە کە جیهانێکی بێچەکی ئەتۆمیمان هەبێ، جیهانێك کە تیرۆریستەکان دەستیان بە چەکی ئەتۆمی رانەگا".(٥) جیهانی ئێمە پێویستی بە سیستەمێکی ئەمنییەتیی ئەوتۆ هەیە کە رێگە نەدا زانست‌و پێشکەوتنە زانستی‌یەکان بۆ بەرەوژووربردنی ئاستی کوشتن‌و وێرانی کەڵکیان لـێوەربگیرێ. ئەم هەنگاوەی کومیتەی نۆبێلی ئاشتی‌و رێزنانی لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، لە خزمەت ئەم پێویستی‌یە دایە. بۆیە ئێمەش لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاژانسی ناوبراودا: "ئاواتەخوازین ئەم خەڵاتە یارمەتیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بدا تا سیستەمێکی ئەمنییەتیی نەك دامەزراو لەسەر هۆکارە بەرگیڕەوەکان، بەڵکوو وەڵامدەری پێویستی‌یە ئەمنییەتی‌یەکانی هەموو خەڵك، بێنێتە کایەوە".(٦)

**جیهانی ئێمە پێویستی بە سیستەمێکی ئەمنییەتیی ئەوتۆ هەیە کە رێگە نەدا زانست‌و پێشکەوتنە زانستی‌یەکان بۆ بەرەوژووربردنی ئاستی کوشتن‌و وێرانی کەڵکیان لـێوەربگیرێ. ئەم هەنگاوەی کومیتەی نۆبێلی ئاشتی‌و رێزنانی لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، لە خزمەت ئەم پێویستی‌یە دایە**

٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لە سەرەتای سەدەی ١٦ی زایینی‌دا، "فرانسوا رابلە"، قسەیەکی جوانی کردوە: "زانست، بەبێ ویژدان دەبێتە هۆی هیلاکیی رۆح".(٧) ئێستا کە دەوڵەتانی فراوانخوازو دەستەو تاقمی بێویژدان‌و بێگانە لەگەڵ رۆحی سەردەم‌و، نەگونجاو لەگەڵ دێموکراسی، مافی مرۆڤـو وێکهەڵکردن، لەزانست‌و تیکنیك‌و پێشکەوتنەکانیان بۆ بە بارمتەگرتنی جیهان‌و سەپاندنی ویستەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی‌دا کەڵك وەردەگرن، پێشوازی لەم هەنگاوەی کومیتەی نۆبێلی ئاشتی دەکەین‌و بۆ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی‌و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەرکەوتن لە بنیاتنانی جیهانێکی بێچەکی ئەتۆمی‌دا بەئاوات دەخوازین.

سەرچاوەکان:

١) BBC.Persian.com، هەینی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٥

٢) هەمان سەرچاوە

٣) "کامران امین آوه"، روزنامەی "شرق"، بارینی بارانی مەرگ (بە بۆنەی هەڤدەهەمین ساڵـی رووداوی دامەزراوی ناوکیی چێرنۆبیل)، سێشەممە، ١٨ی بانەمەڕی ١٣٨٣

٤) گۆڤاری مانگانەی "پیام یونسکو"، بەفرانباری ١٣٦٨، ژمارە ٢١٦، وتاری "کایەی ناوکی"، جان سی . پولاینی

٥و٦ـ BBC.Persian.com، هەینی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٥

٧ـ گۆڤاری مانگانەی "پیام یونسکو"، بەفرانباری ١٣٦٨، ژمارە ٢١٦، وتاری "روانگەیەکی ئەخلاقیی نوێ"، فدریکۆ مایۆر زاراگوزا

❋❋❋

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 423 22 Oct 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom

# "چەپکێک گوڵاڵە سوورە"




لەم دواییانەدا، لە تویێ ٣٢٢ لاپەڕەدا، کتێبێك لە ژێر ناوی "چەپکێك گوڵاڵە سوورە" چاپو بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە کە لە نووسینو ئامادەکردنی هاوڕێ برایم چووکەڵی، پێشمەرگەی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، کورتەی ژیاننامەی پۆلێك لە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی بۆکانی گرتۆتە خۆ.

کتێبی "چەپکێك گوڵاڵە سوورە" جگە لە پێشەکییەك بە قەڵەمی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ژیاننامەی زیاتر لە ١٣٠ شەهیدی ناوچەی بۆکان، لیستێك سەرنج ڕادەکێشێ کە کۆمەڵێك زانیاریی لەبارەی ٢٥٧ شەهیدی ئەو ناوچەیە تێدایە. بە بۆنەی دەرچوونی ئەم کتێبەوە، پیرۆزبایی لە نووسەرو ئامادەکار دەکەین.

# ژمارە ٢٢ی گۆڤاری "لاوان" چاپ و بڵاو کرایەوە




بە ئاگاداری خوێنەران و ئۆگرانی گۆڤاری لاوان دەگەیەنین کە ژمارەی نوێی ئەم گۆڤارە (واتە ژمارە ٢٢ ) لە ٨٢ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم ژمارەیەی گۆڤاری لاوان ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتوە: گۆڤاری لاوان و ٦ ساڵ خەبات سەروتاری ژمارە ٢٢ی گۆڤاری لاوانە، دواتر دۆسیەی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوان لە ١٨ لاپەڕەدا بڵاو کراوەتەوە. لە بەشی سیاسی دا ئەم بابەتانە دەبینن: کۆنگرە هەنگاوێك بەرەو ڕۆحی دێموکراسی، ڕوانینی دکتۆر شەرەفکەندی لە تویێژی لاوان، تورکیە هەنگاوی نوێ بۆ کورد، سەرخستنی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد و ئاسۆی نۆیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێران دا، ئایا هەموو ئێرانییەکان فارس و هەموویان یەکسانن؟

بەشی ڕووناکبیری ژمارە ٢٢ ئەم وتارانەی لە خۆگرتوە: "خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ پێشمەرگە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەڕان بەدوای خۆدێکی ڕەسەن دا، کوردی گۆران یا فارسی کرماشانی؟ ئایا مۆدێرنیتە پرۆسەیەکی ڕۆژئاواییە؟

بەشی کۆمەڵایەتی لەو بابەتانە پێك هاتوە: پەروەردە لە ئێران دا، دووهەمین فیستیڤاڵی منداڵانی کوردستان و هەڵوێستەیەك، کۆچی دوایی بەهرەمەندی کورد

لە بەشی مێژوویی دا بابەتێك دەبیندرێ لە ژێر ناوی کورتەیەك لە مێژووی دەوڵەتی دۆستەکی. بەشی ئەدەبی ئەم بابەت و شێعرانەی لە خۆگرتوە: سێ لایەنی ڕەخنەی ئەدەبی، دوو کورتە چیرۆك و چەند پارچە شێعر.

هەروەها لە بەشی وتووێژدا هێمن نەقشبەندی سەرنووسەری ڕۆژنامەی جەماوەر میوانی گۆڤاری لاوانە.

بەشەکانی دیکەی ژمارە ٢٢ی گۆڤار بریتین لە: کارو تێکۆشان، هەمەڕنگ، فارسی، لاتینی.

# وڵاتی خۆر لە ڕەبەت هەڵات

*هەواڵنێری میراتی فەرهەنگی*

نوێترین توێژینەوەکان لە گردی ڕەبەتی سەردەشت، بۆتە هۆی دۆزینەوەی ئاسەوارگەلێ لە شارستانیەتی ئورارتووەکان. ئەم دۆزینەوەیە ئەگەری هەبوونی ناوەندی دەوڵەتی موساسیر (وڵاتی خۆر)ی لە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەردا بەهێز کردوە. دەوڵەتی موساسیرەکان هاوکات لەگەڵ ئورارتووە ئاشورییەکان دا بووە. ئەم حکوومەتە لە لایەن ئاشورییەکانەوە بە ئاردینی یا وڵاتی خۆر ناودەبرا. موساسیرەکان بە پێی بارودۆخی سیاسیی ناوچە، هێندێ جار لەگەڵ ئاشورییەکانو هێندێ جاریش لەگەڵ ئورارتووەکان دا دەبوون بە هاوپەیمان.

توێژینەوەکانی شاندی ئاسەوارناسی لە گردی ژماە ٢ی ڕەبەتی سەردەشت دا کە بە بەرپرسیارەتیی بەهمەن کارگەر، ئاسەوارناسو ئەندامی هەیئەتی عیلمیی زانکۆ لە سەرەتای مانگی خەرمانانی ٨٤ەوە بە تەرخان کردنی ئیعتیباری تایبەتی دەستی پێ کردوە بۆتە هۆی دۆزینەوەی ئاسەوارگەلێکی وەك خەتی بزماریی نەققاشی کراوی ئورارتوویی لەسەر خشت، حشتی لیعابدارو ڕەنگی کە بابەتەکانی هەندەسی، گیایی، ئوستوورەیی لە خۆ گرتوەو لەگەڵ هێندێ لە سواڵەتەکانی زێویەی سەقز، کێوی زیندانی تیکابو قەڵایچیی بۆکان لێك دەچنو هەروەها بیرۆڕای هەبوونی ناوەندی موساسیرەکانی لەم شارە دا بەهێز کردوە. دۆزینەوەی ڕووبەرێکی داپۆشراو بە بەردی گەورەی چۆم بە شێوەی چەندین دایرەی یەك ناوەندە، بەرچاوترین دەسکەوتی مێعماری لەم ناوچەدا بە هۆی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانەوە بووە، بە جۆرێ کە ئەم شێوە مێعمارییە تا ئێستا لە هیچ کام لە ناوچەکانی هاوچەشنو باکووری خۆرئاوای ئێران دا نەدیتراوە. ڕووبەرو پانتایی گردو دەوروبەرەکەی ٢٥ هیکتارەو بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لەدەست دایە گەورەترین مەعبەدی خودای هالدی (خالدی) لە دەوڵەتی ئاردینی (موساسیر) دایە. جێی سەرنجە کە لە ڕۆژەکانی یەکەمی گەڕان دا لە قووڵایی ٣٠ سانتیمتری تا ٢ میتری، لێکۆڵەران ئاسەروارگەلو دۆزینەوە گەلێکی نوێیان دەست کەوتوە کە تەنانەت خۆشیان نەیاندەتوانی وێنای بکەن.

**kurdistanmedia**

# هارۆڵد پینتێر، وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلی ٢٠٠٥



ئاکادیمیی سوئێدیی نۆبێل، هارۆڵد پینتێر، شانۆنامەنووسی هەڵکەوتووی ئینگلیسیی وەك وەرگری ئەمساڵی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل ناساند.

هارۆڵد پینتێر ناوبانگێکی جیهانی هەیە. نزیکەی پەنجا ساڵە وەك ئەکتەر، دەرهێنەرو شانۆنامەنووس لە تیئاتری بریتانیادا کار دەکا. پینتێر، شانۆنامەنووسێکە کە شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، دەربڕینی چڕو دڵگیر، تێکەڵاو لەگەڵ وەستان (مکث)و بێدەنگیی قووڵو کاریگەر لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی ناوبراوە. بەرهەمەکانی بەتایبەتی لەسەر شانۆ گیانیان بەبەردا دەکرێ. ژینگەی هێمنو ئاشنای دنیای ئیمڕۆ لە بێدەنگییەکی ڕەمزاویدا، لەبەریەك هەڵ دەوەشێو نیگەرانییەکی نەناسراو دیمەنەکە دادەگرێ.

پینتێر وەك دژکردەوە نیشاندان بەرامبەر هەواڵی دەرچوونی ناوی وەك وەرگری خەڵاتی نۆبێل، گوتی: "من نزیکەی پەنجا ساڵە شانۆنامە دەنووسم، هەر لەو کاتەدا لە باری سیاسییشەوە خۆم بە دەروەست دەزانم. جا نازانم ئەمەشیان ڕۆڵی هەبووە لە وەرگرتنی خەڵاتەکەدا یان نا؟".

هارۆڵد پینتێر لە نووسینی فیلمنامەش دا چالاك بووە. دوو سیناریۆی ناوبراو بە ناوەکانی "پێشخزمەت" و "ڕێکەوت" (تصادف) کە لە ساڵانی ١٩٦٠ بۆ "جۆزێف لوزی"، دەرهێنەری ئەمریکایی دانیشتووی ئینگلستان نووسی، ناوبانگێکی زۆریان هەیە. هێندێك لە شانۆنامەکانی پینتێر بۆ وێنە "جێژنی لەدایکبوون"، "میوانی"، "کلکسیۆن" و "داوێن پیس" کراون بە فارسی. وا دێتە بەرچاو کە دانی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل بە نووسەرە گەورەکانی شانۆنامە، بووە بە نەریتێکی تازەی ئاکادیمیی نۆبێل لە ساڵانی رابردوودا، "داریو فوو"ی ئیتالیاییو ئالفرێد ییلینکی ئوتریشی ئەم خەڵاتەیان پێدرا.

هارۆڵد پینتێر زۆر داستانو وتاری نووسیون، بەڵام ناوبانگی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ شانۆنامەکانی.پینتێر لە تەمەنی ٧٥ ساڵی دایەو لە لەندەن دەژی.

**"BBC"**

# ژنانی ئێران، لە ڕاپۆرتی ٢٠٠٥ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا



بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی گەشەو هەڵدانی پێوەر، (شاخص)ە جینسییەتییەکان، ئێران خاوەنی پلەی ٧٨ لە ئاستی جیهان دایە. لەم ڕاپۆرتەدا کە تایبەتە بە ساڵی ٢٠٠٥و لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاوکراوەتەوە، وڵاتانی نۆروێژ، ئوستڕالیا و ئیسلەند، پلەی یەکەم تا سێهەمیان هەیەو، وڵاتانی بورکینافاسۆ، سیرالیئۆنو نایجێر لە خوارترین ڕیزەکانی پەرەگرتنی ڕەگەزی (جنسیتی) دان.

پێوەرەکانی گەشەی ڕەگەزی (جی.ئای.دی) بە هۆی سێ خاڵی سڵامەتی، درێژترین تەمەنو ڕادەی خوێندەواری، هەروەها وەکیەك بوونی هەقدەستی ژنانو پیاوان، دیاری دەکرێ. بە پێی ڕاپۆرتی گۆڕین، نۆروێژ کە لە باری پەرەپێدانی مرۆییەوە پلەی یەکەمی لە جیهان دا هەیە، لە باری پێوەری پەرە سەندنی ڕەگەزییشەوە بەرزترین جێگای لە نێو وڵاتانی دیکەی جیهان دا هەیە. ئەم دوو پێوەرەی پەرەستاندنو گەشە، هاو ئاهەنگو شانبەشانی یەك دەچنە پێش. ڕاپۆرتەکە دەری دەخا کە نێونجی تەمەن لە نۆروێژ ٨١/٩ ساڵەو، ژاپۆن کە لە باری پەرەستاندنی ڕەگەزییەوە پلەی چوارەمی هەیە، بە ٨٥/٤ ساڵ تەمەنەوە خاوەنی بەرزترین نێونجی تەمەنی ژنان لە جیهان دایە. هەقدەستی ژنان لە چاو پیاوان لە نۆروێژ، بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ١/٣ بەرامبەرە.

ڕاپۆرتی ئاماژە پێکراو، نیشاندەری باشتربوونی وەزعی سڵامەتیو لەشساغیو خوێندەواریی ژنان لە ئێران دایە. ئاکامەکانی ئەم ڕاپۆرتە نیشان دەدا کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ٢٠٠٥، ڕادەی دووگیانی لە ٦/٤ ڕا بووە بە ٢/١. بێگومان کەمبوونەوەی ڕادەی دووگیانی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر سڵامەتییو مردنی ژنان. هەر لەو ماوەیەدا ڕادەی خوێندەواریی ژنانی لاو (١٥ تا ٢٤ ساڵە) لە ئێران لە٨٧/٩ گەیشتوە بە سەدی ٩٧. بە گوێرەی ئاکامەکانی یەکەم ڕاپۆرتی پەرەستاندنی مرۆیی ئێران کە ساڵی ١٣٨٣ لە لایەن ڕێکخراوی بەڕێوەبەرێتیو بەرنامەڕێژیی وڵاتەوە بڵاو بۆتەوە ژمارەی کچانی قوتابی کە لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندیو بەرزدا ناویان نووسیوە، لە چاو کوڕان، لە سەدی ٧٢/٢ لە ساڵی ١٣٦٩ ڕا گەیشتۆتە سەدی ٩٣/١ لە ساڵی ١٣٨١دا. لە بارەی هەقدەستەوە لە نێوان ژنانو پیاوان لە ئێران دا، هەروەك ڕابردوو مەودایەکی زۆر هەیە. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، هەقدەستی پیاوان زیاتر لە ٣ بەرامبەری هەقدەستی ژنانە. گرنگترین کێشەی ژنان لە ئێران گیروگرفتی بێکاریو پێویستیی هاوبەشی لە کاری ئابووری دایە. سەرەڕای پێشکەوتنی ژنان لە بڕینی قۆناغە بەرزەکانی خوێندن دا، بازاڕی کاری وڵات وەڵامدەری ئەوان نیەو زۆر لە ژنانی بێکاری وڵات خوێندنی بەرزیان تەواو کردوە.

**ڕۆژنامەی "ایران"**

# لە قووڵایی بیابانەوە بۆ بەرزاییەکانی بارزان

بەرلەماڵاوایی

ع. وریا

**هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە**

**دایکی وەتەن دەهەڵسە سڵاویان بستێنەوە (پیرەمێرد)**

گەڕانەوەی "ڕوفات" (ئێسكو پروسکی) ٥١٢ مێرمنداڵو لاوو پیرەپیاوی شەهیدی بارزانی لە قووڵایی بیابانەکانی سەر سنووری عێراقو عەرەبستانی سەعوودییەوە، بۆ هەولێرو لەوێوەش بۆ ناوچەی بارزانی زێدو مەڵبەندی ژیانی ئەو مرۆڤە بەناهەقکوژراوانە، وەبیرهێنەرەوەی ژانو ئازارە کەم وێنەکانی گەلەکەمان لە تاڵترین ڕۆژە ڕەشەکانی مێژووی خۆی دا بوو.

جارێکی دیکە ئەو کاتانەمان هاتەوە یاد کە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی فاشیستو دژی کوردی بەعس لە ڕەوتی پرۆسەی تواندنەوەی فیزیکیی نەتەوەیەك دا، هەڵیان دەکوتایە سەر شارو ناوچەکانی کوردستانو چی لە مرۆڤی کورد وەبەرچاویان هاتبا، یا هەرکەس مەبەستیان بایە، تێکیانەوە دەپێچانو بەرەو بیابانەکانی نێوەڕاستو خوارووی عێراق دەیانبردن تا لەوێ گوللەباران یا هەر بە زیندوویی زیندەبەچاڵیان بکەن.

ئەو تابووتانەی خەڵکی هەولێرو کوردستانو، لەگەڵ ئەوانیش دا لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە، خەڵکی جیهان لە ڕۆژەکانی ١٦و ١٧ی ئۆکتۆبرو لە تویێ ئاڵای کوردستان دا بینیان، ئێسكو پروسکی ٥١٢ کەس لەو ٨٠٠٠ بارزانییە بوون کە ساڵی ١٩٨٣، تەنیا بەو تاوانە کە بارزانیو کورد بوون، لە باوەشی دایكو خوشكو جگەرگۆشەکانیان جیاکرانەوەو، ڕەوانەی دۆزەخی مەرگ کران.

ئەوەی بەسەر ئەو ٥١٢ کەسە هات، گۆشەیەك لە کارەساتێکی گەورە بوو کە بەسەر ٨٠٠٠ مێرمنداڵو لاوو پیاوی بارزانی هات. ئەوەی بەسەر ئەو ٨٠٠٠ کەسەش هات، تەنیا یەکێکە لەو کارساتانەی لە ڕەوتی خەباتو لە ڕێگای تێکۆشان لە پێناوی ئازادیو سەربەرزیی کورددا بەسەر بارزانییەکان هات. بەڵام مێژووی خوێناویو پڕ لە قوربانیدانی بارزانییەکانیش نەك هەموو مێژووی کورد، بەڵکوو ئاوێنەیەکە کە تەنیا دەتوانین بەشێکی کەم لە مێژووی خوێناوی گەلێکی چەندین میلیونی تێدا ببینین. چونکە ئەوەی لە درێژایی سەدەی ڕابردوودا بەسەر خەڵکی مەڵبەندی قارەمانپەروەرو لە ستەم ڕاپەڕیوی دەڤەری بارزان هاتوە، هەر لە بۆمبارانو دەربەدەریو زیندانو ئەشکەنجەو ئێعدامەوە، تا کوشتاری بەکۆمەڵ، لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا بەسەر هەموو نەتەوەی کورد هاتوە. بەڵام هەڵبژاردنی بارزانییەکان لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی ئەنفال لەوانەوە دەست پێبکاو نێرەوەزیان لێبڕێ، بە ڕێکەوت نەبوو. دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی بەعس جگە لەوەی هەر لە ماوەی دەسەڵاتدارەتییە پڕ تاوانو شوورەییەکەی خۆیان دا بەرەنگاریی قارەمانانەی گەلی کوردیان لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی زایینیدا بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی دیتبوو، ئاگایان لەو ڕاستییەش هەبوو کە بارزانو بارزانییەکان لە نێو نەتەوەکەیان دا ڕەمزی بەرخۆدانو سەردانەنواندن بۆ دوژمنانی کوردو تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەیان دان.

ئەگەر ڕاپێچرانی هەزارانو دەیان هەزار کەسیی ڕۆڵە بێتاوانەکانی ئەم کوردستانە بەرەو بیابانەکانی عێراقو، مەرگی بە کۆمەڵو دڵتەزێنیان دوور لە چاوی جیهانییەکانو لە نێو بێدەنگییەکی سامناك دا، نیشانەی ئەوپەڕی مەزڵوومییەتو بێ ئەنوایی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بوو، دۆزرانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیانو، گەڕانەوەی ئێسكو پروسکیان بۆ نیشتمانی هەزاران ساڵەیان لە نێو ڕێورەسمێکی شکۆدارو لە ژێر تیشکی هەتاوی ئازادیدا، نیشانەی ڕاستییەکی دیکەو، هەڵگری پەیامێکی زۆر ڕوونو پیرۆزە. ئەم ڕاستییە، ئەو گۆڕانە گەورەیەیە کە لە بەرژەوەندی کوردو گەلانی ژێردەست بەسەر عێراقو ناوچەکەدا هاتوە. شوێنەوارو پاشماوەی بارزانییە ئەنفال کراوەکان ڕۆژێك دوای ڕاپرسیی سەرانسەریی عێراق بۆ ڕەشنووسی دەستووری نوێی ئەو وڵاتەو دوو ڕۆژ بەر لە دادگایی کردنی سەددامو دەسەڵاتبەدەستە سەرەکییەکانی ڕێژیمی بەعس، دەگەڕێنرێتەوە بۆ باوەشی نیشتمان. ئەم سەدان شەهیدەی کوردستان، بە دوای نەمانی ڕێژیمی بەعسو لە کاتێك دا بە وڵاتەکەی خۆیان شاد دەبنەوە کە ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی هاوزمانو هاونەتەوەیان سەرکۆماری وڵاتی عێراقە، ڕۆڵەیەك هەر لە هۆزی بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو، گەلی کورد لە عێراق جگە لەوەی حوکمی کاروباری نیشتمانەکەی خۆی بەدەستە، لە بەڕێوەبردنی هەموو عێراقیش دا، شەریکێکی چالاكو گرنگی دەسەڵاتە. پەیامی ئەم گەڕانەوەیە لە قووڵایی بیابانەکانەوە بۆ بەرزایی بارزان ئەوەیە نە ژێردەستیو بێئەنوایی نەتەوەیەك هەمیشەییەو، نە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانو زۆرداران شتێکی هەتاسەر. ئەوەی سەرنجام سەردەکەوێ خوازیارانی هەقو ئازادیو دادپەروەرینو ئەوانەش کە دوژمنی ڕزگاریو بەختیاریی گەلانو ئازادیی مرۆڤەکانن، دەبن بە پەندی ڕۆژگار.

# مرواریی دەریای وشە

**ـ من هیچ ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن ناناسم، بەڵام ڕێگایەك پێدەزانم کە دڵنیام ئەنجامەکەی تێك شکانە، ئەویش بریتییە لە گوێڕایەڵیی بێ ئەملاو ئەولا.**

**(ئەفلاتون)**

**ـ لە سێبەری زانستو تێکنۆلۆژیدا، مرۆڤایەتی لە خراپەو چەپەڵیدا یەکی گرتوە، بەڵام لە چاکیو پاکیدا نا. مرۆڤەکان فێری چۆنیەتیی یەکتر لەنێو بردن بوون، بەڵام هونەری دڵگری یارمەتیی جیهانیی یەکتر، فێر نەبوون.**

**(بێرتراند راسێل)**

**ـ زانست ئەگەر ویژدانی لەگەڵدا نەبێ، دەبێتە هۆی هیلاکیی ڕوح. (فرانسوا رابلە)**

**ـ ئێمە هەمووومان نەزانین، بەڵام جیاوازیمان لەگەڵ یەکتر لەوە دایە کە لەوانەیە هەر کەسەی لە شتێك دا پتر لەوی دیکە بزانێ. (ئەنیشتاین)**

## چیرۆکی ئەمجارە

## جێ پێ

خەونی دیتبوو. لە لێواری دەریا خەریکی پیاسە کردن لەگەڵ خودا بوو. بەرامبەری، لە پانایی ئاسمان دا هێندێك دیمەنی ژیانی پێشان دەدرا. بۆی دەرکەوت کە لە هەر دیمەنێك دا، شوێنی ڕۆچوونی دوو پێ بە ڕەڵمەکانەوە دیارە. یەکیان جێ پێی ئەوو، ئەوی دی، جێپێی خودا. کاتێك دوا دیمەنی ژیانی پێشان درا، بۆی دەرکەوت کە زۆرجاران لە ڕێبازی ژیانی ویدا تەنیا یەك جێپێ هەبوو. هەروەها بۆی دەرکەوت کە ئەو کاتانە، دژوارترینو پڕ ئازارترین ساتەکانی ژیانی بوون.

ئەمە بەراستی ئەوی ڕەنجاند. لەم بارەوە پرسیاری لە خوا کرد: "خودایا تۆ گوتت ئەگەر بڕیار بدەم کە لەگەڵ تۆدا بم، هەمیشە هاوڕێم دەبی. بەڵام من بۆم دەرکەوت کە لە خراپترین هەلومەرجی ژیانم دا تەنیا جێپێیەك دیارە. تێناگەم بۆچی لەو کاتانەدا کە پێویستیی زۆرم پێت بوو، بە تەنیات هێشتمەوە."

خواوڵامی دایەوە: "ڕۆڵەی خۆشەویستو بەنرخی من، خۆشم دەوێیو هیچکات بە تەنیات ناهێڵمەوە. ئەو کاتانەی تۆ لە تاقیکرانەوەو کوێرەوەریدا بووی، ئەوکاتانەی کە تۆ تەنیا جێپێیەك دەبینی، من تۆم لە کۆڵم کردبوو."

**وەرگێڕان لە فارسییەوە ب. هیوا**

**مەسروو بەیات لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە فارسی**

**سەرچاوە: گۆڤاری "موفقیت" ژمارە ٤٨**